ڕۆژنامە

کۆمپانیای وشە هەفتانە دەریدەکات

ژمارە (٦٠٢) سێشەممە ٢٠١٠/١٠/٥ www.sbeiy.com نرخ ٧٥٠ دینار

ل...١١-١٤

دۆسیەیەک لەبارەی پەرلەمانەوە

مانگانە (٥٩٢) ملیۆن دینار لە حکومەت وەردەگرێت

گۆڕان دەرگا بۆ چاودێریی دارایی والا دەکات

ڕۆژنامە

بزووتنەوەی گۆڕان بەڕەسمیی ئەو بودجەیە ئاشکرادەکات کە مانگانە وەک «سلفە» لەحکومەت وەریدەگرێت، هاوکات ئامادەیی نیشانداوە چاودێریی دارایی وردبینیی لە چۆنێتی خەرجیی ئەو بودجەیەدا بکات.

لێپرسراوی ژووری دارایی بزووتنەوەی گۆڕان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەمانگی حوزەیرانی ڕابردووەوە، بزووتنەوەکە، وەکو قەرز «سلفە» بڕێک پارە لە حکومەت وەردەگرێت تا دەرچوونی یاسای بودجەی حیزبەکان، وتیشی: «پارەکە نیو ملیۆن دۆلارەو بەپێی نرخی ڕۆژ پارەکە بە دیناری عێراقی دەشکێنرێتەوە، بۆنموونە مانگی ئەیلول (٥٩٢)ملیۆنو پێنجسەد هەزار دینارمان وەرگرتووە».

لێپرسراوی ژووری دارایی بزووتنەوەی گۆڕان، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد، کە ئەو بودجەیەی دەیاندرێتێ لەئاستی قەبارەی بزووتنەوەکەدا نییەو بەهەر پێوانەیەک دیاریی بکرێت، کەمەو ناعەدالەتیی تێدایە، «بەوپێیەی یەکێتیو پارتی کە یەکی چوارکورسیو نیویان لە گۆڕان زیاترە، بودجەکەیان زیاترە لە (٥) ملیۆن دۆلارو حیزبەکانی تریش چوارقات قەبارەیان لەناو پەرلەمان لە گۆڕان کەمترە، بەڵام نزیکەی ئەو بودجەیەی ئێمە وەردەگرن».

ئەو لێپرسراوەی گۆڕان باسی لەوەشکرد: «بەپێی یاسای حیزبەکان، حکومەتو چاودێریی دارایی مافی ئەوەیان هەیە وردبینیی لە چۆنێتی خەرجیی ئەو بودجەیەدا بکەن کە دەدرێت بەحیزبەکانو ئێمە دەمانەوێت تەواوی ئەو یاسایە جێبەجێبکرێتو دەرگامان والایە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لەوبارەیەوە، وردبینیی بکەن».

فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات

(٥٥) ملیۆن دۆلاری دیکە بۆ پرۆژەیەکی تەواونەکراو تەرخان دەکرێت

ڕۆژنامە

بڕی (٥٥) ملیۆن دۆلاری دیکە بۆ پرۆژەی کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی تەرخان دەکرێت تا دەست بەکارەکانی بکاتەوە، ئەندازیارێکی کۆمپانیای جێبەجێکاری پرۆژەکەش، زیادکردنی ئەو بودجەیە دەبەستێتەوە بە زیادبوونی نرخی کەلوپەلەکانەوە.

پرۆژەی کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی کە لەلایەن کۆمپانیای (TEPE)ی تورکییەوە کاری جێبەجێکردنی بۆ کراوە، لە ٢٠٠٥/٢/١٩ دەستکراوە بە کارکردن تێیداو (٣٠٥)ملیۆنو (٣٠٥)هەزارو (٩٤٦) دۆلاری بۆ تەرخانکراوەو لە ٢٠٠٨/١٢/٣١ پرۆژەکە ڕاگیراو لە ٢٠١٠/٢/٢٠ تێیدا دەست بە کارکردن دەکرێتەوە بۆ جاری دووەم، پرۆژەکە لەلایەن (TEPE) بەهاوکاریی کۆمپانیای (FDC) لەژێر ناوی (FDC-TEPE) دەست بە کارکردن دەکاتەوەو زیاتر لە (٥٥) ملیۆن دۆلاری دیکەی بۆ تەرخانکراوەتەوە.

ئەم پرۆژەیە زیاتر لە (٧٧١)دۆنم زەوییە، کە ڕووبەرەکەی دەکاتە (١,٩٢٨,٧٦٢)مەتردووجاو سەرجەم کۆلێژەکانی زانکۆی سلێمانی لەخۆگرتووە، جگە لە کۆلێژی پزیشکیو ڤێتێرنەریی‌و کشتوکاڵ، کە لە (٥١) بینا پێکهاتووەو ڕووبەری هەر بینایەک لەم پرۆژەیەدا دەکاتە (٣٢٥,١٦٥)مەتردووجاو درێژیی سیاجی پرۆژەکەش (٥٥٣٠)مەتر دووجایەو وا بڕیارە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢دا ئەم پرۆژەیە تەواوبێت.

وردەکاریی زیاتر لە ل١٧ دایە.

پەرلەمانیش لەسەر شکاتەکانی پارتی هاتە دەنگ

ل...٢

وتەبێژی (م.س)ی یەکێتی:

هێشتا بڕیارمان نەداوە، لەگەڵ پارتی بچینە هەڵبژاردنەوە

ڕۆژنامە

وتەبێژی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئاشکرایکرد، حیزبەکەی جارێ هیچ بڕیارێکی نییە بۆ پێکەوە بەشداربوونیان لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان لەگەڵ پارتیدا.

ئازاد جوندیانی، وتەبێژو ئەندامی ئیحتیاتی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی وتی: «لەگەڵ پارتیدا بڕوامان بەوە هەیە کە دەبێت کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەلبژاردنەکانی کوردستان دروستبێت، ئینجا هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدرێتو لە مانگی (١٠) یان (١١)دا، سەرۆکی هەرێم ڕۆژی هەلبژاردنەکە دیاریدەکات».

سەبارەت بە پێکهێنانی لیستی هاوبەش لەگەڵ پارتی بۆ هەڵبژاردنی پارێزگاکان، جوندیانی وتی: «جارێ هیچ بڕیارێکمان لەوبارەیەوە نییەو کە کاتی هات دیراسەی دەکەین». هەروەها وتیشی: «ئاساییە بەجیا دابەزین، تاقیکردنەوەی ڕابردووشمان لە هەلبژاردنی پارێزگاکانی ٢٠٠٥دا هەیە».

دەبێت کورد لە پێناو (١٤٠)دا دەست لە هەندێک داواکاریی هەڵبگرێت

ل...٨

تا هێزی بەرەنگاریی ڕۆژنامەنووسان هەبێت، دەسەڵات ناتوانێت ئازادی ڕادەربڕین کۆت‌وبەند بکات

ل...٤



حکومەت بودجەی بۆ (تەملیک)ـی زەوی کشتوکاڵیی تەرخان نەکردووە

ل...١٥

بە ناوی مووچەی فەرمانبەرانەوە

(٣٨٢) ملیۆن دۆلار بە زیادەڕەویی خەرجدەکرێت

ڕۆژنامە

جگە لەو پارەیەی کە ساڵی ڕابردوو حکومەت بۆ مووچەی فەرمانبەرانو خانەنشینانو کادیری حیزبیی تەرخانیکردبوو، (٣٨٢) ملیۆن دۆلاری دیکەش بە زیادەڕەویی بەناوی مووچەی فەرمانبەرانەوە خەرج دەکات.

ڕۆژنامەنووس عەلی حەمە ساڵح، لە وتارێکیدا کە تایبەتە بە شرۆڤەی بودجە، لەم ژمارەیەی ڕۆژنامەدا ئەوە دەخاتەڕوو: کە «حکومەت جگە لە خەرجکردنی پارەی تەرخانکراو بۆ مووچە (مووچەی فەرمانبەرانی حکومەتو خانەنشینو کادیرە حیزبییەکانیش، کە بە (٣) ترلیۆنو (٤١٩) ملیار دینار خەملێنرابوو، (٤٦٧) ملیار دیناری دیکە، کە دەکاتە (٣٨٢) ملیۆن دۆلار بە شێوەی زیادەڕەویی خەرجکردووە».

هەرچەندە چەند سەرچاوەیەکی ئاگاداری حکومەت ئاماژە بەوە دەدەن؛ کە ئەو پارەیەی بە زیادەڕەویی لە مووچەدا خەرجکراوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە بووە، بەڵام ئەو ڕۆژنامەنووسە وەڵامی ئەمە دەداتەوەو دەڵێت: «ئەگەر بڵێن ئەم پارەیە بە وەزارەتی پێشمەرگە دراوە، ڕاست نییە، چونکە ئەوەی بە وەزارەتی پێشمەرگە دراوە (٩٧١) ملیارو (٦٦٦) ملیۆن دینارەو لە خانەیەکدا ئەژمارکراوە، نەک لە دەرەوەی مووچەیە، بەڵکو لە دەرەوەی بودجەی بەکاربردنیشە».

بە لێکدانەوەی ئەو ڕۆژنامەنووسە ئەو (٣٨٢) ملیۆن دۆلارەی کە بەشێوەی زیادەڕەویی خەرجکراوە لە مووچەدا، (٢٨٥) قوتابخانەی (١٨) پۆلیی هاوچەرخ دروستدەکرێت.

زانیاری زیاتر لەبارەی مووچەوە لە لاپەڕە (١٥) بخوێنەوە.

«ئەگەر سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم بە دەنگی (٣/٢) دانەنرێت، تەعبیر لە ئیرادەی خەڵک ناکات»

پشتیوان سەعدوڵڵا

فراکسیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان ناکۆکن لەسەر شێوازی متمانەبەخشین بە سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانو پەرلەمانتارێکیش ئـەوە دەخـاتـەڕوو، یەکێتیو پارتی دەیانەوێت دەستەکەو سەرۆکەکەی بە ویستی خۆیان بێت.

دوێـنـێ دووشـەمـمـە، پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەسەر پرۆژەیاسای دەستەی باڵای کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان کـردو لەسەر پێشنیازی ژمـارەیـەک لە ئەندامانی پەرلەمان، گفتوگۆکردن لەسەر مـادەی (٤)ی پرۆژەیاساکە، کە تایبەتە بە پێکهاتەو هەیکەلی دەستەکە، بۆ سبەی، چوارشەممە دواخرا.

عـەدنـان عـوسـمـان، سـەرۆکـی فراکسیۆنی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: بۆ ئـەوەی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم دەستەیەکی نیشتمانیی بێت، پێویستە بە دەنگی (٣/٢) سەرۆکی دەستەکە دەستنیشان بکرێتو ئەو شێوازەش گرەنتییە بۆ ئەوەی هەموو کەسێک دادەنرێت، ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت، ئەو دەستەیە تەعبیر لە ئیرادەی پەرلەمانتاران و خەڵکی کوردستان ناکات، «مافی خۆمانە گومان لە پێکهاتەکەی و ئەرکەکەی بکەین، چونکە ئەم دەستەیە پەیوەستە بە چارەنـووس و نەخشەی سیاسیی کوردستانەوەو هەموو پرۆسە سیاسییەکان یەکلایی دەکاتەوە، بۆیە پێویستە پێکهاتەکانی پەرلەمان و پێکهاتە سیاسییەکان لەسەر بێلایەنبوونی دەستەکە رەزامەندییان هەبێتو جۆرێک لە رێکەوتن هەبێت».

وتیشی: «پێشتر هەندێک لایـەنو پەرلەمانتار بەڵێنی ئەوەیان دابوو کە ئەوان لەگەڵ ئێمەدا دەبن و سوور دەبن لەسەر شێوازی (٣/٢)، بەڵام لە دانیشتنەکەی دوێنێدا بۆمان دەرکـەوت کە هەندێک پەرلەمانتار لەژێر فشاری لایەنی تردا پاشگەزبوونەتەوەو لە ئێستاشدا یەکێتیو پارتی دەیانەوێت دەستەیەک دروستبکەن بۆ خۆیان بێتو هەر کەسێکیان ویست دایبنێن».

هاوکات، نەریمان عەبدوڵڵا، ئەندامی لیژنەی ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردستان ئاشکرایکرد، لە لیژنەکەیان جگە لە ئەندامانی پارتی، هەموومان پشتگیریی ئەوەمان کردووە کە بە دەنگی (٣/٢)ی ئەندامانی پەرلەمان متمانە بە سەرۆکی دەستەکە ببەخشرێت، بەڵام تەنیا پارتی دەیەوێت بە دەنگی (٥٠+١) بێت، هەرچەند پەرلەمانتارانی یەکێتی لەگەڵ ئێمەدا بوون، بەڵام پارتی فشارێکی زۆری خستووەتە سەر یەکێتی بۆ پەشیمانبوونەوە، بۆیە میکانیزمی متمانەبەخشین بە سەرۆکی دەستەکە لەمپەری بـۆ دەرچـوونـی یاساکە دروستکردووەو ئەگەر پارتی تەنازول لەسەر داخوازییەکەی نەکات، پرۆژەیاساکە دەنگی زۆرینە بەدەست ناهێنێت.

بـە بـڕوای نـەریـمـان عـەبـدوڵـڵا؛ «پارتی مەبەستی لەسەر ئەو میکانیزمە قۆرخکردنی دەستەکەیەو دەیەوێت بەحیزبیی بکات، پێشنیازەکەی ئێمەش وەکو زەمانەتێک وایە بۆ ئەوەی دەستەکە نەحیزبێنرێتو لەلایەن دەسەڵاتەوە قۆرخ نەکرێت».

هـەروەک، شۆڕش مەجید، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ئەوەی نـەشـاردەوە، لەسەر چۆنێتی متمانە بەخشین بە سـەرۆکـی دەستە لەناو لیژنەکاندا، رای جیاواز هەیەو هەموو فراکسیۆنەکان لەگەڵ ئـەوەدان کە بە زۆرینەی دەنگ دابنرێتو هەموو لایەکیش لەسەر ئەوە کۆکن، کە دەبێت ئەو دەستەیە رەنـگـدانـەوەی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان بێتو ئیتفاقیی لەسەر بکرێت، لە لیژنەی ناوخۆ زۆربـەمـان لەگەڵ ئەوەداین دەنگدان بە رێژەی (٣/٢) بێت.

فشارەکان، چالاکییەکان بۆ ئازادیی فراوانتر دەکەن

پارکی نالی لە سلێمانی

فۆتۆ: سەباح عەلی قارەمان

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

رۆژنامەنووسان بەردەوامن لە چالاکییەکانیان بۆ دەستەبەرکردنی ئازادیی رادەربڕینو هاوڕا لەگەڵتەواندا چەند فراکسیۆنێکی پەرلەمانیش داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی شەفافو بێلایەن دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسی سەردەشت عوسمان

داوای لیژنەیەکی نوێ دەکرێت

رۆژی شەممەی رابردوو کەمپەینی «بێدەنگ نابین» لە پارکی نالی شاری سلێمانی دەستی بە چالاکییەکانی کردەوەو ئەندامانی کەمپەینەکە ئەوەیان دووپـاتـکـردەوە، کە «تائێستا لایەنە پەیوەندیدارەکانو لیژنەی لێکۆڵینەوە ئەنجامێکی بڕواپێهێنەریان سەبارەت بە رووداوی تیرۆری شەهید سەردەشت بۆ خەڵک ئاشکرانەکردووە».

لە وتەیەکدا ئاسۆس هەردی بەناوی کەمپەینەکەوە رایگەیاند: «وەک بنەماڵەی شەهید رایانگەیاند روونکردنەوەی ئەو لیژنەی لێکۆڵینەوەی کەیسەکە کە کەس نازانێت ئەندامەکانی کێن، نەک وەڵامی پرسیارو گومانەکانی نەداینەوە ئەوەندەی تر پرسیارو گومانی لا دروستکردین، ئێمەو خەڵکی کوردستان چاوەڕوانی ئەوەبووین تاوانباران ئاشکرابکرێنو بە دادگا بگەیەنرێن، کەچی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کـوردسـتـان زنـجـیـرەیـەک سکاڵای لەسەر رۆژنامەکانی ئۆپۆزسیۆنو گۆڤارو رۆژنامە ئازادەکان تۆمارکردو بەردەوامیشە لەسەر تۆمارکردنیان».

هەردی، رەخنەی لە رای «زۆرێک لە قەڵەمبەدەستانی سەر بە دەسەڵات» گرتو پێیوایە؛ بۆچوونەکانیان سەبارەت بەوەی رۆژنامەنووسەکان خۆیان لەسەرروو یاساوە دەبینن «چاوبەستێکە بەسەر هیچ کۆلکە خوێندەوارێکیشدا تێناپەڕێت».

وتیشی: «ئێوە باسی کام یاسا دەکەن؟ مەرجەعی یاسادانان لەم وڵاتەدا کێیە؟ ئایا یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەگەریی ژمـارە ٣٥ی سـاڵـی ٢٠٠٧ تەنیا بۆ جوانیی پەسەندکرا ئەگەر ئەو یاسایە بۆ کوردستان دانراوە، بۆچی بازی بەسەردا دەدەنو بە پێچو پەنای یاسا عێراقیەکاندا دەگەڕێن بۆ ئەوەی کەلێنێک بدۆزنەوەو رۆژنامەنووسانی پێ سزابدەنو بێدەنگیان بکەن، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی بەوە تۆمەتبارمان دەکات کە سوکایەتیمان بە حیزبەکەی کردووەو دەبێت بەپارەی خەیاڵی قەرەبووی بکەینەوە، بەڵام کێ سوکایەتی بەکێ دەکـات ئایا رەخنەو بیروڕای ئازاد سوکایەتی پێکردنە، ئایا حساب نەکردنی ئێوە بۆ یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەگەریی حساب نەکردن نییە بۆ ئەو ئیمزایەی سەرۆکی هەرێم لەسەر یاساکە کردوویەتی».

شـۆڕش ئـەمـیـن، ئـەنـدامـێـکـی دیکەی کەمپەینەکە بۆ رۆژنامە وتی: «سەرهەڵدانەوەی ئەم چالاکییەش لە دوای راگەیەنراوی لیژنەی لێکۆڵینەوەکەی کەیسی «شەهید سـەردەشـت»ە کە پێچەوانەی بیروبۆچوونی هەموو کەسێکی ئـازادایـخـوازە»، دووپاتی کـردەوە، کە بڕوایان بەو لیژنەیە نیە کە لە تاریکیداییەو کەس نازانێت کێن، وتیشی: «ئێمە داوامان کردووە لیژنەیەکی سەربەخۆ پێکبهێنرێت لە کەسانی پسپۆڕو میدیاکاران و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو ئەندامانی مافی مرۆڤی پەرلەمان، وردەکارییەکان بڵاوبکاتەوە لەبارەی لێکۆڵینەوەکانیان».

وەک شۆڕش باسی دەکات، هۆکارێکی دیکەی چالاکییەکانیان بۆ کەمکردنەوەی ئەو فشارە زۆرەیە کە لەسەر رۆژنامە ئەهلیو ئازادەکانە کە «دەیان سکاڵایان لەسەر تۆمارکراوە بە یاساکانی رژێمی بەعسو حساب بۆ ئەو ئیمزایانە ناکەن کە سەرۆکی هەرێم کردوویەتی».

پەرلەمانتاران پشتیوانی ئازادییەکانن

لە چالاکی کەمپەینەکەدا جگە لە ژمارەیەکی بەرچاوی رۆژنامەنووسانو رۆشنبیرانو «کەسانی ئازادیخواز»، بەشێکی پەرلەمانتارانی فراکسیۆنە جیاوازەکان لە پەرلەمانی کوردستانو عیراق ئامادەبوونو پشتگیریی خۆیان بۆ ئازادیی بیروڕاو رۆژنامەگەریی دووپاتکردەوە.

د. رێـبـاز فـەتـاح، جـێـگـری سـەرۆکـی فراکسیۆنی گـۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، پشتگیریی فراکسیۆنەکەیان دووپاتدەکاتەوەو دەڵێت: «بەرتەسککردنەوەی ئازادیی بیروڕا رێگەگرتنە لە دەربڕینی جیاواز لەوەی خۆیان بڕوایان پێیەتی، بەداخەوە دەسـەڵـاتـداران ئەم پرۆسەیە لەڕێی دادگاکانەوەو لە ژێر پاساوی یاسایدا بەڕێدەکەن کە سەرجەمی سیستمی دادوەریشی خستووەتە ژێر گومانەوە، بەو هیوایەی ئەو بەرێزانەی لە سیستمی قەزایی ئەم هەرێمەی ئێمە کاردەکەن، لەم بابەتە بێنە دەنگو تەسلیمی ئیرادەی دەسەڵات نەبن».

ئەو باس لەوە دەکات کە باوەریان وایە ئەگەر ئازادییەک لە کوردستان هەبێت بـەری رەنجی هەموو گەلی کوردەو هیچ لایەنو تاقمێک خاوەنی ئەم ئازادیە نینو «بەخێر پێیان نەبەخشیوین، هەر بۆیە مافی ئەوەیان نیەو ناشتوانن ئازادیی لە کەس زەوت بکەن هەروەک چۆن دەسەڵاتدارانی پێش ئەوانیش بۆیان نەچووەتە سەر».

لەلایەکی دیکەوە حەمەسەعید حەمە عەلی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی یەکگرتوو پشتگیری خـۆیـان بـۆ داواکـاری کەمپەینەکە رادەگەیەنێتو دەڵێت: «ئازادیی مرۆڤ لەگەڵ بونیادیەو کەس بۆی نییە ئازادیی لێزەوت بکات».

چالاکییەکان بەردەوامن «بۆ کەمکردنەوەی فشارەکان»

شۆڕش ئەمین، وتی: «بەردەوام دەبین لەسەر چالاکی مەدەنی تا فشار بخەینە سەر دەسەڵات، بۆئەوەی ملکەچ بێت بۆ نارەزایەتیخەڵکو دیموکراسییەتو ئازادیی رادەربڕین، بۆ ئەومەبەستە یاداشتێک دەگەیەنینە پەرلەمانی کوردستان»، وتیشی «ئەوەی بیەوێت دیموکراسییەتی هەرێمی کوردستان تێکبداتو ئازادیی لە کوردستان قۆرخو سنووردار بکات، خۆی دەخاتە بەردەم خەتەرێکەوە کە خەتەرێکی لەناوچوونە، تا ئەو کاتەی دەسـەڵات بەردەوام بێت، ئێمەش بەردەوام دەبینو چالاکی گەورەتر دەکەین».

لای خـۆشـیـەوە، کـەمـال رەئـوف، سـەرنـووسـەری هـاوڵاتـیو ئەندامی کەمپەینەکەلەسێیەم رۆژی چالاکییەکانیاندا وتی: «ئێمە کاردەکەین مەودای ئازادیی فراوانتر بکەین، داواکارییەکیشمان ئامادەکردووە لەلایەن کەمپەینەکەوە بۆ سەرۆکی فراکسیۆنەکانو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، کە خاڵێکیان ئەوەیە دوامان کردووە بێدەنگ نەبنو هەڵوێستیان هەبێت بەرامبەر ئەو هێرشەی دەکرێتە سەر ئازادیی رادەربڕینو داکۆکی لە ئازادیی رادەربڕین بکەن، خاڵەکەی تریش ئەوەیە لە کەیسی تیرۆری شەهید سەردەشت بێدەنگ نەبنو لیژنەیەک بە سەرپەرشتیو ئاگاداری ئەوان بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسەکە پێکبێت».

هەروەک ئاسۆس هەردی دەڵێت: «روو لەو کەسانەش دەکەین کە دەیانەوێت بە هەڕەشەو گوشار بێدەنگمان بکەن تا هەڕەشەو گوشارەکانتان زیاد بکات سوربوونی ئێمەش لەسەر ئازادیی مافەکانمان زیاتر دەبێت، تا خەو بەوەوە ببینن بێدەنگمان بکەن دەبێت دڵنیابن دەبێت هەر خەون ببینن، چونکە چیتر خەڵکی کوردستان بەرامبەر ئازادییو پێشێلکاریی مافەکانیان بێدەنگ نابن».

پەرلەمانی کوردستان روو لە هەڵدێرە

ئازاد چالاک

ئـەوەی ئەم خولە نوێیەی پەرلەمانی کوردستان لەوانەی پێش خـۆی جـیـادەکـاتـەوە، ئـەو میکانیزمو تێڕوانینو هەڵسوکەوتەیە، کە بە رووبی خۆی لەنێو بەرژەوەندییەکانی حیزبو دەسەڵات دەبینێتەوەو بە ئاشکرا جاری سەنگەرگرتن لە خەڵکو داخوازییەکانیان دەداو بە رۆژی رووناک لە هەموو دانیشتنێکدا پێمان دەڵێ: کە مەحاڵە سەرۆکایەتی پەرلەمانو زۆرینەکەیان لەو رێبازە دەرچن، کە گوێ بۆ داخوازییەکانی خەڵک شلبکەنو بەرژەوەندییەکانیان رەچاو بکەن، ئەوان وا دنە دراون کە دەبێ بۆ یەک مەرام لەو هۆڵە دابنیشنو دەست هەڵبڕن، کە ئەویش پاراستنی بەرژەوەندییەکانی حیزبو بەرپرسە باڵاکانیانە.

خولەکانی پێشووتری پەرلەمان وە نەبێ زۆر لەم خولە جیاوازتر بێت، بەڵام ئەوەی کە وایکردووە نهێنییەکانی ئەم خولە زەقتر دەربکەوێت، ئەو رۆڵە بەرچاوەیە کە ئۆپۆزسیۆن دەیگێڕێتو سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بۆی ناشاردرێتەوەو دەستەمۆ ناکرێت.

گەر ئاوڕێک لەو رۆڵە بدەینەوە، کە پەرلەمانی کوردستان بە درێژایی تەمەنی گێڕاویەتی، دەبینین هەتا ئێستا بۆی نەکراوە تەنیا یەک بەرپرسو یەک گەندەڵکار بۆ هۆڵی پەرلەمان راپێچ بکاتو لێی بپرسێتەوەو سزای بدات! تائێستا نەیتوانیوە یەک یاسا دابڕێژێ، یاخود هەموار بکات، کە تیایدا مافی دەزگاو دەستە تایبەتەکان فراوان بکات، بۆئەوەی بتوانن بە ئەرکی چاودێریو بەربەرەکانێکردنی گەندەڵی هەڵبستن.

تائێستا پەرلەمانی کوردستان، نەک ئەوانەی نەکردووە، بەڵکو ئەو یاسایانەش کە بە هەوڵی دڵسۆزانو فشاری میدیاو دەوروبەر بۆ جوانکردنی ئەزموونەکەمان تێدەپەڕێندرێ، دەسەڵات کاری پێ ناکاتو پشتگوێی دەخات.

ئەمڕۆ زۆرینە لە پەرلەمانتاران کە لەو شوێنە گرنگە رۆڵ دەگێڕن لە ئاست داخوازییەکانی خەڵکو ئەو متمانەیەو ئەو سوێندە نین کە بۆ دەنگدەرەکانیانو هەموو خەڵکی کوردستان خواردیان، ئەوان نایانەوێ دەستەو لیژنەیەکی نەزاهەی کارا لە کوردستان بێتە کایەوەو رۆڵ بگێڕێت، ئەوان نایانەوێ دیوانێکی چاودێریی راستەقینە رۆڵی هەبێو راپۆرتەکانی جارجار بەرچاوی خەڵک بکەونو هاوڵاتیان بزانن چۆن سەروەتو سامانی خۆیانو وڵاتەکەیان تەخشانو پەخشان دەکرێت، زۆرینە نایەوێ دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆ بێت، نایەوێ داواکاری گشتیی دەستکراوە بێتو بەدوای گەندەڵیەو کارە دزێوەکان هەنگاو بنێو یاسا سەروەر بێت. زۆرینە نایەوێت باسی بودجەو پرۆژەکانو نەوت بکرێتو دەستی حیزب ئاشکرا بکرێت.

بەشێک لەو بەرێزانەی زۆرینە قاڵبووی جۆرەها رێبازی خەباتو بیری کوردایەتی بوون، کەچی ئەمڕۆ وەک گورگی برسی خەڵک دەدەنە پێش خۆیان.

ئـەوان دژی کـامـێـراو مـایـکو راپـۆرتـی رۆژنامەنووسان سەنگەر دەگرن، نایانەوێ کەس بزانێ لە هۆڵی پەرلەمان نوێنەرانی خەڵک چی دەڵێنو چۆن گوزارشت لە داخوازییەکانیان دەکەن.

زۆرینە دەیەوێ دزیو گزیو تەزویر بە یاسا حەڵاڵ بکات، پێمان دەڵێن؛ بەڵێ هەموو شتێک بەهۆی هاوپەیمانییەتی زۆرینەوە بۆ بەرژەوەندیی حیزبو دەسەڵات، بۆ مانەوەی هەتاهەتاییمان بەکاردەهێنین.

دوێـنـێ سـەنـگـەری پـەرلـەمـانـیـان بە رۆژنامەنووسان چۆڵکرد، بەڵام دەنگی ئۆپۆزسیۆن کپ نەبوو. ویستیان بە یاسای بەعس ئازادیی رادەربڕین بخنکێنن، بەڵام تادێ دەنگی هەقخوازان هەر زووڵاڵتر دەبێ، ئەمڕۆش دەیانەوێ بە بیانووی بەدەستهێنانی مافەکانی کوردو بۆخاتری کوردایەتی لە هەرێم پرۆسەو یاسای کۆمسیۆنی هەڵبژاردنو دەنگی هاوڵاتیان بێ ئەرزشو بەها بکەن.

ئەو رۆڵـەی کە ئەمڕۆ پەرلەمان دەیگێڕێ، رۆڵێکی ئێجگار مەترسیدارە، رۆڵێکە سەنگەر لە دەستکەوتو قوربانییەکانی هاوڵاتیان دەگرێ، ئاواتو داخوازییەکانی کورد مایەپووچ دەکات، نرخو بەها بۆ ئەندام پەرلەمان ناهێڵێتو دەیکاتە کۆیلەی حیزب.

دەبێت ئۆپۆزسیۆنو دەنگی ئازادو خەمخۆرانی وڵاتو یاساو دیموکراسی، پەرلەمانتارە بە هەڵوێستەکان ریزەکانیان رێکبخەنو مەترسییەکان بەهەند وەربـگـرنو رێ لە دروستبوونەوەی دیکتاتۆرەکان بگرن.

لە یەک کاتدا زۆربەی دەرگاکان کرانەوە

هەوڵو کۆششەکانی مالیکی، لە مانگی (٩)دا بۆ کردنەوەی گرێکوێرەکانو گەیشتنەوە بە دەسەڵات بێ ئەنجام نەبوو، هەر لەسەر ئاستی هەرێمایەتیدا سیاسەتی دەرەوەی عێراقو پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی مالیکیو حکومەتە ماوە بەسەرچووەکەی عێراق لەگەڵ دراوسێکانی گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا هات، بۆ نموونە:

١- پەیوەندییەکانی عێراقو سوریا لە ماوەی چەند ساڵی رابرووداو بە بارودۆخێکی ئاڵۆزدا تێپەڕی، تا کار گەیشتە تاوانبارکردنی سوریا بە دەستوەردانە کاروباری ناوخۆی عێراقو یارمەتیدانی گرووپە توندڕەو و تیرۆریستییەکانی قاعیدەو حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە، بەڵام لەماوەی چەند مانگی رابردوودا سیاسەتی نێوان هەردوو وڵات بە ئاقاری خاوبوونەوەو هاوکاریی هەنگاوی ناو حکومەتی ئێستای عێراق بڕیاریداوە، کە نەوتی خاو و گازی عێراق بگوێزرێتەوە بۆ دەریای سپی ناوەڕاست لە خاکی سوریاوە، ئاساییکردنەوەی ئەو بارودۆخە گرژەی نێوان هەردوو وڵات هاوکات بوو لەگەڵ خاوکردنەوەی مەسەلەی تاوانبارکردنی سوریا بە کوشتنی رەفیق حەریریو هەلوێستی ئاشکرای سەعد حەریری کوڕی بەرامبەر بە بێ گوناهیی سوریا لەو تاوانە، کە دەکرێ ئەو ئاساییکردنەوەیە تەنیا بۆ دیپلۆماسییەتی عێراق ئەژمار نەکرێت، بەڵکو دەکرێ وەک سیاسەتێکی نوێی کرانەوەی سوریاش بێت بەرامبەر بە دراوسێکانی.

٢- مەلەفی عێراق-کوێت پاش داگیرکردنی کوێت لەلایەن رژێمی پێشووی عێراقەوە کێشەی نێوان هەردوو وڵاتی بە ئاڵۆزیی بەجێهێشتووە، تەنانەت پاش رووخانی رژێمی بەعس، کە دەبوایە هەر زوو بارودۆخەکە ئاسایی بکرایەو پەیوەندیی نێوان هەردوو وڵات بەهێز بکرایە، بەدەر لە تاوانبارکردنی هیچ لایەک بەوەی کە کامیان خەتاباره، مانگی رابردوو وتەبێژی فەرمیی حکومەتی عێراق رایگەیاند: کە پەشێوەیەکی هاوبەش لەگەڵ حکومەتی کوێتی هەلدەستێ بە چاککردنو داکوتینی نیشانە سنووریییەکانو هەروەها کاراکردنی وەبەرهێنانی هاوبەش لە کێڵگە نەوتییەکانی نێوان هەردوو وڵات، ئەوەی کە جێی ئاماژەیە حکومەتی عێراق پێش دوو مانگ بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی رەتکردبووەوە بە ژمارە (٨٣٣)، کە تایبەتە بە دیاریکردنی سنووری نێوان هەردوو وڵاتو تائێستا دەوڵەتی کوێت قەرزێکی زۆری لەسەر عێراق ماوەو رێگربووە لە دروستکردنەوەی هێڵی ئاسمانیی عێراقیو دژ بەو هەوڵانەش وەستاوە، کە داوای چوونەدەرەوەی عێراق دەکات لە بەندی حەوتی میساقی نەتەوەیەکگرتووەکان.

٣- پەیوەندییەکانی عێراقو ئوردن بەو ئاڵۆزییە نەبووەو جگە لە کێشەی زەرقاویو چەند تەقینەوەیەک لە عێراقو لە عەممان، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات ئەو گرژییەی بەخۆیەوە نەبینیوەو ئوردن یەکێک بووە لەو وڵاتانەی کە سوودی زۆری لە عێراق بینیوە پێش رووخانی رژێمو دوای ئەویش، بەڵام ئەوەی کە جێی سەرنجە پەیوەندییەکانی عێراقو ئوردن لە مانگی رابردوودا گەشەی زیاتری بەخۆیەوە بینیوەو عێراق رۆژانە (١٠) هەزار بەرمیل نەوت رەوانەی ئوردن دەکات بە نرخێکی زۆر هەرزان کە دەگاتە نیوە، جگە لەوەش عێراق بۆ یەکەمجارە کە بەشی مانگانەی نەوتی ئوردن زیاد دەکات لەو ئاستەی کە بۆی دەستنیشانکرابوو.

٤- لەگەڵ ئەوەی پەیوەندییەکانی عێراقو تورکیا لەلایەکو تورکیاو هەرێم لەلایەکی دیکە لە باشترین ئاستدا بووەو جگە لە کێشەی (PKK)و تۆپبارانی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان، عێراق رازیی بووە کە بۆ ماوەی (١٥) ساڵی دیکە رێککەوتنی دووقۆڵی لوله نەوتییەکان هەتا کەناری جیهانی تورکی درێژ بکاتەوە.

هەوڵەکانی حکومەتی عێراق بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییە گرژەکانی لەگەڵ دراوسێکانی بێ گلەییو گازەندەو گومان نەبووە، چونکە نەیارەکانی پێیانوایە؛ کە مالیکی، لە کاتێکدا ئەم کارە دەکات کە پێشتر زۆر دژی دەوەستا، هەروەها ئەم مەسەلانە بەبێ ئاگاداریو چاودێریی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق تێدەپەڕێنرێن.

لەگەڵ ئەم سیاسەتی گۆڕینو کرانەوەیەدا چانسی مالیکی، لەناو لیستی هاوپەیمانی نیشتمانیی بۆ دووبارە کاندیدکردنەوەی زیاتر بوو، ئێستا وڵاتانی دراوسێ کە قسە دەکەن بە تۆنێکی نزمتر دەدوێن، تەنانەت خەریکە لایەنە رکەبەرە عێراقییەکانیش ئەو تۆنە وەردەگرنەوەو دەیلێنەوە.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، کێ ئەم بارودۆخەی بەم ئاراستەیە گۆڕیو کێ ئەو یاریزانە سەرەکییەیە، کە دەتوانێ بەو شێوەپەی کە دەیەوێ بووکەلەکانی سەر شانۆی عێراق بجوڵێنێ؟!

رۆژنامە

پەرلەمانیش لەسەر شکاتەکانی پارتی هاتە دەنگ

رۆژنامە

لیژنەی رۆشنبیریی‌و راگەیاندنی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە شکاتەکانی سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی لەگەڵ رۆژنامە شکاتلێکراوەکان کۆبووەو پشتیوانیشیان بۆ بەرفراوانکردنی ئازادیی رۆژنامەوانی دووپاتکردەوە.

بە مەبەستی بەرگریکردن لە ئازادیی کاری رۆژنامەگەریی‌و لەپێناو پاراستنی ئەزموونی دیموکراسی لە هەرێمی کوردستان‌و نوێنەری رۆژنامەکانی (ئاوێنە، هاوڵاتی، رۆژنامە)و گۆڤارەکانی (لقین، رێگامەگەزین، فشار) یاداشتێکیان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان‌و سەرۆک‌و ئەندامانی لیژنەی راگەیاندن و رۆشنبیریی لە پەرلەمان کردو بۆ هەمان مەبەستیش رۆژی (١٠/٣) لە کۆبوونەوەیەکی نوێنەرانی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەو لیژنە پەیوەندیدارەکەی پەرلەماندا، ئەو هەوڵانە خرانەڕوو کە لەبەردەم بەرتەسککردنەوەی ئازادی رادەربرینیدا دەدرێت.

لە یاداشتەکەدا میدیا ئەهلییەکانی کوردستان چەند پێشنیازو داواکارییەکیان خستبووە روو کە خۆی لەم چەند خالەدا دەبینێتەوە:

١- دانیشتنێکی تایبەتی پەرلەمانی کوردستان سازبکرێت بۆ قسەکردن لەسەر ئەو ململانێ توندەی ئەمڕۆ لە نێوان میدیای ئەهلییو دەسەڵاتدایەو نوێنەرانی میدیای ئەهلیش بانگهێشتی ئەو دانیشتنە بکرێن.

٢- پەرلەمان رۆڵی خۆی ببینێت بۆئەوەی سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو داوایانە بکشێنێتەوە کە لەسەر هەریەک لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی (ئاوێنە، هاوڵاتی، رۆژنامە، لقین، رێگامەگەزین‌و فشار) تۆماری کردوون‌و بۆ هەریەکە داوای قەرەبووی پارەیەکی خەیاڵیی زۆری کردووە.

٣- هەوڵبدرێت، یاسای کاری رۆژنامەنووسی ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)لە سەرجەم دادگاکانی کوردستاندا کاری پێبکرێت‌و پەرلەمانیش کاری چاودێریکردنی خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە ئەنجام بدات.

٤- گواستنەوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان ئازاد بکرێت بۆ سەرجەم کەناڵەکانی راگەیاندن.

٥- بەرێوەبەرێتییەکی پۆلیس‌و دادگایەکی تایبەتمەند پێکبهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوە لەو سزایانەی لەسەر رۆژنامەو رۆژنامەنووسان تۆماردەکرێت، بەمەبەستی جیاکردنەوەی رۆژنامەنووسان لە تاوانبارانی تر.

د. رەفیق سابیر ئەندامی لیژنەی رۆشنبیریی‌و راگەیاندن لەپەرلەمانی کوردستان ئەو کۆبوونەوەیەی نێوان لیژنەکەو ئەو میدیایانەی بەسەرەتایەکی باش زانی بۆ پتەوکردنی نێوان ئەو دوو لایەنە، چونکە بەبروای ئەو، قەیرانێک لەکوردستان هەیە لەبارەی پەیوەندیی نیوان میدیای ئەهلیی‌و دەسەڵات بەگشتیی، وتیشی: «هەرچەندە لیژنەکەی ئێمە لایەن نییە لەو کێشەیەدا، بەڵام بەو پێیەی کە کارمان چاودێریی‌و بەدواداچوونە، بۆیە زۆر گرنگە دایەلۆگێک هەبێت لەم نێوەندەدا، تا ئێمە وەک لیژنەیەکی پەرلەمانیی هاوکاربین لە کاڵکردنەوەی ئەو قەیرانانە یان رێگەخۆشکردن بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە میدیای ئەهلیی بەدەستیەوە دەناڵێنن».

ئەو پەرلەمانتارە ئاماژەی بەوەشکرد، کە یەکێک لە نیگەرانییەکانی میدیای ئەهلیی‌و «هەمووشمان» ئەوەیە کە ترسێک هەیە لەوەی ئەو ئازادییەی لە بواری ئازادی رادەربڕین‌و رۆژنامەوانیدا هەیە کەمبکرێتەوە، هەروەک وتی: «ئێمە بە تێکڕای ئامادەبووانی کۆبوونەوەکە تەئکیدمان لەسەرئەوە کردەوە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوەنین کە ئەو ئازادییەی کە بەیاسا بۆ رۆژنامەوانی‌و رادەربڕین دانراوە، تەسکتر بکرێتەوە، بەپێچەوانەوە هەر گۆڕانکارییەک ئەگەر لە یاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧ی رۆژنامەگەریدا بکرێت پێویستە بەقازانجی چەسپاندن‌و فراوانکردنی ئەو ئازادییانە بێت کە ئەو یاسایە لەخۆی گرتووە».

سەبارەت بە هەلوێستیشیان لەوبارەیەوە ئەندامی لیژنە پەرلەمانییەکە ئەوەی خستەڕوو کە پێویست دەکات لە کۆبوونەوەی لیژنەکەیاندا ئەو مەسەلەیە قسەو باسی لەبارەوە بکرێت‌و بڕیاردەن کە چ هەلوێستێک وەربگرن.

UN: ئاوارە عێراقییەکانی هەرێم ژیانیان بەرەو مەترسی دەڕوات

هەنگاوهاشم- هەولێر

رۆژی یەکشەممە، نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ، داوای لە حکومەتی هەرێم کرد، کاربکات بۆ باشکردنی رەوشی ئەو ئاوارە عێراقییانەی کە رووبیان لە هەرێمی کوردستان کردووەو ئاماژەی بەوەشکرد: ئەو ئاوارانەی لە ناوچەکانی تری عێراقەوە هاتوون‌و لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن، ژمارەیان (٣٠)هەزار خێزانەو لەدوای ساڵی (٢٠٠٦)ەوە رووبیان لەو ناوچەیە کردووە.

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە لە هەولێر رێکیخستبوو، وۆلتەر کالینی نوێنەری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤی ئاوارەو دەرکراوەکان، داوایکرد: «حکومەتی هەرێم، پلانێکی گشتگیری هەبێت بۆ باشکردنی ژیانی ئەو ئاوارانە، بەتایبەتی کێشەکانیان لە رووی زمانەوە ئاوڕ لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ئاوارەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراق بداتەوە کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێبوون».

وتیشی: منداڵی ئەو ئاوارانە، بەهۆی هەژاریی‌و نەزانینی زمانەوە، لە خوێندن بێبەش بوون. مەترسی ئەوەشی نیشاندا: «بارودۆخی ئەو ئاوارانە بەگشتی لە عێراق، بەرەو ئاقارێکی مەترسیداردا دەڕوات، بەهۆی ئەوەی هەژاریی درێژخایەن کاری کردووەتە سەریان‌و ژنانی ئەو کۆمەڵگایە بازرگانییان پێوەدەکرێت‌و لەسەردانەکەم بۆ بەغداو هەولێر، ئەوەم زانی».

پارتی کۆنگرە دوادەخات

بەرهەم خالید

سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی (١٣)ی پارتی رایگەیاند: کۆنگرەی پارتی لە رۆژی (١١/١١)ەوە دوادەخرێت بۆ (١١/٢٢).

فایەق تۆفیق، سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری سیانزەیەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی راگەیاند: هەرچەندە پێشتر بڕیار بوو رۆژی (١١) ی تشرینی دووەمی ئەمساڵ کۆنگرە ببەستن، بەڵام بەهۆی نزیکیی وادەی جەژنی قوربانی پیرۆز لەو وادەیەوە، بڕیاریانداوە کۆنگرەکە بۆ (٢٢)ی هەمان مانگ دوابخەن، واتە راستەوخۆ دوای پشووی جەژن، لەبەرئەوەی چاوەڕواندەکرێت کارەکانی کۆنگرە چەند رۆژێک بخایەنێت.

فایەق تۆفیق، ئەوەشی راگەیاند: ئامادەکارییەکانی کۆنگرە بە باشی دەڕوات بەڕێوەو زۆرێک لە کۆنفرانسە نێوخۆییەکان تەواوبوون‌و دوا وادەش بۆ هەڵبژاردنەکان‌و هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆنگرە، رۆژی (١٠/١٠)یەو چاوەڕواندەکرێت زیاتر لە(١٠٠٠) کەس وەک ئەندام بەشداریی کۆنگرەی (١٣) بکەن، هەروەها دواتریش هەنگاوەکانی دیکەی وەک ئامادەکردنی باجو دروشم‌و لیستەکان دەستپێدەکەین.

بەڵێنێکی تاڵەبانی بۆ کەسوکاری کیمیاباران جێبەجێ ناکرێت

رۆژنامە

دوای ئەوەی تاڵەبانی لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ نوێنەرو بەشێکی کەسوکاری کیمیاباران هەڵبجە بەڵێن دەدات لە (٥) ملیۆن دینناری سلفەی خانووی (٥١٧) خێزانی قوربانییان خۆشبێت، بەڵام ئەو بەڵێنە جێبەجێ ناکرێت‌و ئێستا ساڵانە پارەکەیان لێوەردەگیرێتەوە.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیاباران، بە رۆژنامەی راگەیاند: لەسەر داواکاریی ئەوان بڕی (٥) ملیۆن دینار دراوەتە کەسوکاری (٥٠٠) خێزان بۆ دروستکردنەوەی خانوو، «کە ئەوە سلفەیەک بوو دەبوو بیدەنەوە»، بەڵام لە سەردانی جەنابی مام جەلال بۆ هەڵەبجە دوو داواکاریمان خستە بەردەستی، بەڵام بەڵێنی یەکێکیانی پێداین، بەخشینی کەسوکاری قوربانییان لەو (٥) ملیۆن دینارەی کە حکومەتی هەرێم بەخشیبوویە کەسوکاری شەهیدان، دوای چەند جارێک بەدواداچوونمان بۆ ئەو مەسەلەیە، بەڵام دواجار ئاگاداریان کردین، کە دەبێت کەسوکاری شەهیدان ئەو پارەیە تەسلیم بکەنەوەو ئێستاش ژمارەیەکیان بۆ ساڵی یەکەم (٥٠٠) هەزار دیناریان لێوەرگیراوەتەوە».

جەختی لەوەشکردەوە؛ دەبوو ئەو بەڵێنە جێبەجێ بکرایە کە لەبەرچاوی لێپرسراوانی هەڵەبجەو میدیاکان پێیان دراوەو «دەبوو نوێنەرەکانی مام جەلال بەدواداچوونیان بۆ بکردایەو بیانخستایەتە بواری جێبەجێکردنەوە».

داستان، کچە شەهیدێکی هەڵەبجەیەو خاوەنی دوو شەهیدە، کە لەو (٥) ملیۆن دینارە سوودمەند بوون، رەخنەی لەوە گرت بەڵێنەکەی تاڵەبانی بۆ کەسوکاری کیمیاباران جێبەجێ نەکراوە، بۆ رۆژنامە وتی: «ئەم مانگە نیوەی ئەو (٥٠٠) هەزار دینارەمان قەرز کردووە کە لێمان وەرگیراوەتەوە، جگە لەوەش بەهۆی ئەوەی ماوەیەک دواکەوتبوو سووشی چووبووە سەر».

ئەو بە باشی زانی وەک ئەوەی بەڵێنەکە جێبەجێ ناکرێت، مانگانە بڕێکی کەمتر بێت، نەک پێشەکی پارەی ساڵێکیان لێوەربگرنەوە «شەهیدانی هەڵەبجە ئەوەندەی پێڕەوا نەبینرا کە لە (٥) ملیۆن دیناری حکومەت خۆش بن».

کەمپەینی «ئازادیی ناسووتێت» رادەگەیەنرێت

سیروان عەول

گرووپی قەلەندەرخانەی کورد، لە قەرەداغ کەمپەینێک لەژێر ناوی (ئازادیی ناسووتێت) رادەگەیەنن.

بریارە رۆژی هەینی داهاتوو لە گوندی شیوی قازی سەر بە قەزای قەرەداغ، گرووپی «قەلەندەرخانەی کورد» لەژێر ناوی ئازادیی ناسووتێت کەمپەینێک بگەیەنن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەرەشەو ترساندنی هاوڵاتییان‌و رۆژنامەنووسان.

بەختیار شێخ عوسمان، دەستەی بەڕێوەبردنی گرووپەکە بە رۆژنامەی راگەیاند: گرووپی کوڕی قەلەندەرخانەی کورد هەماهەنگە لەگەڵ میدیای ئازادو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی‌و ئامانجمان لە راگەیاندنی ئەم کەمپەینە بۆنەهێشتن‌و لەناوبردنی ئەو ستەمەیە لە رۆژنامەنووسان‌و هاوڵاتییان دەکرێت کە خۆی دەبینێتەوە لە سووتاندنی مالی هاوڵاتییان‌و دەرکردنیان لە گوندەکانی خۆیان‌و نانبڕاوکردنیان.

سەندیکای رۆژنامەنووسانیش کۆنگرەکەی دوادەخات

دلێر عەبدولخالق

بەپێی بڕیاری ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان، کۆنگرەی سێیەمی سەندیکاکە نزیکەی دوومانگ لە ماوەی یاسایی خۆی دوادەکەوێت، دەکەوێتە ساڵی داهاتووەوە.

حامید محەمەد عەلی، وتەبێژی سەندیکای رۆژنامەنووسان هۆکاری دواکەوتنی کۆنگرەکە بۆ گرفتی دارایی دەگێڕێتەوەو دەڵێت: «کۆنگرەکە (٥٠) رۆژێک دوادەکەوێت، ئەویش پەیوەندیی بە مەسەلەی دارایی‌و پاکتاوکردنی حساباتی ساڵانەی سەندیکاوە هەیە لەلایەن وەزارەتی دارایی‌یەوە، بەشەکەی دیکەش پەیوەندیی بەو ئامادەکارییانەوە هەیە، کە بۆ رێکخستنی ئیشوکارەکانی کۆنگرەکە دەکرێت».

لە بەرامبەردا، رەحمان غەریب، رۆژنامەنووس بە رۆژنامەی راگەیاند: «دواکەوتنی کۆنگرە ناکۆکە لەگەڵ بنەما دیموکراسییەکان‌و یاسای سەندیکاکە».

ئەو رۆژنامەنووسە نیگەرانیی خۆشی لە بەحیزباندنی هەڵبژاردنی یەکێتی‌و سەندیکاکان دەربڕی‌و ئاماژەی بەوەکرد؛ بەر لەوەی ئەوان وەک رۆژنامەنووسان بچنە ناو کۆنگرەوە زۆربەی پۆستە باڵاکانی سەندیکای رۆژنامەنووسان بەپێی رێکەوتنی ستراتیژیی پارتی‌و یەکێتی دابەشکراوە.

ئازاد جوندیانی، وتەبێژی (م.س)ی یەکێتی:

بڕیارمان نەداوە، لەگەڵ پارتی بچینە هەڵبژاردنی پارێزگاکانەوە

سازدانی: رۆژنامە

ئازاد جوندیانی، وتەبێژو ئەندامی ئیحتیاتی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی، بڕوای وایە کە هەلومەرجی سیاسیی کوردستان ئەوە دەخوازێت کە پەیوەندیی لەنێوان یەکێتیو گۆڕاندا هەبێت.

جوندیانی، لەم چاوپێکەوتنەدا سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکان، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، کە هێشتا بڕیاریان نەداوە لەگەڵ پارتی بەیەکەوە بچنە هەڵبژاردنەوە.

رۆژنامە: پەیوەندیتان لەگەڵ پارتی لە چ ئاستێکدایە، لەکاتێکدا هەندێکجار لەمیدیاکانەوە وا دەخوێنرێتەوە کە جۆرێک لە ئاڵۆزیی لەنێواناندا هەبێت؟

*لە راستیدا، لە میدیاکانەوە زۆرجار قسەو باسێک دێتە ئاراوە، بەڵام ئەمانە پتر رووداوی رۆژنامەنووسین لەوەی کە رووداوی سیاسیی بن. رەنگە بیروبۆچوونی جیاجیاش هەبێت لەناو ئێمەشو لەناو پارتیشدا سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیو پارتی، بەڵام لە رای رەسمیی یەکێتیو پارتی ئەو رایە هەیە کە ئێمە هەردوولامان لەکۆبوونەوە رەسمییەکاندا، لە راگەیاندنە رەسمییەکاندا، پابەندین بە رێککەوتنە ستراتیژییەکەوە.

رۆژنامە: تا چەند پێویستیی رێککەوتنی ستراتیژیی لەنێوان ئێوەو پارتیدا، ماوە؟

* پێم وایە، بەڵێ پێویستیی رێککەوتنی ستراتیژیی ماوەو تا ماوەیەکی دیکەش زەروریـیـەتـی هـەیـە، وەکـو گریمانێک، ئەگەر لەناو یەکێتیو پارتیشدا رێککەوتنی ستراتیژیی، با بڵێین لەبەر هەر هۆیەک نەما، پێم وایە لایەنی دیکە دەبێت کە لەگەڵ پارتیدا داخڵی رێککەوتنی ستراتیژیی بێت.

رۆژنامە: مەبەستت کێیە کە دەڵێیت لایەنی تر؟

* پێم وانییە پێویست بکات ناو بهێنین، بەڵام بێگومان ئەو هێزانەی لەساحەکەدا چالاکنو ئامادەیی زۆریان هەیە، رەنگە ناوی رێککەوتنی ستراتیژیی نەبێت، رەنگە ناوێکی دیکە بێت.

رۆژنامە: ئەمە هەر لەگەڵ پارتی، یان لەگەڵ یەکێتیش؟

* لەگەڵ یەکێتیش، لایەن هەیەو لەگەڵ پارتیش هەیە، بەڵام قسەمان لەسەر هەبوونو مـانو نەمانی ئـەوەی کە تۆ دەپرسی، واتە زەرورەتـی مانو نەمانی رێککەوتنی ستراتیژیی. ئێمە پێمان وایە، لەکوردستاندا ئەو رێککەوتنە ستراتیژییە زەمانەتی زۆر شتی کردووە کە ئەگەر نەبوایە، رەنگە ئەو زەمانەتە بەو شێوەیەی ئێستا لەئارادا نەبوایە.

رۆژنامە: هەندێک لە چاودێران رەخنەی ئەوە لەئێوەو پارتی دەگرن کە ئەوەی ئێوە باسی دەکەن، زەمانەتە بۆ قۆرخکردنی کایەی ئابووریی‌و ئیداریی هەرێم؟

* ئەمە قسەی ئۆپۆزسیۆنە، ئۆپۆزسیۆن ئازادە لەوەی چۆن ئیدارەی ململانێی خۆی دەکات لەگەڵ حیزبەکانی دەسەڵات.

رۆژنامە: پێش‌دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنیش، ئەو رەخنانە هەر هەبوون کە لەمیدیاکانەوە وایان بە ئێوە دەوت؟

* ئۆپۆزسیۆن لە (٧/٢٥) دروست نەبووە، ئۆپۆزسیۆن ماوەیەکی زۆرە بەشێوەی جۆراوجۆر کـاردەکـات، بـەڵام شکڵبەندی پەرلەمانی بەو شێوە فراوانە لە (٧/٢٥)داو لەدوای (٧/٢٥) بووە، ئەگینا ئۆپۆزسیۆن هەر هەبووە.

رۆژنامە: بەڵام بەپێی ستاندارد‌و پێوەرە زانستییەکانی سیاسەت‌و سیستمی حوکمڕانی، ئۆپۆزسیۆن بە حیزبێک دەوترێت کە بەشدار نەبێت لە پێکهێنانی کابینەی حکومەتدا؟

* لە راستیدا خۆبەستنەوە بە پێناسەیەکی دیاریکراوەوە بۆ ئەو مەسەلەیەو بە لەبەرچاو نەگرتنی تایبەتمەندییەکان، پێم وابێت، پێناسەیەکی ناڕاست‌و نارێک دەردەچێت، هەر وڵاتێک بەپێی تایبەتمەندیی خۆی دەیەوێت کار بکات‌و پێناسەی شتەکان بکاتەوە، من پێم وایە، پێش ئەوەی ئۆپۆزسیۆن لەپەرلەمان هەبێت، وەک ئەوەی ئێستا هەیە، ئۆپۆزسیۆن هەبووەو من ئەو پێناسەیەی ئیللا دەبێت ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا هەبێت، بەهەڵە دەزانم.

رۆژنامە: رێککەوتنی ستراتیژیی لەنێوان ئێوەو پارتیدا، چەند ساڵی ماوە؟

* ئێستا بیرم نییە تا پێت بڵێم، بەڵام مـاوەیـەتـی‌و ئـەگـەری درێـژکـردنـەوەشـی لەگەڵدایە.

رۆژنـامـە: سروشتی ئەو پەیوەندیی‌و لێکنزیکبوونەوەیەتان لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان، چۆنە؟

* لـە راستیدا نـاتـوانـم، لـێـرەدا قسە رەسمییەکە بکەم، چونکە غەیری ئەوە، من لێرەدا لەپشتی ئەو مەسەلەیەوە نیم کە هەبووە، وەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ستراتیژمان دژایەتیکردنی هیچ کەسێک‌و نەبوونی پەیوەندیی‌و دۆستایەتیی لەگەڵ هیچ لایەن‌و کەسێک نییە، بەڵکو ئێمە لایەنگری ئەوەین کە دۆستایەتی‌و پەیوەندیمان لەگەڵ هەموو لایەک هەبێت‌و ئاسایی بێت.

پێم وایە، پێکهێنانی ئەو دانوستانانەی بۆ پێکهێنانی ئیئتیلافی فراکسیۆنەکوردستانییەکان کرا، سەرەتای دانیشتنی رووبـەڕوو بوو لەنێوان نوێنەرانی یەکێتی‌و لەنێوانی نوێنەرانی گۆڕاندا، راستە بۆ رێکخستنی نێوانمان نا، بەڵکو بۆ رێکخستنەوەی نێوان ئەو کوتلانەی کە لەبەغدادا بەیەکەوە، کوتلەی ئیئتیلافە کوردستانییەکان نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکەین، لەوێوە ئەو جۆرە پەیوەندییە، ئەو جۆرەئارامبوونەوەیە دەستپێکردووەو هەبووەو پێم وایە، پێش هەموو خەڵک، خەڵکی یەکێتی دڵخۆشە بەوەی کە ئێمە وای دەبینین، سەرئەنجام گۆڕان لە رەشکردنەوەی ئێمەوە بیروبۆچوونی گۆڕا بۆ ئەوەی کە پەیوەندیی هەبێت لەگەڵ ئێمەدا، ئێمە ئەوە بەشتێکی ئیجابی دەبینین.

رۆژنامە: هەلومەرجی سیاسیی کوردستان، ئـەوە دەخـوازێـت کە پەیوەندیی لەنێوان یەکێتی‌و گۆڕاندا هەبێت؟

*بەڵێ، وەکو یەکێتیی پێمان وایە کە یەکێتی موتەحەمیسیشە بۆ ئەوەی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی پرۆسەی سیاسیی لەکوردستاندا، پەیوەندیی هەبێت بەگۆڕانیشەوە، بەڵام بۆ نموونە پەیوەندیی ئێمەو پارتی کە دۆکیۆمێنت کراوە لە رێککەوتنێک بەناوی رێککەوتنی ستراتیژییەوە، جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتنە لەماوەی سێ چوار ساڵی رابردوودا لەئارادا بووەو بێگومان، ئاستی ئەو پەیوەندییەی ئێمە لەگەڵ گۆڕان، ناگاتە ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ پارتیدا هەمان بێت.

رۆژنامە: ئێوە لەگەڵ هەر هێزێکی سیاسیی پەیوەندیی ببەستن، پرس بەهاوپەیمانەکەتان (پارتی) دەکەن؟

* بۆ ئەوەی بەڕوونی بدوێین لەوە، بۆ ئێمە پەیوەندیکردن، نە ئێمەو نە پارتیش پێویستیمان بەوە نییە کە پەیوەندیمان هەبێت لەگەڵ حیزبی ئەلف، یان نەمانبێت، بەڵام ئەگەر ئێمە داخڵی رێککەوتنێک لەبابەتی رێککەوتنێکی ستراتیژیی بین لەجۆری ئەوەی لەگەڵ پارتی هەمانە، بەڵێ، دەبێت ئێمە بەیەکەوە راستگۆ بین‌و پرس بە یەکتر بکەین، بەڵام پەیوەندیی جیاوازیی هەیە لەگەڵ رێککەوتندا.

رۆژنامە: پێویستە بۆ دروستکردنی هەر پەیوەندییەکی ئێوە لەگەڵ لایەنەکان، پرس‌و راوێژ بە پارتی بکەن، وەک ئەوەی لەکاتی سەردانی وەفدێکی مەکتەبی سیاسیتان بـۆلای نەوشیروان مستەفا، راوێـژتـان بە سەرکردایەتیی پارتی کردووە؟

* سـەبـارەت بـە هـەمـوو رووداوە سیاسییەکان، راوێژمان نەکردووە، ئەوە راگەیەنرا دوای ئەوەی کە کاک عیماد کاک نەوشیروانی بینی، جەنابی مام جەلالیشی بینی‌و جەنابی کاک مەسعودیشی بینی، ئێمە لێپرسراوێتییەکی هاوبەش‌و بابەتێکی هاوبەشمان لەبەردەمە، پابەندیشین بە رێککەوتنی ستراتیژیی بەیەکەوە.

رۆژنامە: لەناو سەرکردایەتیی یەکێتیدا، جۆرێک لە نارەزایی هەیە لەسەر ئەدای د.بـەرهـەم ساڵح سەرۆکی حکومەت، بە راشکاوانە ئەم مەسەلەیە چۆنە؟

*بە راشکاوانە پێت دەڵێم کە بەشێوەیەکی بەردەوام لەکۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسیدا، لەئاستی مەڵبەندەکانیشداو لەئاستی دیکەش، ئێمە وەکـو حیزبێک ئێستا کە سەرۆکی حکومەت لەحیزبەکەی ئێمەیە، خۆمان وەکو چاودێرێک بەسەر ئەدائی حکومەتەوە دەبینین، چونکە پێمان وایە کە دەبێت وەکو چاودێر هاوکار بین‌و ناشیشارمەوە کە سەبارەت بەهەر شتێک لەشتەکانی کە لە ئـاراداان، بەحکومەتیشەوە، لەئەدائی، لە لەمەلەفێکی تایبەتەوە بۆ مەلەفێکی دیکە، رەنگە بۆچوونی جیاجیا لەناو کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی‌و سەرکردایەتی رووبدا، بەڵام سەرئەنجام ئەو رایەی کە دەچەسپێت، رای یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە، مام جـەلال وتەنی، خۆ ئێمە هەموومان قاز نین کە وەکو یەک بقیرێنین‌و یەکێک قیراندی ئێمە هەموومان بەدوایدا بقیرێنین. خۆمان بە حیزبێکی زیندوو دەبینین، لەبەرئەوەی زۆرجار بیروڕای جیاوازمان هەیە، بەڵام دەبینین کە میکانیزمی دیموکراتی، ئـەم جـۆرە بۆچوونە جیاوازانە لەسەر مەسەلەیەکی دیاریکراو، یان لەسەر مەسەلەی ئەدائی حکومەتیش بێت، یەکلاییدەکاتەوە.

رۆژنامە: وتت بە راشکاوانە قسە لەسەر ئەم بابەتە دەکەم، ئایا ئەو رەخنەو نارەزاییانەی کە لەلایەن حیزب‌و مەکتەبی سیاسیتانەوە لە د. بەرهەم دەگیرێن، چین؟

* لەلای حیزبەوە نییە، لەلایەن هەندێک کـادیـری حیزبیی‌و سەرکردەکانەوەیە. بەڵێ، بەشێکیان مەسەلەی پابەندبوونی کابینەی ئێستای هەرێمە بە بەرنامەی لیستی کوردستانیی، بۆ نموونە لەخاڵی بەیاساییکردنی یارمەتی دارایی حیزبەکان، بەشێکی بۆ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی‌مەدەنی‌و بودجەکانیان کە هەندێک نارەزایەتی لەسەر هەبێت. حکومەتی هەرێمی ئێستاو کابینەی ئێستا دەیەوێت سیستمی پاڵپشتیی ئەوان لە سیستمی بەڕێوەبردنی بودجەیەکی مانگانەوە بگۆڕێت بۆ فەندی چالاکیی ئەنجامدان کە چالاکیی هەبێت‌و لەهەموو دنیاش ئەو شێوازە پەیڕەوکراوە، نەک رێکخراوێک بەسەدان رێکخراو بگرێتەوە، مانگانە میزانییەی هەبێت، بزانین ئەو میزانییەیە دەچێتە خزمەتی ئەو بوارەی کە رێکخراوەکە بۆی دروست بووە، یان ناچێتە خزمەتی.

رۆژنامە: لەکێشەی نێوان سەرکردایەتیی حیزبەکەت‌و د. بەرهەمدا، رەوایەتی بە کام لایەن دەدەیت؟

* رەوایەتی موتلەق نییە، من خاڵ بەخاڵ کارێکی کاک دکتۆر بەرهەم‌و حکومەتەکەی باش بێت‌و راست بێت‌و کۆکبێت لەگەڵ ئەو بەرنامە ئینتیخابییەی کە دەستنیشانمان کردووە، پشتیوانی لێدەکەم‌و زۆر جاریش یەکێکم لەم کەسانەی کە رەخنە لە کاک بەرهەم دەگرم، زۆرجار رەخنەم لێگرتووەو گفتوگۆشمان کـردووە، بۆ رەخنەکانیش دوای ئەوەی بەڵگەو مەنتیقم لابووە، قبوڵی کردوون.

رۆژنامە: دەوترێت، جەنابتان لە خەتی د.بەرهەمەوە نزیکن؟

*لەگەڵ کاک بەرهەم، لەئاستی سیاسییدا لـەزۆر رووەوە بیروبۆچوونمان لەیەکتر نزیکە، بەڵام هەردووکیشمان جەلالیین.

رۆژنـامـە: بـاس لـەوەدەکـرێـت، ئەگەر جێگۆڕکێی پۆستی سەرۆکی حکومەت لەنێوان ئێوەو پارتیدا رووی نەدا، مەکتەبی سیاسیتان پۆستەکەی د. بەرهەم دەگۆڕێت بۆ کەسێکی تر؟

* پێم وانییە کە بیگۆڕێت، نەخێر، چونکە زۆرینەی سەرکردایەتیی‌و بە مام جەلالیشەوە هەموو لەگەڵ ئەوەدان کە کاک بەرهەم لەو کابینەیەدا بێت‌و وەکو تۆ وتەنی، تا ئێستا قسەیەک نییە لەسەر نەمانەوەی، قسەیەکی رەسمیی‌و جدیی نەبووە لەسەر نەمانەوەی‌و ئەگەر بڕیار بدەین کە کاندیدی سەرۆکایەتیی هەر لەناو یەکێتی بێت، بۆ کاک دکتۆر بەرهەم بێت مەسڵەحەتەو هەتا ئێستاش.

رۆژنامە: ئامادەکاریی ئێوەو پارتی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی هەرێم، چۆنە؟

* ئێمە وەک یەکێتی، ئێمەو پارتی بەیەکەوە بڕوامان بـەوە هەیە کە دەبێت کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی کوردستان دروست ببێت، ئینجا هەڵبژاردنەکە ئەنجام بدرێت. کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی کوردستان وەکو دەستەیەکی هەرێمایەتی دروست ببێت، وەکو دەستکەوتێک تەماشای دەکەین کە ئێستا لەپەرلەماندا لەگفتوگۆدایە.

رۆژنامە: کەواتە، ویستی سیاسیی لای ئێوەوە هەیە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان؟

* بەڵێ، لای ئێمەش‌و لای پارتیش هەیە، بەڵام ئێمە پێمان وایە کە کۆمسیۆنەکە دروست ببێت، ئینجا ئەنجام بدرێت.

رۆژنامە: بەڵام ئێوە پابەند نەبوون بە کاتی دیاریکراو و نەتانویستووە لەکاتی خۆیدا هەڵبژاردنەکە بکرێت کە مانگی (١٠)ی ساڵی پاربوو، لەکاتێکدا هیچ پاساوێکی دروست نەبووە لەبەردەمدا؟

* ئەوەندەی لە شارەزایانی ئەو بوارەوە گوێم لێبووە، سەردەمێک دیاریکراوە کە دەبێت دیاریی بکرێت، لەو سەردەمەدا بڕیاری دیاریکردنەکە بدرێت، بەتەئکید نازانم مانگی چەندە، مانگی (١٠)یـە، یان (١١)یـە، لایەنی پەیوەندیدار، دەسەڵاتی پەیوەندیدار بڕیاری لەسەر دەدات.

رۆژنـامـە: ئەو لایەنە کێیە کە رۆژی هەڵبژاردنەکە دیاریی دەکات؟

* سەرۆکی هەرێمە.

رۆژنامە: کۆمسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق لە دوایین کۆبوونەوەی خۆیدا، نارازیبوو بە پێکهێنانی کۆمسیۆنی هەرێم؟

* نازانم کە لە رووی دەستوورییەوە چۆنە، ئەگەر کێشەیەک کەوتە نێوان ئێمەو بەغداوە، چ وەک دەسەڵاتی مەرکەزی، چ وەک دەستەیەکی ئاوا سەربەخۆو مەرکەزی کە هی هەموو عێراقە، مەحکەمەی دەستوورییە هەیە، ئەگەر سەرئەنجام کێشەکە هەروا کەوتەوە، بێگومان مەحکەمەی دەستوورییە خۆی بڕیار دەدات ئەوەی ئێمە چەند دەستوورییە، چەند نادەستوورییە.

رۆژنامە: بە نیازن ئەمجارە لەگەڵ پارتی، لە هەڵبژاردنی پارێزگاکان بەیەکەوە دابەزن؟

* با دیاریی بکرێت، ئەوکاتە هەردوولامان بەیەکەوە قسە دەکەین‌و رێکدەکەوین لەسەر ئەوەی چۆن ئەنجامی بدەین، من حەز دەکەم بیلێم، ئەمەشیان بەبێ رێککەوتنی هەردوولامان نابێت، بەیەکەوە رێکدەکەوین، ئێمە لەو بابەت‌و شتانە، شت لەیەکتر ناشارینەوە، واتە رێککەوتنەستراتیژییەکەمان بۆ گاڵتە نییە.

رۆژنامە: لەئێستادا بۆ مەسەلەی بەیەکەوە دابـەزیـن لـە هـەڵـبـژاردنـی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا، لای سەرکردایەتیی هەردوولا بڕیارێکی وا هەیە؟

* بۆ ئاسایی نییە، ئێمە تاقیکردنەوەی رابردووشمان هەیە، لە هەڵبژاردنەکانی سەرتاسەرییدا بەیەکەوە بووبین، لەهی شارەوانییەکاندا جیاواز بووین.

سەرکردەکانی یەکێتی، لەچەند بوارێکدا رەخنەیان لە د. بەرهەم هەیە

*دیراسەی‌دەکەین،هێشتانەگەیشتووینەتە قۆناغی گفتوگۆکردن لەسەری، کە وەختی خۆی هات، دیراسەی دەکەین، ئەوکاتە بڕیاری لەسەر دەدەین.

رۆژنامە: ئەگەر لە دیراسەکردندا هەردوولا پێتان باش بوو کە بەجیا دابەزن، بۆ یەکێتی ئاساییە؟

* بۆ ئاسایی نییە، ئێمە تاقیکردنەوەی رابردووشمان هەیە، لە هەڵبژاردنەکانی سەرتاسەرییدا بەیەکەوە بووبین، لەهی شارەوانییەکاندا جیاواز بووین.

6 سەرۆکی هەرێم، جیاوازیی لەنێوان کەناڵەکانی راگەیاندندا دەکات

د. عادل باخەوان: تا هێزی بەرەنگاریی رۆژنامەنووسان هەبێت، دەسەڵات ناتوانێت ئازادی رادەربڕین کۆتوبەند بکات

سازدانی: رۆژنامە

د. عادل باخەوان، لەو بڕوایەدایە لە دە ساڵی رابردوودا، بۆیەکەمجار، رۆژنامەنووسان وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر دەسەڵاتدا دروست دەبن، بۆیە دەڵێت: بایەخی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە لەوەدایە کە لەژێر هەموو فشارە جۆربەجۆرەکاندا دەست لە بەرەنگاریی هەڵنەگرێت. سەبارەت بەوەی کە دەسەڵات دەتوانێت، ئازادیی رادەبڕین کۆتوبەند بکات. عادل باخەوان کە دکتۆرای لە سۆسیۆلۆژیادا هەیە، بڕوای وایە: ئەو چرکەیەی کە دەسەڵات دەتوانێت هێزی بەرەنگاریکردن «موقاوەمە/ ڕێزیستانس» لە رۆچی بزووتنەوەی رۆژنامەنووساندا کاڵبکاتەوە، هەر لەو چرکەیەوە زەنگی مردنی بزووتنەوەکەش لێدەدرێتو تا ئەو ساتەش هێزی بەرەنگاریکردن بەردەوامبێت، رۆژنامەنووسانیش وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەردەوام دەبن.

رۆژنامە: دەسەڵات سەرکەوتوو دەبێت لە کۆتوبەندکردنی ئازدایی؟

* کوردستان بە قۆناغی گوزەردا تێدەپەڕێت، گوزەر ئەو قۆناغەیە کە هەڵگری زیاتر لە ئاراستەیەکە، نەک یەک ئاراستە، واتە چەند مومکینە گوزەر بمانبات بەرەو دیموکراسی، هێندەش مومکینە کە بمانبات بەرەو داخران، دیکتاتۆرییەت، فاشیزم، زەبروزەنگ! چەند مومکینە بمانبات بەرەو یەکگرتنەوە، هێندەش مومکینە کە بمانبات بەرەو هەڵوەشانەوە، لەتبوون، لێکجابوونەوە، پەرتەوازەبوون. لە قۆناغی گوزەردا تەنیا دلنیاییەک کە ئامادەیی هەیە «نادلنیاییە» لەبەرامبەر هەموو ئەگەرەکاندا.

لە دە ساڵی رابردوودا، بۆیەکەمجار، رۆژنامەنووسان وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر دەسەڵاتدا دروست دەبن. من لێرەدا باس لە رۆژنامەی ئازاد ناکەم، چونکە پێموایە ئەم کۆنسێپتە توانای خوێندنەوەی سروشتی ئەو ململانێیەی نییە کە لە ئێستاو ئیرەداو لەنێوان دەسەڵاتو رۆژنامەنووساندا ئیدارە دەکرێت، بەپێچەوانەوە باس لە رۆژنامەنووسان وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر دەسەڵاتی کوردیدا، دەکەم. ئەم بزووتنەوەیە وردە وردە فۆرمێکی تایبەت لە دەرکەوتن لە پانتاییە گشتییەکاندا بۆخۆی دروستدەکاتو لە پرۆسێسی ململانێکردن لەگەڵ دەسەڵاتدا هەموو ئەو چەکانە بەکاردەهێنێت، کە خودی دەسەڵات مۆڵەتی فەرمی پێداون. بۆنموونە: دەرکردنی رۆژنامە، کردنەوەی سایت، کۆرگرتن، مانیفێستاسیۆن، رەخنەگرن،...

داواکاریەکانی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەی رۆژنامەنووسان ئاشکران: ئازادیی زیاتر، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی زیاتر، دادگای بێلایەن، شەفافییەتی زیاتر، کەمکردنەوەی گەندەڵی،...

بایەخی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە لەوەدایە کە لەژێر هەموو ئەو فشارە جۆربەجۆرانەدا دەست لە بەرەنگاریی هەڵناگرێت، کە یەکێکە لە مەرجە سەرەکییەکانی بوونی هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی. پرسیارەکەی جەنابتان ئەوەیە، کە ئایا دەسەڵات سەرکەوتوو دەبێت لە کۆتوبەندکردنی ئازادیدا، لەوەڵامدا دەکرێت بڵێم، ئەو چرکەیەی کە دەسەڵات دەتوانێت هێزی بەرەنگاریکردن «موقاوەمە/ ڕێزیستانس» لە رۆحی بزووتنەوەی رۆژنامەنووساندا کاڵبکاتەوە، هەر لەو چرکەیەوە زەنگی مردنی بزووتنەوەکەش لێدەدرێتو تا ئەو ساتەش هێزی بەرەنگاریکردن بەردەوام بێت، رۆژنامەنووسانیش وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەردەوام دەبن، واتە لە ئێستادا سۆسیۆلۆگێک نییە کە پێت بڵێت، دەسەڵات سەرکەوتوو دەبێت، یان نا، چونکە ئەوە پەیوەندیی بە چۆنێتیی ئەو داتایانەوە هەیە کە داهاتووی ململانێی نێوان ئەو دوو ئەکتەرە (دەسەڵاتو رۆژنامەنووسان) پێشکەشمانی دەکەن.

رۆژنامە: پێویستە چۆن رووبەڕووی کۆتوبەندکردنی ئازادیی رادەبڕین ببینەوە؟

* یەکەم پرانسیپێک کە پێویستە رۆژنامەنووسان وەک بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی لەسەری ڕێکبکەون، پەنانەبردنە بۆ زەبروزەنگو رەتکردنەوەیەتی بەهەموو شێوەیەک. هەر بەکارهێنانێکی زەبروزەنگ دژ بە دەسەڵات، ئەم بزووتنەوەیە دەخاتە بەردەم گریمانەی گلان بەرەو تیرۆریسم، یاخود نا-بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی. لەهەمانکاتداو لەپێناوی بەرگریکردن لە ئازادییەکاندا، بزووتنەوەی رۆژنامەنووسان دەبێت هەموو میتۆدە مەدەنییەکان بگرێتە بەر، هەر لە نووسینی مەقالەیەکەوە تا دەگاتە مانیفێستاسیۆنو مانگرتنی سەرتاسەریی. بەلامەوە ئاسایی نییە کە پەنجەرەی وەزارەتێک بشکێنرێت، بەڵام بەلامەوە ئاسایی‌و گرنگە کە رۆژنامەنووسان مانگێک لەبەردەم سەرۆکایەتی وەزیراندا مانبگرن تا پاشەکشە بە بڕیارێکی نادروستی حکومەت دەکەن.

هەروەها کەرەسەیەکی دیکەی مەدەنییانە کە یەکێکە لەو چەکە بەهێزانەی دەسەڵاتی کوردی بەردەوام لێی دەترسێت، بریتییە لە میدیای خۆرئاوایی. چەند بزووتنەوەی رۆژنامەنووسان بتوانن میدیاکانی خۆرئاوا لەپێناوی ئامانجەکانی بزووتنەوەکەیاندا بەکاربهێنن، ئەوەندەش گۆڵ لە دەسەڵات دەکەن. ستوونێکی رۆژنامەی لۆمۆندی فەرەنسی، یان واشنتۆن پۆستی ئەمریکی بەسە بۆئەوەی چینی سیاسیی کوردی بێدەنگی بشکێنێتو هەست بە مەترسی لەسەر بەرژەوەندییەکانی بکات.

رۆژنامە: حیزبە دەسەڵاتدارەکان دەیانەوێت لە هەموارکردنی یاسای رۆژنامەگەریدا «زیندانیکردنی رۆژنامەنووسان‌و داخستنی رۆژنامەکان» زیاد بکەن، ئەمە چ ئاماژەیەکە بۆ ئازادیی رادەبڕین؟

* ئەمە یەکێکە لەو داتایانەی کە زیاتر لە گریمانەی دیکتاتۆرییەتو فاشییەتو تۆتالیتاریمان نزیکدەکەنەوە تا گریمانەی دیموکراسی‌و کۆمەڵگەی مەدەنی‌و کرانەوە. ئەم داتایە زیاتر بەرەو مۆدێلی کۆریای باکوورو چین‌و تونس‌و کۆماری ئیسلامیمان دەبەن تا مۆدێلی فەرەنسی‌و ئەمریکی‌و بەریتانی‌و ئەڵمانی. ریپۆستی بزووتنەوەی رۆژنامەنووسان، دەبێت موقاوەمەبێت. رژانە سەر جادەکان، مانگرتن، بابەتیبوون لە نووسینەکاندا، مۆبیلیزەکردنی جەماوەر بە هەموو چین‌و توێژەکانەوە، دەبێت بخرێنە خزمەتی پرۆسێسی بەرەنگارییەوە. دەسەڵاتێک نییە لە دنیادا وەک خێر ئازادیی دابەشبکات بەسەر هاوڵاتییاندا، ئەوە هاوڵاتیان خۆیانن کە فەرمانی ئازادیی دەسەپێنن بەسەر سیستمی هەیمەنەی هەیمەنەدارەکاندا. ئەگەر بزووتنەوەی رۆژنامەنووسان لە فەرەنسادا بەهێزو کارا نەبن‌و لە پرۆسێسی بەرەنگاریی رۆژانەدا نەبن، لە سبەینێیەکی زوودا سارکۆزی کۆنترۆڵی هەموو دەزگاکانی راگەیاندن دەکات. ئەوەی وا لە رۆژنامەنووسێک دەکات کە لە لاپەڕەی یەکەمی گۆڤارەکەیداو بە مانشێت بنووسێت «سارکۆزی: حەقیر»و سبەینێ راپێچی زیندانەکان نەکرێت، تەنیاو تەنیا بەهێزی بزووتنەوەی رۆژنامەنووسانە کە ئازادیی رادەربڕین دەسەپێنێت بەسەر چینی هەیمەنەداردا، نەک بەخشندەییی‌و میهرەبانیی چینی هەیمەنەدار.

PKK چاوەڕوانی وەڵامی حکومەتی تورکیا دەکات

فەیسەڵ محەمەد- قەندیل

موراد قەرەیلان، هیوای خواست پرسی کورد لە تورکیا بە ئاشتی چارەسەر بکرێت‌و داواشی لە هەموو سیاسەتمەداران کرد هەوڵەکانیان لەو رووەوە بەگەڕبخەن.

لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا، کە رۆژی (٢٠١٠/٩/٣٠) لە قەندیل سازیکردبوو، موراد قەرەیلان، سەرۆکی کۆما جڤاکێن کوردستان رایگەیاند: تێکۆشانی گەلی کورد بۆ ئازادیی بە قۆناغێکی گرنگدا تێدەپەڕێت، پرسی کورد لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا پرسێکی ئاڵۆزەو جێگەی بایەخ‌و گرنگی پێدانە، ئێمە دەخوازین ئەم قۆناغەی کە تێیداین بۆ دۆزی کورد چارەسەر بێت بەشێوەی ئاشتییانەو پێویستە جڤات‌و سیاسەتوانان ئەم پرسە بۆ چارەسەری کێشەی میللەتێک فەرز بکات‌و بیچەسپێنێت‌و وەک ئەرکێک لێی بڕوانێت.

وتیشی: «لە ١٣ی نیسانی ٢٠٠٩دا ئاگربەست‌و ناچالاکیی سەربازییمان راگەیاندو لەم رووەشەوە گەلێک هەنگاوی گرنگمان نا، بەڵام بەداخەوە دەوڵەتی تورک‌و حکومەتی akp بە ئەرێنی وەڵامی ئەم داواکاریی‌و بانگەوازەی ئێمەیان نەدایەوەو لە بەرامبەردا ئۆپەراسیۆنی سیاسیی‌و سەربازییان بەردەوامکرد بەناوی پێشخستنی دیموکراسی».

بە وتەی قەرەیلان، حکومەتی تورکیا بەردەوامن لە زیندانیکردنی سیاسەتوان‌و چالاکوانانی کوردو ئاشکرایکرد: «(١٧٠٠) کەس بێ پرس‌و لێکۆڵینەوە خزێنرانە زیندانەکانەوە، عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە (١٣)ی تەباخدا ناچالاکیی سەربازیی‌و ئاگربەستی راگەیاند، بۆ ئەمەش چوار خاڵ‌و چوار مەرجی گرنگمان داواکرد، کە راگرتنی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی‌و بەردانی گیراوە سیاسییەکان‌و دانانی دەستوورێکی نوێ بۆ تورکیا، بەڵام دەوڵەتی تورک‌و حکومەتی akp ئاخاوتنێکی جدییان لەمبارەیەوە نەکرد، ئۆپەراسیۆنی سەربازیی بەردەوامە، گرتنی سیاسیی بەردەوامە، هەتا لە هەرێمی هەکاری لە ئۆپەراسیۆنێکی ئارتەشی تورکدا (١٠) گەریلای ئێمە شەهید بوون، هەروەها بەدەستی هێزی دەوڵەت (٩) کەس لە گوندی پەیامز کوژران».

ئەوەی موراد قەرەیلان، مەبەستی بوو جەختی لێبکاتەوە ئەوەبوو کە: رێگەچارەی ئاشتییانەو دیموکراسی لەم قۆناغەی ئەمڕۆدا باشتر دەتوانێت رەوشەکە بەرەو پێشەوە ببات‌و رێگەیەکی ئارامترە بۆ چارەسەری دۆزی کوردو هیواخواز بوو دەوڵەتی تورک‌و حکومەتی akp وەڵامی ئەرێنییان بداتەوە، تا چیتر دۆزو پرسی کورد لەو چوارچێوەیەدا قەتیس نەبێ‌و لەو دۆخە چەقبەستووەدا نەمێنێتەوە.

لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا قەرەیلان، رایگەیاند: کە (pkk) بۆ ماوەیەکی نادیار بڕیاری ئاگربەست‌و ناچالاکیی سیاسییان داوە تا بە گفتوگۆو دەستوورو دانوستان‌و رێگەچارەی دیموکراسیانە رەوشی میللەتی کورد لە تورکیادا چارەسەربکرێت.

قەرەیلان، لە کۆنفرانسەکەدا سەبارەت بە رەوشی دەروونیی‌و سیاسیی عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندانداو وتی: «تەندروستی ئۆجەلان زۆرباشە، لە ئێستادا دەوڵەت لە رێگەی نوێنەرەکانیانەوە لە زیندانداو سەردانی دەکەن‌و دیدارو ئاخاوتنیان لەنێواندایە، ئەمەش هەنگاوو دەستکەوتێکی گرنگی ئەم قۆناغەی ئێستای سیاسیمانەو لە ئایندەشدا چاوەڕوانی هەنگاوی باشتر دەکرێت».

قەرەیلان لە کۆنفرانسەکەدا ئامادەیی چارەسەری دیموکراسییانەی نیشاندا، گەر تورکیا لە دەستووری وڵاتەکەیدا دان بە مافەکانی گەلی کوردداو بنێت‌و مافەکانیان دەستەبەر بکات».

کۆنفرانسە رۆژنامەوانییەکەی موراد قەرەیلان

فۆتۆ: AFP

ئاگادارییەک بۆ رۆژنامەنووسان

داوا لەو رۆژنامەنوسانەی شاری سلێمانی دەکەین کە ناویان لە لیستی ئامادەکراوی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان - لقی سلێمانیدا هەیە بۆ وەرگرتنی زەوی، کە بریتین لە ناوی (١٩٢ کەس) لە ئەندامانی کارای ئەو لقەو تائێستا سوودمەند نەبوون لە وەرگرتنی زەوی، رۆژی شەممە (٢٠١٠/١٠/٩) کاتژمێر (٣:٣٠) لە (سەکۆی ئازاد - پارکی ئازادی) ئامادەبن بۆ کاری پێویست.

لیژنەی بەدواداچوون

سوپاسنامە

ئێمە وەک بنەماڵەی هەردوو جوانەمەرگ (سەردار نەمەڵی – زانای حاجی بەکر)ەوە، بەناوی سەرجەم ئەندامانی هەردوو خانەوادەکەمانەوە، زۆر سوپاسی بێپایانی سەرجەم ئەو کەس‌و لایەنانە دەکەین کە لە یەکەم ساتی بیستنی ئەو کارەساتە گەورەیەی کە بەرۆکی بنەماڵەکەمانی گرت، هاوخەم‌و هاوکارمان بوون‌و ئەرکیان کێشا لەگەڵماندا‌و جێگای خۆیەتی لێرەوە، بەتایبەتی سوپاسی خودی بەرێز، کاک نەوشیروان موستەفا، سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان‌و سەرجەم ئەنجومەن‌و بازنەکان‌و گۆڕانخوازان‌و هەڵسوڕاوانی ئەم بزووتنەوەیە بکەین کە شانبەشانی ئێمە وەستان لەگەڵمان لەناوەوەو دەرەوەی وڵات.

بەدڵنییایەوە، ئەگەر ئەو هاوخەمی هاوسۆزییەی هاوفیکرو هاوئامانجەکانی کاکە (سەردار نەمەڵی‌و کاک زانای حاجی بەکر) نەبوایە، زۆر ئەستەم بوو بتوانین لەبەرامبەر ئەو کارەساتە گەورەیەدا خۆمان راگرین.

لەکۆتاییدا داواکارین لە خودای پەروەردگار، پاداشتی هەموو لایەک بداتەوەو جوانەمەرگانیش کاکە (سەردار نەمەڵی‌و کاکە زانای حاجی بەکر) بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.

بنەماڵەی
(سەردار نەمەڵی – زانای حاجی بەکر)

پەرلەمانتارێک پێشنیازی چارەسەرکردنی گرفتە یاساییەکانی کەسوکاری قوربانییانی ئەنفال دەخاتەڕوو

رۆژنامە

فۆتۆ: ئیبراهیم عەلی

د زانا رەئوف ئەندامی فراکسیۆنی گۆران لە پەرلەمانی کوردستان یاداشتێک بۆ چارەسەرکردنی گرفتە یاساییەکانی کەسوکارو خانەوادەی قوربانییانی ئەنفال پێشکەش بە پەرلەمان دەکاتو تیایدا بۆ چارەسەرکردنی ئەوگرفتانەی پەیوەندییان بە بەڵگەنامە رەسمییەکانی ئەو کەسانەوە هەیە، چەند پێشنیازێک دەخاتە روو، گرنگترینیان لیژنەیەک پێکبهێنرێت بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی پێویست لەسەر کۆی گشتیی ئەو هاوڵاتییانەی کە لە خانەوادەی قوربانییان وکەسوکاری پاشماوەی کارەساتی ئەنفالن و گرفتی یاساییان هەیە.

ئەمەش دەقی پێشنیازەکەیە

بەرێز: دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان-عێراق

پێشنیازی چارەسەرکردنی هەندێک لە گرفتە یاساییەکانی کەسوکارو خانەوادەی قوربانییانی ئەنفال

سڵاوو رێز.....

پشتبەست بە خاڵی چوارەم لە بڕگەی دووەمی مادەی (٥٤)ی پەیڕەوی ناوخۆی هەموارکراوی پەرلەمانی کوردستان، کەدەڵێت «هەر ئەندامێک، مافی ئەوەی هەیە کە داوا لە دەستەی سەرۆکایەتیی بکات کە بیرۆکەیەک بخاتەڕوو بۆ ئەوەی لەلایەن حکومەتەوە خودان بکرێت»و لەپێناو دانانی پلانێکی یاسایی تۆکمە بە مەبەستی هاوکاریکردنی کەسوکارو خانەوادەی کارەساتی ئەنفال لە چارەسەرکردنی بەشێک لەو گرفتە یاساییانەی کە وەک ئاسەواری قۆناغی شومی ئەنفال لە شێوەو رووخساری جیاوازو هەمەچەشندا رووبەڕووی ئەو خانەوادانە دەبێتەوەو دوابەدوای ئەو رووداوە نەخوازراوەی کە لە گەرمیان رویدا سەبارەت بە دەستگیرکردنی هاوڵاتیی دانیشتووی شارۆچکەی کفری، بەڕێز (بورهان حەمەخان غەریب مەعروف) لەبەربوونی هەندێک گرفتی یاسایی لە بەڵگەنامەو رێکارە یاساییەکاندا بەدەر لە ویستی دادگاو دەسەڵاتی دادوەریی، هەموو ئەمانە ئاماژەیەکی گرنگو مەترسیداری دا بە گوێو ویژدانی هەموو لایەکماندا، سەبارەت بەوەی کە هێشتا خانەوادەو کەسوکاری قوربانییانی ئەنفال لە هەرێمی کوردستاندا، نەک هەر لە دۆخێکی ناهەموارو نالەباردا دەژین، بەڵکو تا ئێستاش لە رووی یاساییەوەو بەپێی ئەو یاساو رێنماییو رێکارە یاساییانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا پەیڕەو دەکرێن، چەندین بەربەستی گەورە لەسەر ژیان و گوزەران و مامەڵە یاساییەکانی ئەو هاوڵاتییانە هەن لە نموونەی «بەدەستهێنانی ناسنامە، گۆڕینی ناسنامە، بەڵگەنامەی مردن بۆ کۆچکردووانیان، بەڵگەنامەی لەدایکبوون و راستکردنەوەی ئەو بەڵگەنامەیە، دەستکاریکردنی تەمەن، جێگیرکردنی وەچە،.....هتد» . ئەم گرفتانەش کاتێک زیاتر زەق دەبنەوە کە ئەو هاوڵاتییانە روو لە فەرمانگە حکومییەکان دەکەن و بە تایبەتیش کاتێک کە روو لە دادگاکان دەکەن لە سنووری دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا، دەبینین بەشێک لەو هاوڵاتییانە روبەڕووی چەندین کێشەوگرفتی یاسایی جۆراوجۆر دەبنەوە، هۆکارەکەش لەم بارەدا ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو فەرمانگانە، یاخود دادگاکان وەک پێویست بە تەنگ داخوازییەکانی ئەو هاوڵاتییانەوە ناچن، یاخود داواکارییەکانیان بۆ جێبەجێ ناکەن، بەڵکو هۆکارەکە بە پلەی یەکەم لە لایەک پەیوەستە بەوەی ئەو هاوڵاتییانەی بەحوکمی ئەو بارودۆخە ناهەمواریەی کە بەهۆی کارەساتی ئەنفالەوە تووشی هاتوون، وایکردووە کە لە هەندێک لە بەڵگەنامە رەسمییەکانیاندا کەموکورتییان هەبێت، یان هەندێک بەڵگەنامەی رەسمییان نەبێت، یاخود لە دەستیان دابێت، هۆکارەکانی ئەمەش لای هەموان ئاشکرایە، کە بۆچی ئەو کەموکورتییانە هەن لە بەڵگەنامەکاندا، لە لایەکی تریشەوە ئەو یاساو رێکارە یاساییانەی کە لە هەرێمدا جێبەجێ دەکرێن، بە جۆرێکن وەک پێویست ئەو بارودۆخە ناهەمواریە لەبەرچاو ناگرن کە خانەوادەکانی ئەنفال تیایدا بوون و تیایدان، ئەمەش لەبەر ئەوەی یاساکان و رێکارە یاساییەکان سیفەتێکی گشتگیرو ئەبستراکتیان هەیەو ناچنە ناو وردەکارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی هاوڵاتییانەوە.

هەر ئەمەش وایکردووە، بەشێکی زۆری مافەکانی ئەو هاوڵاتییانە لەدەست بچێت، یان نەوێرن داکۆکی لێبکەن، یاخود نەتوانن وەک پێویست سەردانی فەرمانگەکان، یاخود دادگاکان بکەن و بەدوای داخوازیی و داواکارییەکانیاندا بچن لەترسی ئەوەی نەوەک رووبەڕووی کێشەو گرفتی یاسایی ببنەوە.

بێگومان، لە نموونەی ئەم حاڵەتانەدا سەرچاوەی سەرەکی گرفتەکان بریتیی نییە لە بڕیاری هەڵەی دادگا بەوەی یاسای جێبەجێ نەکردبێت، یاخود هەڵەی فەرمانبەرێک کە سەرپێچی ئەرکەکانی خۆی کردبێت، بەقەد ئەوەی کە گرفتەکان پەیوەستن بەو یاساو رێنماییە پەیڕەوکراوانەی کەلە هەرێمدا هەن کە نەیانتوانیوە ئەو دۆخە نالەبارەی کە ئەو خانەوادانەی تیادا ژیاون لە رابردوودا وەک پێویست لەبەرچاو بگرن. هەموو ئەمانە لە کاتێکدا بە هەموو پێوەرێک ئەو خانەوادانە، نەک هەر لە کۆندا مافەکانیان لێ زەوتکراوەو هەلومەرجی ژیانیان لەوپەڕی نالەباریدا بووە، بەڵکو تەنانەت تا ئێستاش بە بەردەوامی ناتوانن بگەڕێنەوە دۆخی یاسایی و ئاسایی خۆیان، یاخود ناتوانن وەک پێویست سوودمەند ببن لە مافەکانیان، ئەمەش لەبەر نەبوونی بەڵگەنامەی یاسایی پێویست، یاخود بەهۆی رێگریی یاسا پەیڕەوکراوەکان. هەر ئەمەش وا پێویست دەکات لەسەر هەموولایەک ئاورێکی جدیی بەرپرسانە بدەینەوە لەم گرفتە یاساییەی کە ئێستا بە فیعلی بوونی هەیە تا هەڵوێستەیەک بکەین لە ئاستیدا، ئەوەی کەبەسەر بەڕێز (بورهان حەمەخان)دا هات، رەنگە تەنیا نموونەیەکی زۆر ساکار بێت بۆ چەندین حاڵەتی تر کە خاوەنی کێشەکان، یاخود بەرژەوەندییەکان نەوێرن سەردانی دادگاکان بکەن، نەوەک رووبەڕووی سزا، یاخود لێپێچینەوە ببنەوە، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر ئەو بارودۆخەی کە ئەو خانەوادانە پیایدا تێپەڕیون لەڕووی یاساییەوە لەبەرچاو بگیرایە، ئەوا هەرگیز شایستەی ئەوە نەدەبوون کە سزا بدرێن، یاخود بەپرسیارێتی بخرێتە ئەستۆیان، یان بە کەمتەرخەم لەقەڵەم بدرێن. لەم پێناوەشداو بە مەبەستی چارەسەرکردنی بارودۆخی نالەباری خانەوادەکانی ئەنفالکراوان تایبەت بەم حاڵەتەو بۆ ئەوەی بتوانین هەندێک گرفتی یاسایی و رێکارە یاساییەکان کە رووبەڕووی کەسوکاری ئەنفالکراوان دەبنەوە، بە هۆی نەبوونی هەندێک بەڵگەنامەی یاسایی پێویست، یاخود کەموکورتی لە هەندێک لە بەڵگەنامەکاندا، بە شێوەیەکی یەکجارەیی کۆتایی پێبهێنین، ئەم چەند خاڵەی لای خوارەوە وەک بیرۆکەی پێشنیاز دەخەمە بەردەست ئێوەی بەڕێز، تا لە رێگەی ئێوەی بەڕێزەوە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەت بکرێت، بەهیوای ئەوەی پێشنیازەکە خودان بکرێت پاش ئەوەی بۆ هەموو لایەک سەلمێنراو دڵنیا بوون پێشنیازەکان بە سوودن و بە خزمەت بۆ خانەوادەی ئەنفالکراوان دەشکێنەوە، پوختەی پێشنیازەکەش بریتییە لە:

١. سەرەتا پێشنیاز دەکەم لە رێگەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستانەوە، داوا بکرێت کە لیژنەیەکی بالا پێکبهێنرێت لە نوێنەرانی وەزارەتی شەهیدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی کۆمەڵەی قوربانییانی ئەنفال لەژێر سەرپەرشتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهیدان و قوربانییانی پەرلەمانی کوردستاندا، ئەرکی سەرەکی ئەم لیژنە بالایە بریتی بێت لە کۆکردنەوەی زۆرترین زانیاریی و داتای پێویست بێت لەسەر کۆی گشتیی ئەو هاوڵاتییانەی کە لە خانەوادەی قوربانییان و کەسوکاری پاشماوەی کارەساتی ئەنفالن و گرفتی یاساییان هەیە لە هەندێک لە بەڵگەنامە رەسمییەکانیاندا، هەروەها جۆری ئەو گرفتە یاساییانەی کە رووبەڕووی ئەو خانەوادانە دەبنەوە لەناو فەرمانگە رەسمییەکان و بە تایبەتیش لە دادگاکاندا سەبارەت بە هەر بابەتێک کە سەرچاوەی گرفتەکەی بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەست بێت بە ئاسەواری شالاوی ئەنفالەوە، واتە ئەوە بکرێتە مەرج، دەبێت سەرچاوەی ئەو گرفتە یاساییەی کە لە ئێستادا رووبەڕووی ئەو هاوڵاتییانە بووەتەوە لە نەبوونی بەڵگەنامەی یاسایی دروست، یاخود کەموکورتی لە بەڵگەنامەکانیاندا بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندیی هەبێت بە بارودۆخی نالەباری خانەوادەو کەسوکاری پاشماوەی ئەنفال لەکاتی هەڵمەتەکانی شالاوی ئەنفالدا.

٢. ئەو لیژنە بالایە لە ماوەیەکی زەمەنی دیارکراودا، پاش ئەوەی بە وردیی رووپێوی ناوچە جیاوازەکان دەکات لە هەرێمدا (بەتایبەتیش ئەو ناوچانەی کە رووبەڕووی شالاوی ئەنفال بوونەتەوە)و لەگەڵ خاوەن گرفتەکاندا دادەنیشێت و گفتوگۆیان لەگەڵ دەکات و بە وردیی سەرچاوەی کێشەو گرفتەکانیان دەشتنیشان دەکات و پاش ئەوەی ئەم لیژنە بالایە لە راگەیاندنێکی گشتیدا وادەیەکی زەمەنیی دیاری دەکات بۆ ئەو کەسانەی کە لەم چەشنە کێشەیەیان هەیەو بانگەوازەکە دەیانگرێتەوە، تا پەیوەندیی بکەن بەو لیژنەیەوە تا بە شێوەیەکی دروست زانیارییەکانیان تۆمار بکەن، پێویستە لەسەر لیژنەی ناوبراو راپۆرتێکی تێروتەسەل ئاراستەی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان بکات لەسەر ئەم بابەتە.

لەو راپۆرتەدا پێویستە لیژنە بە وردیی جۆری ئەو گرفتە یاساییانە بخاتەڕوو کە لە فەرمانگەکان و دادگاکاندا رووبەڕووی ئەو هاوڵاتییانە دەبێتەوە، هەروەها پێشنیازی پێویست و گونجاو بۆ چارەسەرە یاساییەکان لە راپۆرتەکەدا جێگیر بکات، بەمەرجێک نابێت هیچ کاتێک پێشنیازی ئەو چارەسەرە یاساییانە تۆمەتبارکردن، یاخود دروستکردنی بەرپرسیارێتی یاسایی لەسەر کەسوکارو بنەماڵەی ئەنفالکراوان دروست بکات بۆ ئەو رەفتارانەی کە لە رابردوودا ئەنجامیانداوە لە نەبوونی بەڵگەنامەی پێویست، یاخود کەموکورتی لە بەڵگەنامەکاندا.

٣. پێویستە لەسەر وەزارەتی شەهیدان، بە هاوکاریی بەشی یاسایی وەزارەت راپۆرتی تایبەتی خۆی و راسپاردەی تایبەتی خۆی سەبارەت بە گرفتە یاساییەکان و راپۆرتی لیژنەی بالا هاوشان لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی بالادا ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان بکات و تیایدا ئەوەش بخاتەڕوو کە ئایا وەزارەت خۆی لە توانایدا هەیە کە ئەو گرفتە یاساییانە چارەسەر بکات، یان نا.

جا ئەگەر وەزارەت لە توانایدا نەبوو ئەو گرفتانە چارەسەر بکات، ئەوا دەبێت لە راپۆرتەکەیدا کە ئاراستەی پەرلەمانی دەکات، بە وردیی ئاماژە بدات بەو پێشنیازانەی کە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان دەیانخاتەڕوو، بەوەی کە ئایا پەرلەمان پێویستە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکە بڕیارێک بۆ ئەو مەبەستە دەربکات، یاخود پێویستمان بە پرۆژە یاسایەک دەبێت. لە هەموو بارێکدا پێشنیاز دەکەم کە پەرلەمانی کوردستان، راستەوخۆ لەپاش گەیشتنی راپۆرتی وەزارەت بڕیارێکی پابەندکار دەربکات بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان، تا لانیکەم بتوانێت (بۆ نموونە) دادگاکان پابەند بکات بەوەی پێویستە دۆخی نالەباری خانەوادەی پاشماوەکانی ئەنفال لەبەرچاو بگیرێت، کاتێک دادبینی دەکەن بۆ کێشەیەک کە خاوەنی کێشەکە، یاخود یەکێک لە لایەنەکانی کێشەکە هاوڵاتییەکی پاشماوەی کارەساتی ئەنفال دەبێت، چونکە ئەگەر پەرلەمان نەتوانێت بڕیارێک، یاخود یاسایەکی لەو شێوەیە دەربکات، ئەوا دادگاکان بە دڵنیاییەوە ناچارن یاسا پەیڕەوکراوەکان جێبەجێ بکەن و پابەند بن پێوەی، با ئەگەر لە هەندێک لە رێکارە یاساییەکاندا زیانیش بە خانەوادەی ئەنفالکراوان بگەیەنێت لەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە ئاسەواری شالاوەکانی ئەنفال و ئەو ماوە زەمەنییەوە هەیە، چونکە ئەگەر دادگاکان و دادوەرەکان ئەو یاسایانە وەک خۆیان پەیڕەو نەکەن، ئەوا ئەوان خۆیان تووشی لێپێچینەوەی یاسایی دەکەن، ئێمەش نامەنەوێت نە کەس سەرپێچی یاساکان بکات، نە کەس بەرپرسیار بکەین و نەکەسیش تووشی لێپێچینەوەو سزادان بکەین لەسەر تاوانێک کە ئەو بەرپرسیار نەبێت لێی.

٤. ئەگەر ئامانجی سەرەکی کۆنفراسی تایبەت بە نەهێشتنی نادادپەروەریی و قەرەبووکردنەوەی قوربانییانی دەستی رژێمی پێشوو کە بەچاودێریی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و بە سەرپەرشتی وەزارەتی کاروباری شەهیدان لە ٢٠١٠/٩/٢٦دا بە سەرکەوتوویی ئەنجامدرا، بۆ ئامادەکردنی دۆسیەی پێویست بووبێت بۆ داواکردنی قەرەبوو بۆ زیانلێکەوتووانی دەستی رژێمی پێشوو، کە بە بڕوای ئێمە هەنگاوێکی زۆر دروستەو بە دڵنیاییەوە جێگەی دەستخۆشی و نرخاندن و پشتگیریکردنە، ئەوا دەکرێت کۆنفراسێکی تری هاوشێوە ببەسترێت بەمەبەستی دووبارە رێکخستنەوەی باری یاسایی مامەڵەو چاککردنی دۆخی نالەباری کەسوکارو خانەوادەی پاشماوەکانی ئەنفال لە رووی یاساییەوە، تا وەک هاوڵاتیانی تری هەرێمی کوردستان بارودۆخی یاساییان ئاسایی بکرێتەوەو دەکرێت لەو کۆنفرانسەدا چەندین پرسی گرنگی تری تایبەت بەو بابەتە بوروژێنرێن، لە رێگەی سوود وەرگرتن لە تواناکان و پێشنیازەکان و راسپاردەکانی چەند پسپۆڕێکەوە، کە بۆ ئەو مەبەستە توێژینەوەی تایبەت پێشکەش بکەن.

٥. لە هەموو بارێکدا، پێویستە ئەم رێوشوێنە یاساییانە بۆ ئەو مەبەستە بگیرێنەبەر کە بتوانرێت بەدڵنیاییەوە بە شێوەیەکی یاسایی بۆ هەتا هەتایە مەسەلەی هەندێک گرفتی یاسایی خانەوادەکانی ئەنفال بنەبڕ بکرێت، خۆ ئەگەر نەتوانرا، زوو هەنگاوێکی لەو شێوەیە بنرێت، ئەوا رەنگە هەندێک لە یاساکان و رێکارە یاساییەکان رۆژانە خانەوادەی ئەنفالکراوان، ئەنفال بکەنەوە.

لە کۆتاییدا، هیوادارم کە هەموو لایەک بە تەنگ ئەم پێشنیازەوە بێن، جا ئەگەر لەم قۆناغەدا لە پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەریی نەمانتوانیبێت وەک پێویست بە تەنگ داخوازییە رەواکانی کەسوکارو خانەوادەی سەربەرزی ئەنفالکراوانەوە بێین و مافەکانیان بۆ بگەڕێنینەوە، ئەوا با نەشبینە هۆکارێک بۆ زەوتکردنی ئەو بەشە مافەی کە ماویانە.

با چیتر خانەوادەی ئەنفالکراوان، ئەنفال نەکرێنەوە

لەگەڵ ئەوپەڕی رێزدا

د.زانا رەئوف حەمەکەریم
ئەندامی پەرلەمانی کوردستان
٢٠١٠/١٠/٤

سەرۆکی هەرێم، جیاوازیی لەنێوان کەناڵەکانی راگەیاندندا دەکات

لەساڵیادی دامەزراندنی میدیاکاندا تەنها پیرۆزبایی لە کەناڵەکانی پارتیو یەکێتی دەکات

راپۆرتی: رۆژنامە

رۆژنامەنووسان ئاماژە بەوە دەکەن: سەرۆکی هەرێم لە ساڵیادی میدیاکانی پارتیو یەکێتیدا پیرۆزبایی و دەستخۆشییان ئاراستە دەکاتو میدیاکانی دیکەی فەرامۆش کرد وەو ئەندامێکی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانیش بە پێویستی دەزانێت سەرۆکی هەرێم بە یەک چاو سەیری هەموو کەناڵەکانی راگەیاندن بکات.

لەماوەی رابردووداو لە ساڵیادی رۆژنامەو کەناڵی راگەیاندنەکانی پارتیو یەکێتیدا، مەسعود بارزانی بەناوی سەرۆکی هەرێمەوە پیرۆزباییو دەستخۆشییان ئاراستە دەکاتو لەدوایەمین کاری لەو جۆرەشدا بینرا، کە لە ژمارەی (٩/٢٨)ی رۆژنامەی خەباتداو لە گوێچکەلەی لای چەپدا بڵاوبووەتەوە، کە «سەرۆکی کوردستان ساڵیادی دامەزراندن لە بەرێوەبەرو ستافی رادیۆی دەنگی کوردستان پیرۆز دەکات»، ئەمەش تەنیا جار نییە، بەڵکو چەندجارێکی دیکەش پیرۆزباییکردن لە کەناڵە حیزبییەکانی یەکێتیو پارتیدووبارەبووەتەوە، ئەمەش نیگەرانیی لای رۆژنامەنووسانی دەرەوەی ئەو دوو حیزبە دروستکردووە.

سەردار محەمەد، جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی ئاوێنە، ئەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە: پیرۆزبایی سەرۆکی هەرێم لە میدیا حیزبییەکانو فەرامۆشکردنی میدیاکانی تری کوردستان ئەوە دەگەیەنێت، کە لە دیدی ئەوانەوە میدیا حیزبییەکانی یەکێتیو پارتی زیاتر لە سیاسەتو بۆچوونی ئەوانەوە نزیکەو ئەوانی تر بەپێچەوانەوە، وتیشی: «هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە ناکەم کە رۆژێک لە رۆژان ئێمە وەک میدیایەکی سەربەخۆ لەو پیرۆزباییەی سەرۆکی هەرێمدا پشکدار بین، چونکە بیرکردنەوەو کارکردنی ئەوان بەو شێوەیەیەو لەو بارەیەشەوە حساب بۆ ئەوە دەکەن، کە ئایا ئەو کەناڵە میدیاییە تاچەند خزمەتی بەرژەوەندیی حیزبەکەی ئەوانی کردووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەو بارەیەوە مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی حیزبێک مامەڵەی کردووە، نەک سەرۆکی هەرێم».

هاوکات پرسیاری ئەوەی، کە ئایا بۆچی سەرۆکی هەرێم بە یەک چاو سەیری هەموو کەناڵەکانی راگەیاندن ناکات، بەڵای ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسانەوە تائێستا بێ وەڵامە، هەروەک سۆران عەزیز، بەرێوەبەری نووسینی رۆژنامەی رووبەر، بۆ رۆژنامە وتی: «دەبوو سەرۆکی هەرێم ئەو پیرۆزباییەی بۆ هەموو کەناڵە میدیاییەکان بوایە، بەڵام نازانم بۆ وا نییە، کە ئەوە رەخنەیەکەو ئاراستەی سەرۆکی هەرێمی دەکەین، دەبوو بە یەک چاو سەیری هەموویانی بکردایە».

بەوپێیەی کە سەرجەم کەناڵە میدیاییەکانی کوردستان مۆڵەتیان لە وەزارەتی رۆشنبیریی و سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان وەرگرتووە، پێویستە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا بێ جیاوازیی بێتو بەرپرسانی هەرێم مامەڵەیان لە چوارچێوەی یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧)ی رۆژنامەگەریدا لەگەڵ بکەن.

ئەنوەر حسێن، ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، بەپێویستی دەزانێت سەرۆکی هەرێم بە یەک چاو سەیری هەموو کەناڵەکانی راگەیاندن بکاتو «تا ئەو شوێنەش ئاساییە کە مەسعود بارزانی وەکو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی ئاراستەی کەناڵە حیزبییەکان بکات، لەو بارەداروژنامەنووسانی دەرەوەی ئەو حیزبانەش گلەیی ناکەن، بەڵام وەک سەرۆکی هەرێم دەبێت مامەڵەکانی وەک یەک بێت لەگەڵ هەموو هاوڵاتییەکانی هەرێمو هەموو کەناڵەکانی راگەیاندن، هەموو حیزبەکان، هەموو کەناڵە میدیاییەکان لەژێر سایەی سەرۆکی هەرێمدا مۆڵەتیان وەرگرتووە، مانای وایە کە هەمان ئیمتیازیان هەیەو دەبێت کاک مەسعود لەو لایەنەوە زۆر بە وردیی سەیری شتەکان بکات».

ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان ئاماژەی بەوەشکرد: رەنگە ئاسایی بێت کە بەرپرسێکی حکومیی یان حیزبیی ئەو مامەڵەیە بکاتو جیاوازیی بکات لەنێوان کەناڵەکانی راگەیاندنداو ئیستیسنا بکات لەنێوان میدیای ئەهلییو ئۆپۆزسیۆنو میدیای حیزبدا، بەڵام بۆ سەرۆکی هەرێم دەرکەوتەی خراپی دەبێت هەم لە رووی ئینتیماوەو هەم لە رووی ئەوەی زیاتر ئەو قەیرانانە قووڵ ببێتەوە کە لەنێوان ئەو لایەنانەدایە.

بە بڕوای ئەنوەر حسێن، رەنگە هۆکاری بێبەشکردنی کەناڵەکانی دەرەوەی پارتیو یەکێتی لە پیرۆزباییو دەستخۆشیی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، بگەڕێتەوە بۆئەوەی، کە «هەمیشە دەسەڵاتداران ئەو رەخنەیەیان هەیە کە میدیا ئەهلییو ئۆپۆزسیۆنەکان هێرش دەکەنە سەر دەسەڵاتو حکومەتو سەرۆکایەتی هەرێم، بەڵام ناکرێت لەبەرئەوەی کە میدیا رەخنە دەگرێت، بەوشێوەیە دژایەتی بکرێت».

بۆچوونێکی ترئەوەیە، بەکارهێنانی پۆستی گشتییو حکومیی بۆ پیرۆزباییکردن لە میدیاو رێکخراوی حیزب لە ساڵیادی دامەزراندنیاندا هەڵەیە، کە لە کوردستاندا بووەتە دیاردە.

عەبدولکەریم ئەحمەد، سەرنووسەری رۆژنامەی یەکگرتوو، ئەوەی بۆ رۆژنامە شیکردەوە: تێکەڵکردنی پلەو پۆستە حیزبییو حکومییەکان لە کوردستان بووەتە دیاردەو ئەو بەرپرسەی کە خەڵک هەڵیبژاردووە، واتە نوێنەری خەڵکە لەسەرجەم چینو توێژە سیاسییەکان، ئەمە پۆستێکی حکومیی هەیە، بەڵام ئەم پۆستە تێکەڵ دەکات لەگەڵ ئەو پۆستە حیزبییەی کە کادیرانی حیزبەکەی بە هەڵبژاردن پێیان داوە، «لەم بارەشدا پۆستە حکومییە گشتییەکە دەخاتە خزمەتی پۆستی حیزبییەوە، ئەمە بۆ خۆی دیاردەیەکی ناتەندروستەو خزمەت بە پرۆسەی سیاسیی ناکات لە کوردستاندا، لە پیرۆزبایی سەرۆکی هەرێمیش بۆ رێکخراو یان کەناڵێکی حیزبەکەی ئەمە بە ئاشکرا بەدیدەکرێت».

سەبارەت بە گلەیی میدیا حیزبییەکانی دەرەوەی پارتیو یەکێتیش، لەو بارەیەوە عەبدولکەریم وتی: «لە بنەڕەتدا ئەم شێوازی پیرۆزباییە لە هەستێکی حیزبییەوە هەڵقوڵاوە، نەک بریتی بێت لە هەستێکی نیشتمانیی تاوەکو ئێمە رەخنە لەو کەسانە بگرینو بڵێین بۆ پیرۆزبایی لە رۆژنامەکەی ئێمە ناکات، ئەمەیان جێگەی لۆمەکردن نییە، چونکە ئەو بەرێزانە وەکو کەسێکی حیزبیی ئەو پیرۆزباییە دەکەن، تەنیا لۆمە کە بکرێن ئەوەیە، کە لەبری پۆستە گشتییەکە پێویستە پۆستە حیزبییەکە بەکاربهێنن».

«رەنگە بۆ دواخستنی سەرژمێریی، ئاژاوە لە ناوچەدابڕاوەکاندا دروستبکرێت»

سازدانی: رۆژنامە

عەبدولڕەحمان سدیق، وەزیری پێشووی ژینگەی عێراقو بەرێوەبەری پرۆژەی پرد بۆ توێژینەوە، باس لەو مەترسییانە دەکات کە دروست دەکرێن لەبەردەم پرۆسەی سەرژمێرییدا و نیازی عەرەبو تورکمان لەدواخستنی ئەو پرۆسەیە رووندەکاتەوە.

رۆژنامە: ئایا لە رووی سیاسییەوە پرۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانیشتووان، چ کاریگەرییەکی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت وەک بەشێک لە عێراق؟

* ئەم پرۆسەیە، پرۆسەی سەرژمێریی و ئامار کە بەپێی مادەی (١١٠)ی دەستووری عێراق بەرێوەدەچێت، ئەگەر ئەنجام بدرێت، ئەوە دەبێتە نۆیەم پرۆسە لە دوای هەشت سەرژمێرییەکەی ساڵانی نێوان (١٩٢٧) و(١٩٩٧).

پرۆسەکە کاریگەریی زۆری هەیە، لەرووی سیاسییەوە ژمارەی راستەقینەی خەڵکی کوردستان دیاریدەکات، کە ئەمەش کۆی گشتیی ژمـــارەی کورسییەکانی هەرێمی کوردستان دیاریدەکات، لە رووی ئابوورییەوە بڕی بودجەی تەرخانکراو بۆ هەرێمی کوردستانو باری گوزەرانو ئاستی بژێویی و رێژەی هەژاریی و خاوەن موڵکو کرێچی و...هتد دیاریدەکات، لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ژمارەی نێرومێ، رەبەنو خێزاندار، قۆناغەکانی تەمەن، بێکاران، رێژەی تەڵاق،...هتد دەردەخات، لە رووی تەندروستیو ژینگەیشەوە، داتابەیسێکی گەورە دەخاتە بەرچاوی دروستکارانی بڕیار لەکوردستاندا.

رۆژنـــامـــە: کـــورد، تـــا چەند وەک مەسەلەیەکی سیاسییو ستراتیژیی گرنگ بایەخی بەم پرۆسەیە داوە، هەست ناکەیت، خۆئامادەکردنەکان زۆر تەکنیکن، نەک سیاسییو زیاتر وەک پرۆسەیەکی ئاسایی لێی دەروانرێت؟

* پرۆسەکە دوولایەنەیە، تەکنیکییە لەسەرەتاوە، بەڵام ئەنجامەکانی کاریگەریی سیاسییان هەیە، هەرلەبەرئەمەشە کورد پێدادەگرێت لەسەر ئەنجامدانی پرۆسەکە لەوادەی خۆیداو تورکمانو عەرەبیش داوای دواخستنی دەکەن.

عەبدولڕەحمان سدیق

بۆیە، پێویستە کورد داوای ئەوە بکات کە نوێنەری لە لیژنە تەکنیکییەکاندا هەبێت، فۆرمەکە بەجۆرێک بێت کە خانەی نەتەوە تیایدا بۆ عـــەرەبو کـــوردو تورکمانو ئاشووریی بێت، وەک ئەوەی لەدیباجەی دەستووردا ئاماژەی بۆکراوە.

رۆژنـــامـــە: لە رووی سیاسییەوە کاریگەریی ئەم سەرژمێرییە لەسەر ناوچە کێشەلەسەرەکانو ئایندەی مادەی (١٤٠)چییە، بارودۆخی ئەو ناوچانە چەند گونجاوە بۆ پرۆسەکەو چاوەڕوان دەکەیت دەرهاویشتەکانی چی بن؟

* دەبێت جیاوازیی بکرێت لەنێوان سەرژمێریی دەستووریی و سەرژمێریی یاسایی، واتـــە مـــادەی(١٤٠)، مادەیەکی دەستوورییەو دەبێت هەرسێ قۆناغەکەی خـــۆی ببـــرێـــت، ئـــەمـــەش کـــە دەکـــرێـــت سەرژمێرییەو پەیوەندیی بەمادەی(١٤٠)ەوە نییەو بۆ هەمووعێراقە.

لەم کاتەدا، راستە تاڕادەیەک کاریگەریی هەیە، چونکە هێشتا ناوچەدابڕاوەکان نەگەڕاونەتەوە سەر هەرێمو دیـــارە کە ئەوناوچانەش سێیەکی رووبەری هەرێمنو نزیکەی یەک ملیۆن کوردیان تێدایەو لەوانەیە بارودۆخی ئەو ناوچانەش لەلایەن هەندێک گرووپو دەستەوە ئاژاوەی تێدا دروست بکرێت، بۆئەوەی پرۆسەکە دوابخرێت، هـــەروەکـــو لەساڵی (٢٠٠٤)وە تا ئێستا دواخراوە، هەرچەندە نەتەوەیەکگرتووەکان لەڕێی نێردەی تایبەتی خۆیەوە لەعێراق، بـــەردەوام جەخت لەوەدەکاتەوە کە نابێت ئەم سەرژمێرییە بۆئامانجی سیاسییو گۆڕانکاریی ئیداریی و یەکلاییکردنەوەی کێشە هەڵپەسێردراوەکان بەکاربهێنرێت.

رۆژنـــامـــە: هـــەســـت دەکـــەیـــت کە کـــورد بەشێوەیەکی کـــاریـــگـــەر لە ئامادەکاریی و رێکخستنو بەرێوەبردنی سەرژمێرییەکەدا رۆڵـــی هەبووە یان دورەپەرێز بووە؟

* لەنێوخۆدا ئامادەکاریی پێوەدیارە، بەڵام لەسەر ئاستی عێراقدا پێویستە هەوڵی زیاتر بدرێت لەبواری پێداچوونەوە بە پرسیارەکانی نێو فۆرمەکەو بوونی نوێنەری کورد لە لیژنەکانداو ئامارکردنی کوردەکانی هـــەنـــدەرانو ئـــاگـــادارب ـــوون لەپرۆگرامی کۆمپیوتەرەکانو چۆنێتیی داخڵکردنی داتاکان، ئەمە جگە لـــەوەی کە پێویستە فۆرمەکە بە دوو زمانی عەرەبیو کوردی بێتو لە دەزگای ناوەندیی ئاماریشدا کورد بوونی هەبێت.

رۆژنامە: رۆڵی بەرپرسانی کورد لە حکومەتی عێراق لەوبارەیەوە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

* ئـــەم کـــارە لەئەستۆی وەزارەتـــی پلاندانانی عێراقدایەو پێویستە لەڕێی وەزیرە کوردەکانی نێوکابینەی حکومەتەوە، ئاگاداری تەواویان لەهەموو وردەکارییەکان هەبێت، چونکە پرۆسەی سەرژمێریی پرۆسەیەکی ناوەندییو سیادییە کە کاریگەریی دەبێت لەسەر سێ بواری گرنگی وەک، دابەشکردنی سامانی نیشتمانییو ئەنجومەنی راژەی گشتییو قەبارەی نوێنەرایەتیی هەرێمی کوردستان لە عێراقدا.

بەڵام، بارودۆخی دوای هەڵبژاردنو نزیکەی حـــەوت مانگ خەریک بـــوون بە پێکهێنانی حکومەتی نـــوێـــوەو سستیی حکومەتی عێراقو گۆڕانی بۆ حکومەتی کارراییکردن، کاریگەریی سلبیان کردووەتە سەر تەواوی کابینەکە، بەجۆرێک کە کەمتر ئاگایان لە پرۆسەی سەرژمێریی بێت، کە بە رای هەندێکیشیان لەوانەیە دوابخرێت، بۆیە لەوانەیە جێگەی بایەخیان نەبێت.

رۆژنامە: باسی هەندێک مەترسی دەکرێت، وەک ناوبردنی ئێزدیو شەبەکو فەیلی بە کەمەنەتەوە نەک ئاینو مەزهەبی جیاواز لەچوارچێوەی نەتەوەی کـــوردداا، ئەمانە چ کاریگەرییەکیان دەبێت؟

* بێگومان کاریگەریی زۆریان دەبێت، بۆیە بەپێی دیباجەی دەستوور، دەبێت خانەی نەتەوە بۆ عەرەبو کوردو تورکمانو ئاشووریی بێت، نابێت ئاینو ئاینزا بکرێنە نەتەوە، بۆیە دەبێت ئێزدیو شەبەکو کوردی فەیلی بەنەتەوە نەژمێردرێن، چونکە ئەوان لە دێرین زەمانەوە کوردبوونو کوردن.

«ئاستی داواکارییەکانی کورد بەرزەو چاوەڕوانی نزمبوونەوەی لێدەکرێت»

سەرکردەیەکی سەدر: بەڵێنی پۆستمان لە مالیکی وەرنەگرتووە

راپۆرتی: کاروان عومەر

نەسار روبەیعی

سەرکردەیەکی رەوتی سەدر، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە «ئاستی داواکارییەکانی کورد بەرزەو چاوەڕوان دەکرێت لە دانوستاندنەکاندا، ئاستی ئەو داواکارییانە نزم ببێتەوە».

نەسار روبەیعی، کە هاوکات ئەندامی وەفدی دانوستکاری کوتلەی ئەحرار (سەردییەکان)ە، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە: «گۆڕینی هەڵوێستیان بەرامبەر بە دووبارە کاندیدکردنەوەی نوری مالیکی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، بۆ پێویستی ئاڵوگۆڕی پرۆسەی سیاسیی گەڕاندەوەو ئەوەی رەتکردەوە، کە لەژێر گوشاری ئێرانو پێدانی پۆستو ئازادکردنی لایەنگرەکانیاندا بووبێت».

پشتگیریکردنی رەوتی سەدر لە نوری مالیکی وەک پاڵێوراوی شیعەکان، بە لای چاودێرانی سیاسییەوە، گۆڕانێکی سیاسیی گەورە بوو، بەوپێیەی پێشتر ئەو رەوتە کە ئێستا بە ناوی کوتلەی ئەحرارەوە لە ئەنجومەنی نوێنەراندا (٤٠)کورسییان هەیە، سەرسەختترین دوژمنی دووبارە کاندیدکردنەوەی مالیکی بوون، هەرچەندە باس لە چەندین سیناریۆ دەکرێت کە وەک هۆکارێ پاشگەزبوونەوەی سەدرییەکان لە هەڵوێستی دژ بە مالیکی، وەک گوشاری ئێرانو ئیمتیازات لە حکومەتی نوێدا، بەڵام سەرکردەیەکی ئەو رەوتە بوونی ئەو سیناریۆیانە رەتدەکاتەوە. نەسار روبەیعی سەرکردەی کوتلەی ئەحرار لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەوەی رەتکردەوە، کە رەوتی سەدر لەژێر فشاری دەرەکیو بەڵێنی پێدانی پۆستو ئازادکردنی لایەنگیرانیدا ئەو هەڵویستەی وەرگرتبێتو تایبەت بە ڕۆژنامەی رایگەیاند: «هۆکاری گۆڕینی هەڵویستی رەوتی سەدر بەرامبەر بە کاندیدکردنەوەی نوری مالیکی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی عێراق، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پرۆسەی سیاسیی پێویستی بە ئاڵوگۆڕی بیرورا هەیەو بەشێوەیەکی گشتیش چارەسەر دەکرێت».

نەسار روبەیعی، کە ئەندامی وەفدی دانوستکاری سەدرییەکانیشە، ئاشکرای کرد: تەنیا ئەوان نەبوون کە پێشتر مالیکییان رەتدەکردەوە کە دووبارە ببێتەوە پاڵێوراوی شیعەکان بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک وەزیرانو وتی: «رەتکردنەوەی نوری مالیکی، تەنیا هەڵوێستی رەوتی سەدر نەبووە، بەڵکو هەڵویستی ئیئتیلافی نیشتمانیش بووە».

بنەماکانی پشتیگریکردنی مالیکی وەک پاڵێوراوی شیعەکان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران، بەلای سەدرییەکان خۆیانەوە، پالنەری تایبەتی نێو کوتلەی ئەحرار بووەو نەسار روبەیعی دەڵێت: «رەوتی سەدر پشتی بەستووە بە هەندێک بنەما بۆ دیاریکردنی مالیکی وەک پاڵێوراوی شیعەکان کە گرنگترینیان ئەوەیە، وەک سەدرییەکان کاندیدمان نییە بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانو هێڵی سووریش دانانێن، لەسەر هیچ کاندیدو هاوپەیمانێتییەک».

بەرای هەندێک لە چاودێرانی سیاسیش، بەشێک لە پالنەرەکانی پشتیگریکردنی مالیکی، رەتکردنەوەی عادل عەبدولمەهدییە کە پاڵێوراوی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامییە، بەڵام نەسار روبەیعی رایگەیاند: «هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ عادل عەبدولمەهدیدا نییە».

هاتنەناوەوەی سەدرییەکان بۆ هاوکێشەی پێکهێنانی حکومەت بە سەرۆکایەتیی نوری مالیکی، گرێیەکی نوێ بۆ کورد دروست دەکات، بەو پێیەی زۆربەی شیعە هاوردەکانی کەرکوک سەر بە رەوتی سەدرنو ئەو رەوتەش لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا، یەکێک بووە لە سەرسەختترین دوژمنەکانی بە فیدراڵیکردنی عێراق، ئەمە لە کاتێکدایە کە هێڵی سووری داوا (١٩) خاڵییەکەی کورد بۆ بەردەم پاڵێورای پۆستی سەرۆک وەزیرانی داهاتووی عێراق، جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)ە.

هەرچەندە روبەیعی ئاماژەی بە باشی پەیوەندییەکانی کوردو سەردییەکان دا، بەڵام پێشنبینی کرد کە لە دانوستانەکاندا، داواکارییەکانی کورد کەمتر ببنەوەو رایگەیاند: «ئاستی داواکارییەکانی کورد بەرزەو پێشبینی ئەوە دەکرێت، لەمیانی دانوستاندنەکانی لەگەڵ لایەنەکانی تردا لە چوارچێوەی هەوڵەکاندا بۆ پێکهێنانی حکومەت، ئاستی داواکارییەکانیان کەمببێتەوەو بگاتە ئاستێک کە واقیعی بێتو جێگای رەزامەندیی سەرجەم لایەنەکانی بێت».

> نەسار روبەیعی: رەتکردنەوەی نوری مالیکی، تەنیا هەڵوێستی رەوتی سەدر نەبووە، بەڵکو هەڵویستی ئیئتیلافی نیشتمانیش بووە

تا ئێستا، بریکارە کوردەکانی وەزارەتەکانی بەغدا، جێگیر نەکراون

بریکارێک: پەرلەمانتاران، لەبەر ئیمتیازاتی خۆیان، ئاگایان لە کەس نەبوو

راپۆرتی: هەستیار قادر

زۆربەی بریکارە کوردەکانی وەزارەتەکانی حکومەتی عێراقی، بەڕەسمیی لە پۆستەکانیان جێگیر نەکراونو بە لادانیان، خانەنشینی نایانگرێتەوە، لەکاتێکدا کە یەکێک لە بریکارەکانیش، پەرلەمان بە کەمتەرخەم دەزانێتو پەرلەمانتارێکی پێشوو، ئەنجام نەدانی ئەو هەنگاوە، دەبەستێتەوە بە ناکۆکیی کوتلەکان لەسەر رێژەی بریکارەکانیان.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، تا ئێستا لە کۆی (١١)بریکاری کوردی وەزارەتەکانی حکومەتی عێراقی، تەنیا دووانیان بەڕەسمیی وەک بریکار جێگیرکراونو ئەوانی تر بە وەکالەت کاردەکەنو لەلایەن پەرلەمانی پێشووەوە پەسەند نەکراون، کە بەپێی دەستووری عێراق دەبێت ئەو بریکارانەو هاوپلەکانیان لە پەرلەماندا دەنگیان لەسەر بدرێت تا بەڕەسمیی جێگیر بکرێن.

لەوبارەیەوە، فازل نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق کە یەکێکە لەو بریکارە کوردانەی کە بە وەکالەت کاردەکاتو لە لایەن پەرلەمانی پێشووەوە جێگیرنەکراوە، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی هەواڵەکە، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، کە ئەوان بە بڕیارێکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، دانراونو چەندینجاریش هەوڵماندراوە بۆ جێگیرکردنیان، بەڵام دەرئەنجامی نەبووە، وتیشی: «ئەگەر هەرکام لەو بریکاری وەزارەتانە، لەگەڵ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراقدا لە پۆستەکانیان لابدرێن، دەگەڕێنەوە بۆ کارەکانی پێشتری خۆیانو لە ئیمتیازاتی خانەنشینی بێبەش دەبن».

لە کۆی وەزارەتەکانی حکومەتی عێراقیدا، نزیکەی (٦٠)بریکاری وەزیرو هاوپلەکانیان هەن کە (١٢)یان بۆ کورد دانراونو لە کۆی ئەو رێژەیەش، یەکێکیان کە بریکاری وەزارەتی پلاندانان بووە، پەیوەندیی نەکردووە بە پۆستەکەیەوەو دووانیشیان کە بریکاری وەزارەتەکانی ناخۆو دادن، لەسەردەمی پۆڵ بریمەری حاکمی مەدەنی عێراقدا جێگرکراون، بەوپێیەی ناوبراو دەسەڵاتی تەشریعیو دادوەریی هەبووە لە عێراقداو لە بەرامبەریشدا، (٦)بریکاری وەزیری عەرەبیش، هەمان کێشەی جێگرنەبوونیان هەیە، ئەمە جگە لە دەیان راوێژکاری تری وەزارەتەکان بە کوردو عەربەوە، کە هەمان کێشەیان هەیەو تا ئێستا لە پەرلەماندا دەنگیان لەسەر نەدراوەو جێگیر نەکروان لە پۆستەکانیاندا.

لەوبارەیەوە، د. ئەحمەد ئەنوەر، ئەندامی لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشووی عێراق، ئاماژەی بەوەدا: «خودی حکومەتی نوری مالیکی، بە حکومەتی (واو)، واتە بریکار ناسرا بوو، بریکارە کوردەکانی حکومەتی عێراقیش، هیچ گرەنتییەکی خانەنشینکردنیان نییە».

د. ئەحمەد ئەنوەر، هۆکاری جێگیر نەکردنی ئەو بریکارە کوردانەی گەڕاندەوە بۆ کێشەی نێوان کوتلەکانی ئەوکاتەی نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشووی عێراقو وتی: «دەنگنەدانی پەرلەمانی پێشوو لەسەر جێگیرکردنی بریکارە کوردەکان، پەیوەندیی بەوەوە هەبووە کە ئەو کوتلانە نەیانتوانی لەسەر رێژەی بریکارەکانیان رێکبکەونو بەو هۆیەشەوە، دەنگ لەسەر ئەو بریکارانە نەدرا تا جێگیر بکرێن».

بەڵام،د.فازڵ نەبی،بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، لەوبارەیەوە ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشوو بە کەمتەرخەم دەزانێتو دەڵێت: «پەرلەمانتارانی پێشوو، لەبەر دروستکردنی ئیمتیازات بۆ خۆیان، ئاگایان لە کەس نەمابوو، حسابی ئەوەیان نەدەکرد، کەسانێک هەن کە شەش بۆ حەوت ساڵە لە پۆستی بریکاری وەزارەتەکاندانو جێگیر نەکراون».

کێ پرۆسەی سیاسیی بەڕێوەدەبات، دەستوور، پەرلەمان، یان سیاسەتمەداران؟ 10

«دەبێت کورد لە پێناو (١٤٠)دا، دەست لە هەندێک ئیمتیازو داواکاریی هەڵبگرێت»

سازدانی: ئارام جەمال

کاکەڕەش سدیق

کاکەڕەش سدیق، ئەندامی لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) و ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک پێیوایە؛ کاتێک دەستوور نووسراوە، کورد هەڵەی کردووە لە دیاریکردنی وادە بۆ مادەی (١٤٠)، بەبێ بەرپرسیارکردنی حکومەت لەبەردەم یاساداو ئاشکراشیدەکات، تائێستا داوای گەڕانەوەی چوار قەزا دابڕاوەکەیان نەکردووە بۆ سەر کەرکوک.

رۆژنامە: دوای ئازادکردنی کەرکوک ئاوارە گەڕاوەکان بەهیوا بوون کۆتایی بەژیانی ئاوارەییان بێت، بەڵام نەتوانرا بەشێوازێکی ڕێکوپێک نیشتەجێ بکرێنەوە، هۆی ئەوە چییە؟

* من پێموانییە هیچ نەکرابێت، ژمارەیەک گوندئاوەدانکراوەتەوەلەکاتێکداژمارەیگوندە ڕووخێنراوەکانی سنووری کەرکوک زیاتر لە هەزار گوندە، ئەوەش بودجەی تایبەتو گەورەی دەوێتو گوندیش هەیە خانوو و پارەشی بۆ تەرخانکراوە، بەڵام گوندنشینەکان نەگەڕاونەتەوە، ژمارەی ئاوارەکانیش ئەوەندە زۆرە بە چەند ساڵێک ناتوانرێت کێشەکانیان چارەسەر بکرێت.

رۆژنامە: وادەی زەمەنیی بۆ مادەی (١٤٠) دیاریکراوە، بەبێ ئەوەی چارەسەر بکرێت، ئەو مادەیە چارەسەرە بۆ ئەم کێشەیە؟، یا وادەی زەمەنیی دیاریکرا بەبێ بەرپرسیارکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکار، ئەمە هەڵەی کورد نەبوو؟

* پێموایە ئەو سەردەمەی مادەی (١٤٠) نووسراوە بە باشترین چارەسەرو ڕێگەچارە دیاریکراوە، بەڵام دواخستنیو کارپێنەکردنی لەلایەن هەندێک کەسی شۆڤێنییەوە وایکردووە کە گومان دڕوست بێت لەسەر جێبەجێکردنی، من دەڵێم، یاساناسانی کورد ئەوانەی مادەکەیان ئامادەکردووە، دەبوو پرسیارو لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ مادەکە بکردایە، ڕاستە دیاریکردنی زەمەن کارێکی باشە بۆ جێبەجێکردنو هیوای زیاتر دەبەخشێت، بەڵام دەبوو لەناو دەقی مادەکەدا پرسیارێک ئاراستە بکرایە، کە ئەگەر لەو وادە دیاریکراوەدا مادەکە جێبەجێ نەکرێت، چی بکەین؟ بۆ ئەوەی لای هەموو لایەنە جیاوازەکانی عێراق مادەیەکی ڕوون بوایەو ئەو هەموو لێکدانەوە جیاوازەی بۆ نەکرایە، ئەو هۆکارانە وایکردووە کە ئێستا مادەکە بە مادەیەکی مردوو دەناسرێت، تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانیش بڕوایان وابوو دەیانوت دەبێت هەوڵبدەین مادەکە نەمرێت.

رۆژنامە: ئێستا کاتی پێکهێنانی حکومەتی عێراقە، کورد چی بکات بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠)؟

* مـادەی (١٤٠) ئاواتی هەر تاکێکی کوردە بۆ گەڕانەوەی ئەم ناوچانە بۆ سەر کوردستان، سەرکردایەتی کوردیش لەو هەستو ئاواتە دوورکەوێتەوە، بەپێویستیشی دەزانم کورد لەپێناو مادەی (١٤٠)دا، دەست لە هەندێک ئیمتیازو داواکاریی خۆی هەڵبگرێت.

رۆژنامە: هەنگاوە لۆجستییەکانی مادەی (١٤٠) ناو بەناو چالاک دەکرێنو زۆربەی زۆری عەرەبی هاوردە قەرەبووکراونەتەوەو نەگەڕاونەتەوەبۆ ناوچەکانی خۆیان، لەکاتێکدا بەڵێننامەی گەڕانەوەیان لێوەردەگیرێت، یان باس لە گەڕانەوەی ئەو خێزانانەش دەکرێت، کە پێشتر چوونەتەوە بۆ ناوچەکانی خۆیانو ئێستا کۆچی پێچەوانە دەکەن بۆ کەرکوک؟

* لە سەرەتاوە خێزانێکی زۆر لە عەرەبە هاوردەکان دوای وەرگرتنی قەرەبوو، بۆ ناوچەکانی خۆیان گەڕانەوە، بەڵام ئێستا پرۆسەی ئامار نزیکبووەتەوە، هەندێک لایەن هانیان دەدەن، بۆ نەڕۆیشتنەوەو گەڕانەوەیان بۆ کەرکوک، بەپێی زانیارییەکانی ئێمە بەشێک لەو خێزانانەی کەرکوکیان جێهێشتووە بەشێوەیەکی نایاسایی دووبارە دەگەڕێنەوە، بۆ ئەو کێشەیە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان قسەمان کردووەو ئاماری تەواویشمان داوەتە دەستیان.

رۆژنامە: باس لەوەدەکرێت کە چەندجارێک حکومەتی عێراق داوای وەرگرتنی ڕای ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکی کردووە بۆ گەڕانەوەی قەزاو ناحیەکان بۆ سەر کەرکوک، بەڵام ئەنجومەن خەمسارد بووە؟

* من ئاگادارمو بەدواداچوونی ئەو بابەتانەم کـردووە، چەند جارێک داوای گـەڕانـەوەی ئـەو ناوچانەمان کـردووەو نووسراوی ڕەسمیمان کردووە، ڕاستە داوای گـەڕانـەوەی کـەلارو کفریو چەمچەماڵو دوزخـورمـاتـوومـان نـەکـردووە بۆ سەر کەرکوک، بەڵام داوامانکردووە ژمارەیەک سەرژمێریی داتاکانی ڕابردوو، کۆسپێکی دیکە دارایی لیژنەکەیەو ئەو بودجەیەی ساڵانە دیاریدەکرێت بەشی قەرەبووکردنەوەی هەموو خێزانە ئاوارەو هاوردەکان ناکاتو تەنیا لە ئۆفیسی کەرکوک جگە لە ناوچەکانی دیکە پێویستمان بە نزیکەی (٣٥٠) ملیار دیناره بۆ قەرەبووکردنەوەی ئاوارەو هاوردەکان، بۆیە ئەگەر بەمجۆرە بێت تەمەنی قەرەبووکردنەوە چەند ساڵێکی دیکەی پێویستە.

رۆژنامە: باس لەوە دەکرێت، کە خێزانێکی سەرەبی هاوردە قەرەبووکراونەتەوەو نەگەڕاونەتەوەبۆ ناوچەکانی خۆیان، لەکاتێکدا بەڵێننامەی گەڕانەوەیان لێوەردەگیرێت، یان باس لە گەڕانەوەی ئەو خێزانانەش دەکرێت، کە پێشتر چوونەتەوە بۆ ناوچەکانی خۆیانو ئێستا کۆچی پێچەوانە دەکەن بۆ کەرکوک؟

* لە سەرەتاوە خێزانێکی زۆر لە عەرەبە هاوردەکان دوای وەرگرتنی قەرەبوو، بۆ ناوچەکانی خۆیان گەڕانەوە، بەڵام ئێستا پرۆسەی ئامار نزیکبووەتەوە، هەندێک لایەن هانیان دەدەن، بۆ نەڕۆیشتنەوەو گەڕانەوەیان بۆ کەرکوک، بەپێی زانیارییەکانی ئێمە بەشێک لەو خێزانانەی کەرکوکیان جێهێشتووە بەشێوەیەکی نایاسایی دووبارە دەگەڕێنەوە، بۆ ئەو کێشەیە لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان قسەمان کردووەو ئاماری تەواویشمان داوەتە دەستیان.

رۆژنامە: باس لەوەدەکرێت کە چەندجارێک حکومەتی عێراق داوای وەرگرتنی ڕای ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکی کردووە بۆ گەڕانەوەی قەزاو ناحیەکان بۆ سەر کەرکوک، بەڵام ئەنجومەن خەمسارد بووە؟

* من ئاگادارمو بەدواداچوونی ئەو بابەتانەم کـردووە، چەند جارێک داوای گـەڕانـەوەی ئـەو ناوچانەمان کـردووەو نووسراوی ڕەسمیمان کردووە، ڕاستە داوای گـەڕانـەوەی کـەلارو کفریو چەمچەماڵو دوزخـورمـاتـوومـان نـەکـردووە بۆ سەر کەرکوک، بەڵام داوامانکردووە ژمارەیەک سنووری ئیداریی، کە پێشتر لەلایەن بەعسەوە هەڵوەشێنراونەتەوە وەکو ناحیەکانی شوانو قەرەهەنجیرو یایچی سیفەتی ئیداریو یاسایی پێشوویان پێبدرێتەوە، بەڵام وەڵام نەدراوینەتەوە، یان نووسراویان کردووە بۆ پارێزگاکانی موسڵو دیالەو تکریت تاکو بۆچوونیان وەربگیرێت، یاخود داوای زانیارییان لە فەرمانگە جیاوازەکانی وەک پلانو ئاوەدانکردنەوە وەرگرتووە، تاکو ئێستاش لە ڕووی یاساییەوە ئەو ناوچانە سیفەتی ئیدارییان پێنەدراوەتەوەو بەغدا ڕاست نییە لەگەڵمان، ئەگەر دەسەڵاتی نوێی ئەنجومەنی پارێزگاکانمان هەبوایە ئێستا دەمانتوانی لەناو ئەنجومەندا بڕیاری دامـەزراندنـەوەی ئـەو ناحیەو ناوچانە بدەین، یان قەزا هەڵوەشێنینەوەو ناحیە دروستبکەینەوە.

رۆژنامە: دەرچـوونـی کـەرکـوک لە کێشەیەکی ناوخۆییەوە بۆ کێشەیەکی ئیقلیمیو نێودەوڵەتی، بەتایبەت دوای هاتنە ناوەوەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ ناو کێشەکە، تاچەند هۆکارە بۆ مانەوەی کێشەکە بە چارەسەرنەکراویی، یاخود کۆسپ لەبەردەم مادەی (١٤٠)دا؟

* لە بەندێکی مادەی (٥٨)دا هاتبوو، کاتێک لایەنە ناکۆکەکان نەگەیشتنە ئەنجام، لایەنی نێودەوڵەتیی، کە نەتەوەیەکگرتووەکانە وەک لایەنی سێیەم بێتە پێشەوەو ئەوەبوو لە چەند ساڵی ڕابردوودانەتەوەیەکگرتووەکان هاتەناو کێشەکەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، مادەی (١٤٠)یش مادەیەکی دەستووریو یاساییە، هەتا دەستووری عێراقو کێشەش بمێنێت ئەو مادەیە هەر دەمێنێتو تەنیا بۆ کوردیش نییە، بەڵکو (٢٨) ناوچە لە عێراق کێشەیان لەسەرەو بەشێکیان دەکەونە ناوچەکانی ناوەڕاستو باشوورەوە.

رۆژنامە: جگە لە مادەی (١٤٠) تۆ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکیت، لە ئێستادا ئەنجومەن سستەو بووەتە ئەنجومەنی کار ڕاییکردن، ڕای تۆ لەم بارەیەوە؟

* بەداخەوە پەرلەمانی عێراق بڕیاری دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی کەرکوکی دا، دواخستنەکە بووە هۆی سستیو لاوازییو هەندێکمانی بێتاقەت کـردووە لە کارەکان لەبەر ئەوەی ئێمە ئەو دەسەڵاتە چالاکەمان نییە کە ئەنجومەنەکانی دیکەی پارێزگاکانی عێراق هەیانە، ئێستاش ئێمە کار بە یاسای سەردەمی بریمەر دەکەین کە لەهەموو عێراقدا بەسەرچووە، بەپێی دەسەڵاتی نوێی پارێزگاکانی عێراقیش ئەنجومەنەکان دەسەڵاتی دابینکردنی ژیانی بۆ خەڵکی پارێزگاکان هەیەو دەتوانێت جوڵەی دارایی و ئابووریی و وەبەرهێنانو زۆر شتی دیکە دروستبکاتەوە، بەوهۆیەوە ئەو سستییە دروستبووەو کاریگەریی خراپی لەسەر ئێمەو ئیدارەو لەسەر خەڵکی کەرکوک دروستکردووە.

بێپلانیی حکومەتە لۆکاڵییەکەی کەرکوک

هێمن کامیل

پارێزگای کەرکوک، سەر بە حکومەتی ناوەندییە کە سالی ڕابردوو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی تێدا ئەنجام نەدرا، بەهۆی ئەوەی کەسانێک کە تا ئەمڕۆش بە عەقلیەتێکی شۆڤێنی سەیری مەسەلەی کەرکوک دەکەن، توانییان لەناو پەرلەمانی عێراقدا، کارێک بکەن کە کەرکوک لەم مافە دیموکراسیو دەستوورییە بێبەش بکەن، کەواتە ئەو یاسایەی کە لە ئێستادا ئەم ئەنجومەنە کاری پێدەکات، یاسای ژمارە (٧٠)ی بریمەرە، لە کاتێکدا ئەنجومەنی پارێزگاکانی دیکە بەپێی یاسای نوێی ئەنجومەنی پارێزگاکان کار دەکەن کە لەو یاسایەدا حکومەتی لۆکاڵیی دەسەڵاتێکی فراوانتری هەیە بە بەراورد بە یاساکەی بریمەر.

کـەواتـە، ئەنجومەنی کـەرکـوک، بەهەمانشێوەی چواردە شارەکەی دیکە، دەستکراوە نییە لە ئەنجامدانی زۆر پـرۆژەداو ئەمە جگە لەو دژایەتیکردنە بـەردەوامـەی وەزارەتـەکـانـی بەغدا لە بەرامبەر پـرۆژە گـەورەو ستراتیژییە پێشنیازکراوەکانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بۆ شارەکە، کە جێبەجێکردنی لە دەسەڵاتی وەزارەتەکاندایە، هەر بۆیە خەڵکی کەرکوکیش داوای پرۆژەیەکیان لەم ئەنجومەنە نەکردووە کە لە سەرووی تـوانـاو دەسـەڵاتـی یاساییو ئیداریی ئەمانەوە بێت.

بـەڵام، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەم ئەنجومەنە لە پێنج ساڵی ڕابردوودا نەیدەتوانی کاری زۆر زیاترو باشتری لە ئێستا پێشکەشی کەرکوک بکردایەو بەشێک لە خەمو کێشەکانی کەرکوکی چارەسەر بکردایە.

هـەر کەسێک لە نزیکەوە ئاگای لە کاری ئەم ئەنجومەنە بێت، ئەوا تێدەگات کە نەک ئەندامەکانی نەیانتوانیوە وەک یەک تیم کار بکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە خزمەتگوزارییەکانی کەرکوک، بەڵکو هەر یەکەیان لە ئاوازێک دەخوێنن و ئەمەش بەڵگەی بێپلانیو بێبەرنامەیی ئەم ئەنجومەنەیە.

ئێستا خەڵکی کەرکوک دۆشداماونو نازانن بڕوا بە لێدوانەکانی پارێزگار، یان ئەندامانی ئەنجومەن، یان سەرۆکی ئەنجومەن بکەن کـە لـەمـاوەی چەند هـەفـتـەی ڕابـــردوودا، دەربـــارەی پـرۆژە خزمەتگوزارییەکان لە چەند ڕۆژنامەیەکەوە دراونو بڵاوکراونەتەوە کە پڕن لە هاودژیی.

ئـەوەتـا پـارێـزگـاری کـەرکـوک، لە لێدوانێکیدا دەربـارەی بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی کەرکوک، دەڵێت: «(١١٥)ملیار دینارەو (١٠٢)ملیاری ئیحالەی پرۆژەکان کـراوەو (٣٠)ملیاری جـێـبەجێکراوەو (٩٠٪)ی بودجەی کەرکوک چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە»و لە لایەکی دیکەوە، ئەحمەد عەسکەریش، ئەمە ڕەتدەکاتەوەو تەنانەت دەڵێت: «لە بودجەی ساڵانی (٢٠٠٧، ٢٠٠٨، ٢٠٠٩)شدا کەس نایزانێت چۆن خەرجکراوە، لەبەرئەوەی شەفاف نین»، دەربارەی ئەوەی (٩٠٪)ی بودجە چووبێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەحمەد عەسکەری، دەڵێت: «بەپێی نووسراوێکی پارێزگار کە لای منە، لە بودجەی ئەمساڵ تەنیا (٢٢)ملیارو (٩٧)دینار خەرجکراوە، کە ئەمەش ناکاتە (٩٠٪)ی بودجەکە».

ئەگەر ئەم دوو لێدوانەش بەراورد بکەین، ئەوا دەزانرێت کە زۆر دوورن لە یەکەوە، کەواتە یان زانیارییەکانی پـارێـزگـاری کـەرکـوک هـەڵـەن، یان زانیارییەکانی ئەحمەد عەسکەری، کە جگە لەوەی ئەندامی ئەنجومەنە، سەرۆکی لیژنەی پرۆژەکانیشە لەناو ئەنجومەنی پارێزگا.

هەروەها لە ڕۆژی (٣١)ئابی (٢٠١٠)، بە کۆی دەنگی ئەندامانی ئەنجومەنی پـارێـزگـای کـەرکـوک، بـڕیـار درا کە سەرجەم ئەو بڕە پارەیەی کە لە داهاتی هەر بەرمیلە نەوتێک بۆ شارەکە تەرخان دەکرێت، کە بە بودجەی (پیترۆ دۆلار ناسراوە)و بۆ ئەمساڵ (٤٠٠)ملیار دینارە بۆ دروستکردنی وێستگەیەکی کارەبا، تەرخانبکرێت، بەڵام دوای گەڕانەوەی سەرۆکی ئەنجومەن لە شـاری بەغدا، دووبارە لە ڕۆژی (٢٠١٠/٩/٧) ئەنجومەن بڕیار دەدات، تەنیا (٥٠٪)ی ئەو پارەیە بۆ وێستگەیەکی کارەبا خەرج بکرێت.

لە بەرامبەردا، ڕێبوار تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا، ئەمە بە کارێکی ناقانوونی ناو دەبـاتو دەڵێت، بۆ گۆڕینی بڕیارێکی ئەنجومەن، دەبێت (٣/٢)ی ئەندامان تانەی لێبدەنو پاشان بخرێتەوە دەنگدان، ئەگینا نابێت بۆ یەک بڕیار دوو جار دەنگ بدرێت.

ئەگەرچی سـەرۆکـی ئەنجومەنی پارێزگا، بیانووی ئەوەی هەیە کە لەوانەیە بڕیارەکەی (٣١)ئابی ئەنجومەن، لە ڕووی ئیداریو قانوونییەوە کێشەی بۆ دروست ببێت لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە، بۆیە ئەلتەرناتیڤمان داناوە، ئەگەر هاتوو قبووڵ نەکرا.

هۆکاری ڕێکنەکەوتن لەسەر چۆنێتیی خەرجکردنی داهاتی پیترۆدۆلار، هەرچییەک بێت، ئەوا بێپلانییو فەوزای کاری ئەم ئەنجومەنە پیشان دەدات، ئەگینا چۆن بەر لەوەی بڕیارێک بدرێت، هەموو لایەنەکانی لە ڕووی یاساییو زانستیو ئیداریەوە لە پێشچاو ناگیرێتو خوێندنەوەی بۆ ناکرێتو هەڵناسەنگێنرێت.

یەکێکی دیکە لە کەمتەرخەمییەکانی ئیدارەی کەرکوک، ئەوەیە کە ماوەیەکی زۆرە نەیانتوانیوە پرۆژەی پاککردنەوەی شارەکە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، سەرۆکی ئەم پرۆژەیە ئەوەی ڕاگەیاندووە کە بەرژەوەندییەکان ڕێگرن لەبەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا، ئەمە لەکاتێکدا ئەگەر کەسێک بە شارەکەدا گوزەرێک بکات، هەست بەوە دەکات کە کەرکوک بووە بە زبڵخانەیەکی گـەورەو کوڵانو کوچەو گەڕەکەکانی، هەموو سیمایەکی شاریان لەدەستداوە.

بەهەر پاساوێک بێت، نەدەبوو ئیدارەی ئەم شارە لە پرۆژەیەکی لەم جۆرەدا، ساردیی بنوێنێت، بەڵکو دەبـوو شەوو ڕۆژیان بخستایەتە سەر یەکو ڕێگەیان بە خۆیان نەدابایە، دواخستنی پاککردنەوەی شارەکە چەند ڕۆژێـک بخایەنێت، نەک چەندین مانگ. ئەگەر ڕۆژانێک کەمیی، یان نەبوونی بودجەیان دەکردە بیانوو بۆ پرۆژەکانیان، خۆ ئێستا دوانزە ملیار دیناریان بۆ پاککردنەوە لە بەردەستدایە، ئەی بۆ پەلە ناکەن تا کەرکوک ڕزگاربکەن لەو سەدان هەزار تەن خۆڵو خاشاکو زبڵەی کە جگە لەوەی سەرچاوەی سەدان نەخۆشییە، لە ئێستادا بووە بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی بێزاربوونی خەڵکیو جێهێشتنی شارەکە لەلایەن کوردەوە، کە ئەمەش نەنگییەکی گەورەیە کە کـەرکـوک لە سایەی ئیدارەیەکی زۆرینە کوردداا، بە دەست سەرەتایترین خزمەتگوزارییەوە بنالێنێتو ڕۆژ لە دوای ڕۆژیـش دانیشتووانەکەی زیاتر بێهیوابنو چاوەڕوانی ئایندەیەکی گەش نەکەن بۆ شـارەکـەیـان، کە دەبـووایـە خۆپیشاندانەکانی مانگی ئابی ڕابردوو، بەهەند وەربگیرانایەو بزانرایە کە چوونە سەرجادەو نارەزایی، ئەگەرچی مافێکی سادەی هەموو هاوڵاتییەکە، بەڵام لوتکەی تووڕەییو لێدانی زەنگی بەرگەنەگرتنی بارودۆخەکەیە لەلایەن هاوشارییەکانی کەرکوکەوە.

پەیڕەوی ناوخۆ دەستی پەرلەمانتارانی بەستووە

راپۆرتی: سەنگەر جەمال

هاتنەدەرەوەی ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕان لە دواکۆبوونەوەی پەرلەماندا، کەلێنەکانی پەیڕەوی ناوخۆی زیاتر دەرخستۆ پەرلەمانتاران پییانوایە؛ پەیڕەوی ناوخۆ ئاستەنگی دروستکردووەو دەسەڵاتی بۆ نەهێشتوونەتەوە

وەک پەرلەمانتاران باسی دەکەن، یەکێک لە هۆکارەکانی چوونەدەرەوەیان لە هۆڵی پەرلەمان، بەهۆی کەموکوڕیی پەیڕەوی ناوخۆو سەڵاحیەتەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوەیە، کە تائێستا هەمان ئەو پەیڕەو و دەسەڵاتانەیە، کە (١٩) ساڵ لەمەوبەر دانراوە.

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ساڵی (١٩٩٢)و لە یەکەم خولی پەرلەماندا دانراوە، هەرچەندە لە چەندساڵی رابردوودا (٧) جار هەموارکراوەتەوە، بەڵام هێشتا لە ئاستی خواستی پەرلەمانتاراندا نییەو دوای هەموارکردنەوەکانیش دووساڵە هەوڵی ئەوە دەدرێت پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بەشێوەیەک کە لەگەڵ واقیعی ئێستادا بگونجێت، دابڕێژرێتەوە، بەڵام تائێستا نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە.

شیروان حەیدەری، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی کوردستانییو سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بە پێویستی گۆڕینی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەکاتو رووونیدەکاتەوە؛ پرۆژەی پەیڕەوی ناوخۆیان ئامادە کردووەو ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان کردووە «ئەوەش بۆ ئەوەی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە پەیڕەوەکەدا بکرێت، چونکە دوای چەندجارێک هەموارکردن، ئێستاش کەموکوڕیی تێدایە».

حەیدەری، کە سێ خولە پەرلەمانتارە، لە لێدوانێکی پێشوویدا بۆ رۆژنامە وتی: «هەستمان بە کەلێنەکانو ئەو گرفتانە کردووە، کە پێویستیان بە چاکسازیی هەیەو زۆربەی گرفتەکانی چارەسەر کراون، بەڵام هێشتا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ نەکراوەو چاوەڕوانین سەرۆکایەتی پەرلەمان بیخاتە بەرنامەی کارەوە».

بیلال سلێمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کۆمەڵ، لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە ئاماژە بە گرنگیی پەیڕەوی ناوخۆ دەکات بەوپێیەی چالاکیی پەرلەمان بە پەیڕەوەوە دەبەسترێتەوە، پێشیوایە؛ ئەو پەیڕەوەی لە پەرلەمانی کوردستان کاری پێدەکرێت، بەپێی تایبەتمەندیی ئەو کاتەی دانراوە رەنگە گونجاوبێت، «بەڵام ئێستا کەموکورتی زۆری تێدایەو پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە، چونکە هەموارکردنەوەکانی نەیتوانیوە چارەسەری کێشەکانی بکات».

دابەشکردنی دەسەڵاتەکان

ژمارەیەکی زۆر لە پەرلەمانتارانو چاودێران جەخت لە پێویستی کەمکردنەوەی سەڵاحیەتەکانی سەرۆکو سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەن، هەروەک نموونەی بێبەشکردنی راگەیاندنەکان لە گواستنەوەی گفتوگۆکانی ناو هۆڵی پەرلەمان لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بە یەکێک لە رەهاییەکانی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی دەزانن، جگە لەوەی پەیڕەوی ناوخۆ دەسەڵاتی زۆری داوەتە سەرۆکو دەستەی سەرۆکایەتی بەشێوەیەک زیاترە لەو دەسەڵاتەی سەرۆکو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەیەتی.

بورهان رەشید، پەرلەمانتاری گۆڕان لە لیژنەی یاسایی، ئاماژە بە پێویستی پەیڕەوێکی نوێ دەکات، کە بەرەو باشبوون کاری تێدا بکرێتو گوزارشت لەو بارودۆخە تازەیە بکات کە هەیە.

ئەو بە باشی دەزانێت لە پەیڕەوی نوێدا جێی ئازادیی بۆ هۆیەکانی راگەیاندن بکرێتەوە لە گواستنەوەی راستییەکانی ناو پەرلەمان بە یەکسانیی، بە پشتبەستن بە یاسای رۆژنامەگەریی، بۆ رۆژنامە وتی: «ئازادیی پەرلەمانتاران لە لێدوانو بەشداریکردن لە گفتوگۆکانی ناو هۆڵی پەرلەمان، بەشێوەیەک ئەو ململانێیەی ئێستا هەیە هۆکارێک نەبێت بۆ بچووککردنەوەی ئەو دەنگانەی سەر بە لیستی دەسەڵات نین».

ئەو پەرلەمانتارە بڕوای وایە، دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان زۆرە، کێشەکەش لەوەدایە: «ئیدارەو رێکخستن، کە دەسەڵاتی سەرۆکایەتییە، لێکدانەوە هەڵدەگرێتو لیستی دەسەڵات بەشێوەیەک لە بەرژەوەندیی خۆی لێکدانەوەی بۆ دەکات، بۆ نموونە لە دوورخستنەوەی کەناڵەکانی راگەیاندن کە تەواو پێچەوانەی یاسایە»، وتیشی: «بۆیە هیوامان وایە بەبێ ترسو سلەمینەوە ئەو یاسایانەی لە داهاتوودا دەردەچن بەتایبەت یاسا هەستیارەکان بەشێوەیەک بن، کە گوزارشت لە گۆڕانی نەخشەی سیاسیی بکەنو جۆرە تەوافوقێک لەسەریان هەبێت لەنێوان لایەنەکانداو لایەک قۆرخی هەموو ئەو بوارە ژیاریانە نەکات، چونکە دەکرێت کەسانێک کە ئێستا زۆرینەن رەنگە لە پاشەڕۆژدا کەمینەبن، هەمان ئەو یاسایانەی خۆیان داایننناوە لە دژی خۆیان بەکاربێتەوە».

لەلایەکی دیکەوە، بیلال سلێمان، باس لەوەدەکات؛ کە پەیڕەوی ناوخۆ جگە لەوەی دەسەڵاتی رەهای داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، لە هەمانکاتدا دەستو پێی ئەندامانی پەرلەمانی بەستووەو هیچ سەڵاحیەتێکی نەهێشتووەتەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەش ناکۆکە لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانەی پەرلەمان هەیەتی.

هەروەک پەیمان عیزەدین، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان، پێیوایە؛ زۆرێک لە مادەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێویستی بە گۆڕانکاریو هەموارکردنەوە هەیە، بەوپێیەی بەشێکی زۆری لاستیکین، چەند پێویست بکات توانای کشانی دەبێت، «وا دارێژراوە رێگریی لە هەموو ئازادییەک بکات لەناو پەرلەمان».

ئەو رەخنە لەوە دەگرێت، کە سەرۆکایەتی پەرلەمانو لیستی دەسەڵات هەندێکجار پەیڕەوی ناوخۆ پێشێل دەکەن، «دەبێت سەرۆکایەتی پەرلەمان لەوە بگەن کاریان ئیداریو رێکخستنی کاری هۆڵی پەرلەمانە، چونکە ئەوان سەرۆکایەتی نین بۆ بڕیاردان، ئەندامانی پەرلەمانیش دەبێت لەوە بگەن، کە بەهاو مافی پەرلەمانتاری خۆیان لە کوێدایەو سەرۆکایەتی ناچار بکەن رۆڵی سەرۆکایەتی بێت، وەک ئەوەی لە دنیادا هەیە».

جیاوازیی دەسەڵاتەکان، لەنێوان بەغداو هەولێردا

هەرچەندە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراقو لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە پێکهاتووەتەوە، لە خولی یەکەمیدا (٢٧٥) ئەندامی هەڵبژێردراوی نەتەوەو لیستە جیاوازەکان هەبوو، دەسەڵاتەکانی سەرۆکو سەرۆکایەتی کەمترن لەوەی کە سەرۆکو دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هەیانە.

ئەبلەحەد ئەفرایم ساوا، بڕیاردەری پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە لێدوانێکی پێشوویدا بۆ رۆژنامە دەڵێت: «جێی داخە زۆربەی دەسەڵاتەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە سەرۆکایەتی پەرلەمانە، یان لەگەڵ جێگرەکەی، پێویستە ئەو دەسەڵاتانە دابەش بکرێنو ئەو فراکسیۆنو لایەنانەی ئەندامی پەرلەمانن بیرو بۆچوونو رای خۆیان هەبێت».

پەیمان عیزەدین، پێیوایە؛ بەراورد بە ئەزموونی زۆربەی پەرلەمانی دەوڵەتانی تر، پەرلەمانی کوردستان نموونەیەکی دەگمەنە، ئەوەش بەوپێیەیە پەیڕەوەکەی (١٩) ساڵ لەمەوبەر دانراوە «ئەوکاتە ئەوەی زاڵبووە بەسەر بیرکردنەوەو دارشتنی ئەو پەیڕەوەدا، زیاتر سیستمێکی قیادییە، کە سەرۆک باڵادەستەو دەسەڵاتی رەهای هەیەو ئەوە لەبەرچاو نەگیراوە، کە پەرلەمان نوێنەرایەتی گەل دەکاتو سەرۆکو سەرۆکایەتییەکەی نابێت هاوشێوەی سەرۆکی حیزبو حکومەت بێت، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمان بە دەزگایەکی هەڵبژێردراوی نوێنەرایەتیکردنی گەل نەزانراوە، بەڵکو پەرلەمان لە دەزگایەکی حیزبیی، یا تەنفیزی دەچێت کە تێیدا سەرۆک رۆڵی باڵای هەیە».

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی عێراق، کارنامەی دانیشتنەکان بە هەماهەنگیی لەگەڵ سەرۆکی لیژنەکانی پەرلەمان، یان نوێنەرەکانیان دادەنرێت، بەڵام لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا ئاماژە نەکراوە بە ئەنجامدانی هیچ هەماهەنگییەک لەگەڵ لیژنەکانی پەرلەماندا بۆ دیاریکردنی کارنامەی دانیشتنەکان، ئەمەش بەو مانایە دێت، کە کارنامەی دانیشتنەکان لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە دیاریدەکرێت، «ئەوەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە تائێستا پرۆژەی پەیڕەو کە زۆربەی پەرلەمانتاران لەگەڵ گۆڕینیدان، نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە».

پەیمان عیزەدین، لەو رووەوە دەڵێت: لە دنیادا سەرۆکایەتی پەرلەمان سەرۆکایەتی ئیداریی پەرلەمانەو کاری رێکخستنی ئیدارەی دانیشتنەکانە، نەک ئەوەی حاکمی موتلەق بێتو بە مانا مەعنەوییەکەی سەرۆکی پەرلەمان بێت، دەبێت دەسەڵاتی دانانی بەرنامەی کار بۆ ریزبەندییو ئەولەویەت بۆ پرۆژەیاساکانو دانیشتنەکان لە دەستی ئەنجومەنێک بێت، کە نوێنەری سەرجەم فراکسیۆنەکانی تێدا بێت بە ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتو سەرۆکو جێگرەکەی دەکرێت لەو ئەنجومەنەدا بن».

هەروەک بڕیاردەرەکەی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، جەخت لەوە دەکاتەوە؛ کە دەبێت یەکەمین هەنگاو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بگۆڕێت بەشێوەیەک لەگەڵ ئەمڕۆدا بگونجێت، بۆ ئەوەی پەرلەمانێکی کارابێتو رەنگدانەوەی سیاسەتو دنیابینی ئێستا بێت، «نەک پەرلەمانێک بۆ خاوەنی چەند کەسێک کە خەباتیان هەبێت، ئەوەی ئێستا هەیە ناگونجێت لەگەڵ رۆڵی پەرلەمان».

ناخرێتە بەرنامەی کارەوە

لەکاتێکدا ئاماژە بە پێویستیی پەیڕەوێکی ناوخۆی نوێ دەکرێت، بەڵام تائێستا سەرۆکایەتی گفتوگۆکردن لەسەر هەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی نەخستووەتە بەرنامەی کارەوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە لیژنەی یاساییو دوو فراکسیۆنی پەرلەمان پرۆژەیان بۆ ئەو مەبەستە پێشکەش کردووە.

کاروان ساڵح، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان لەو رووەوە دەڵێت: «سیستمی بەڕێوەبردن لەو پەیڕەوەدا زۆر دواکەوتووەو تێدا دەسەڵاتی زیاد لە پێویست دراوە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە هەردوو حیزبی باڵادەست قۆرخی ئەو دەسەڵاتەیان کردووەو هیچ شتێک بۆ ئەندامی پەرلەمان نەماوەتەوە جگە لە دەست بەرزکردنەوە»، هۆکاری نەخستنە بەرنامەی پرۆژەی گۆڕانکارییەکەشی بۆ دەسەڵاتو سەرۆکایەتی پەرلەمان دەگەڕێنێتەوە.

لای خۆشیەوە، بیلال سلێمان، لەو رووەوە دەڵێت: «جگە لەوەی لەلایەن لیستەکانەوە داوای گۆڕینی پەیڕەوەکە کراوە، لە کۆبوونەوەی لیژنەکان لەگەڵ سەرۆکایەتی پەرلەمان نارەزایی لەو پەیڕەوە ناوخۆییە دەربڕاوەو داوای گۆڕینی کراوە، بەڵام لەلایەن سەرۆکایەتییەوە هەرجارەی بە بیانوویەک و بە جۆرێک وەڵام دراوەتەوەو نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە، لەکاتێکدا ئەو وەڵامانە باوەڕپێکەر نین».

وتیشی: «پێموایە ئامانج هەیە بۆ ئەوەی سەرۆکایەتی نەیخاتە بەرنامەی کارەوەو نەیانەوێت ئەو گۆڕانکارییانەی باس دەکرێتو لەناو پەیڕەوەکە هەیە ئەنجامبدرێت، رەنگە لە هەمانکاتیشدا مەبەستی سیاسیی لەپشتەوە هەبێت، چونکە دەسەڵاتەکان زۆرن بۆ سەرۆکایەتیو هیچ سەڵاحیەتێکی بۆ ئەندامی پەرلەمان نەهێشتووەتەوەو هەمووی دراوە بە سەرۆکایەتی، رەنگە ئەوەش هۆکارێک بێت کە سەرۆکایەتی بیەوێت هەموو دەسەڵاتەکان لە دەستی خۆیدا بمێنێتەوەو دابەشی نەکات».

« پەیڕەوی ناوخۆ دەسەڵاتی رەهای داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمانو هیچ سەڵاحیەتێکی نەهێشتووەتەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان»

12 هەنگاوێک بەرەو چاکسازیی... با لە پەرلەمانەوە دەست پێبکەین

شیعەکان لیژنەیەک بۆ داواکارییەکانی کورد پێکدەهێنن

مالیکی هەڵمەتی کۆکردنەوەی کورسی دەستپێکرد

هەستیار قادر

مالیکی هەڵمەتی کۆکردنەوەی کورسی بۆ بەدەستهێنانی شەرعیەتی پەرلەمانی پێکهێنانی حکومەت دەستپێدەکات و شیعەکانیش لیژنەیەک بۆ تاووتوێکردنی داواکارییە (١٩) خالییەکەی کورد پێکدەهێنن، هاوکات لیستی عێراقییەش سوورە لەسەر رەتکردنەوەی مالیکی وەک سەرۆک وەزیران و داوای گۆڕینی دەکەن بە پالێوراوێکی دیکە.

نوری مالیکی

شەری کورسی

بۆ پێکهێنانی حکومەت و پێدانی متمانە لەناو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا بەپێی برگە چواری مادەی (٧٦)ی دەستووری عێراق، سەرۆک وەزیرانی راسپێردراو پێویستی بە کۆکردنەوەی زۆرینەی رەهای دەنگی پەرلەمانتارانە بۆ پەسەندکردنی کابینەی حکومەتەکەی، کە دەکاتە (٥٠+١)و لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێستاشدا کە ژمارەیان (٣٢٥) ئەندامە، دەبێت (١٦٣) دەنگ کۆبکاتەوە، لەپاش ئەوەی لەلایەن زۆرینەی کوتلەی هاوپەیمانی نیشتمانییە، نوری مالیکی سەرۆکی دەوڵەتی یاسا وەک پالێوراوی ئەو لیستە هەڵبژێردرا لە رووی تیۆرییەوە مالیکی توانیویەتی دەنگی (١٣٤) پەرلەمانتار کۆبکاتەوە، کە (٢٩) کورسی پێویستە، بەوپێیەی ئێتیلافی دەوڵەتی یاسا خاوەنی (٩١) کورسی و کوتلەی ئەحرار(سەدرییەکان) خاوەنی (٤٠) کورسییەو هەریەک لە هادی عامری و ئیبراهیم جەعفەری و ئەحمەد چەلەبیش پشتگیرییان لێکرد، بەڵام ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا پێیوایە؛ ژمارەکە لەو ڕێژەیە زیاترەو دەنگی پێویستیان بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک وەزیران مسۆگەر کردووە،

لەوبارەیەوە جینان عەبدولجەبار، پەرلەمانتار لەسەر ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا، تایبەتبەرۆژنامەی راگەیاند: «بەشە ناڕازییەکەی فەزیلە لەلایەکی تر لەسەر دووبارە کاندیدکردنەوەی مالیکی بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران وەک محەمەد مەهدی بەیاتی، بۆ رۆژنامەی روونکردەوە، لەسەر میکانیزمی هەڵبژاردن بووەو وتیشی: «ئێمە وەک ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی هێشتا پەیوەستین بە ئیئتیلافی نیشتمانییەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دانوستانمان لەگەڵ کاندیدکردنەوەی نوری مالیکی، کە ئەنجومەنی باڵاو حیزبی فەزیلەن، تەنیا (١٤) پەرلەمانتاریان هەیەو سەربەخۆکانی ناو ئیئتیلافی نیتشتمانیی دەنگ بە مالیکی دەدەن، ئەمە جگە لە فراکسیۆنی بەرەی تەوافوق کە شەش کورسییان هەیە، بەڵێنی دەنگدانیان بە مالیکی داوە «بە وتەی ئەو ئەندامەی دەوڵەتی یاسا ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش دەنگ بە مالیکی دەدەن، بەڵام لە بەرامبەردا محەمەد مەهدی بەیاتی، ئەندامی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامیی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە هێشتا (٢٧) کورسییان لەنێو ئیئتیلافدا ماوەو کەم نەبوونەتەوە بۆ (١٤) کورسی».

شەری شیعەکان بەچی دەگات؟

ناکۆکیی نێوان بەرەی دەوڵەتی یاساو سەدرییەکان لەلایەکو ئەنجومەنی باڵاو لیستی عێراقییە بەردەوامە بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی هاوبەشو کاندیدکردنەوەی مالیکی بۆ ژێر چەتری پەرلەمان بەجێدەهێلینو ئەوکاتە هەڵوێستی خۆمان دەبێت، هاوکات جینان عەبدولجەبار، لە دەوڵەتی یاسا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە پێویستە سەرجەم پێکهاتەکانی هاوپەیمانی نیشتمانیی پەیوەست بن بە بڕیاری کاندیدکردنی مالیکی وەک پالێوراوی ئەو لیستەو پشتیگیری بکەن، ئەمە لەکاتێکدایە چەند سەرچاوەیەکی هەواڵ بڵاویان کردەوە، کە ئەنجومەنی باڵاو کوتلەی فەزیلە بە هاوبەشی لیستی عێراقییە سەرگەرمی دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێکن بۆ مالیکی لەبارەی شکستهێنانی لە پێکهێنانی حکومەتو پێدانی متمانە لە پەرلەماندا، هاوکات لیستی عێراقییەش لەسەر زاری مەیسون دەمەلوجی، وتەبێژیەوە رەتکردنەوەی مالیکی وەک پالێورا راگەیاند، تا ئەو کاتەی دەوڵەتی یاسا نەپگۆڕێت بە پالێوراوێکی تر».

مەرجی شیعەکان لەسەر مالیکی

هەڵبژاردنەوەی مالیکی لەلایەن هاوپەیمانی نیشتمانییەوە تا ببێتەوە بە پالێوراوی سەرۆک وەزیرانی نوێ لەدوای دژایەتیکردنێکی چەند مانگە، بەو ئاسانییە نەهاتە ئاراوەو وەک هەنگاوێک بۆ سنووردارکردنی لە بڕیاردانداا، ڕێکەوتنێکی (٢٤) خاڵی لەنێوان هەردوولادا ئیمزاکراوە، کە بە نووسراوی پەیوەندیی نێوان هاوپەیمانی نیشتمانییو سەرۆک وەزیران ناودەبرێت، بەپێی ئەو ڕێکەوتنە کە ڕۆژنامەی وەتەنی عێراقی لە ژمارەی دوێنێیدا بڵاوی کردووەتەوە، سەرۆک وەزیران، واتە مالیکی پەیوەست دەکرێت بە دەستوورو یاساو کارنامەی حکومییەوە، کە لەلایەن هاوپەیمانی نیشتمانییەوە دادەنرێتو لیژنەیەکی سەکردایەتیش لەو هاوپەیمانێتییە پێکدەهێنرێت، کە دەبێت سەرۆک وەزیران پەیوەست بێت بە بڕیارەکانییەوە، دەبێت وەزیرەکانی هاوپەیمانی نیشتمانیی لە هێڵە سەرەکییەکان بن، تاببنە گرەنتی ئەو میکانیزمو مەرجانە کە لە پەیڕەوی ناوخۆی هاوپەیمانی نیشتمانیدا هاتووەو ئەو مەرجانەش پلە تایبەتەکانو پۆستە هەستیارەکانیش دەگرێتەوە،

بەپێی ڕێکەوتنەکە، کە وادەی ٢٠١٠/٦/٢١ی لەسەرەو هاوپەیمانی نیشتمانیی دەکرێت بە دامەزراوەیەکی سیاسییو دەستەیەکی گشتیش بۆ سەرۆکایەتی ئەو هاوپەیمانێتییە پێکدەهێنرێت، لەلایەن ئەو دەستەیەشەوە بەشێوەی خولی ئەدای سەرۆک وەزیران هەڵدەسەنگێنرێت و داوای لیپرسینەوەو کشاندنەوەی متمانە لە هەر وەزیرێک بکرێت، پێویستی بە ڕێکەوتنی سەرۆک وەزیرانو ئەو دەستەی سەرۆکایەتییەیەو بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی هاوپەیمانی نیشتمانیش، دەبێت سەرۆک وەزیرانو جێگرەکانی سەرۆک کۆمارو وەزیرەکانو سەرۆکی دەستە سەربەخۆکان پەیوەست بن بە بڕیاری هاوپەیمانی نیشتمانییەوە، کاتێک متمانەی لێ وەردەگیرێتەوەو دەبێت وەزارەتە ئەمنییەکانیش بە ڕێکەوتن لەگەڵ لایەنەکانی دەرەوەی هاوپەیمانی نیشتمانیی بدرێتە کەسانی سەربەخۆو سەرجەم پشکنەرە گشتییەکانیش لە وەزارەتەکان لە هەمان کوتلە نەبن، کە ئەو وەزارەتەیان بەدەستەو دەبێت ئەو مەرجو ڕێکەوتنانەش لەنێوان سەرۆک وەزیرانو هاوپەیمانی نیتشتمانیدا ئیمزا بکرێت، وەک مەرجێک بۆ قایلبوون بۆ دیاریکردنی پالێوراوی سەرۆک وەزیران.

دوای نزیکەی حەوت مانگ بەسەر هەڵبژاردندا..

کێ پرۆسەی سیاسیی بەڕێوەدەبات، دەستوور، پەرلەمان، یان سیاسەتمەداران؟

ڕاپۆرتی: کاروان عومەر

پەرلەمانتاری نوێو پێشووی عێراقی کۆکن لەسەر ئەوەی کە بێمتمانەیی لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا وایکردووە پەرلەمان «ئیفلیج» و دەستووریش ناکارابێتو لەبری ئەو دوو لایەنە سیاسەتمەداران پرۆسەی سیاسیی دەجوڵێنن.

حسێن شەعلان

پێکنەهێنانی حکومەتی عێراقی لەدوای زیادلە (٢٠٠) ڕۆژ لە ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن، چەند کەلێنێکی شاراوەی پرۆسەی سیاسیی عێراقی دەرخست، کە پێشتر پەی پێ نەبرابوو، جگە لە بۆشاییە دەستوورییەکان بە تایبەت لە وادەی دیاریکراوی پیکهێنانی حکومەتو کوتلەی زۆرینەدا، بێ دەسەڵاتی ئەنجومەنی نوێنەرانیش لە بینینی ڕۆڵی خۆی ئاشکرا بوو، چاودێرانیش پێیانوایە؛ لە ئێستادا دەستوورو پەرلەمان ڕۆلیان نەماوە یەکەمیان، وەک شەرعیترین ڕێنوێنی دەوڵەتو دووەمپشیان، وەک باڵاترین دامەزراوەی شەرعی دەوڵەت.

حسین شەعلان، پەرلەمانتاری لیستی عێراقییە، پێیوایە؛ سیاسیەتمەدارانی عێراق شکستییان هێنا لە کارەکانیان بەهۆی دەستێوەردانی دەرەکییو بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان، پێش بەرژەوەندیی گشتیی خستووەو تایبەت بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «لایەنە سیاسییەکان چەندین جار دەستووریان پێشێلکردووەو هیچ بایەخێکیان پێ نەداوە».

بە رای پەرلەمانتارێکی پێشووش، بارودۆخی سیاسیی دوای هەڵبژاردنیش لە عێراق دەریخستووە، کە هەموو جۆرە دامەزراوەکانی عێراق بە دەستی لایەنە سیاسییەکانە، نەک پەرلەمان.

حەسەن عوسمان، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی پێشووی عێراق بۆ ڕۆژنامەی روونکردەوە: کە دەرکەوت دەزگاو هێزەکان بە دەستی لایەنە سیاسییەکانەوەن، ئەگەر بە دەستی پەرلەمان بوایە، دەیتوانی چارەسەری کێشەکان بکاتو حکومەتی پێکبهێنایە، بەڵام ئەوەی بەدیدەکرێت ئەوەیە، کە هێز بە دەستی پەرلەمانەوە نەماوەو وتیشی: «ئەگەر کار بە دەستوور نەکرێت، حکومەتی نوێی عێراقیش پێکناهێنرێت».

هەندێکی تریش پێیانوایە: کە خودی لایەنە سیاسییەکان دەستووریان پێشێلکردووە وەک بنەمایەکی سەرەکییو سەروو یاساکان مامەڵەی لەگەڵ ناکەن، ئەمیر کینانی، سەرۆکی قەوارەی ئەحرار (سەدرییەکان) لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئاشکرایکرد؛ کە سەرجەم لیستە سیاسییەکانو سیاسەتمەداران دەستووری عێراقییان پێشێلکردووە، چونکە پێیانوایە؛ کە دەستوور تەنیا بەڵگەیەکی یاساییە، نەک بنەمایەکی سەرەکییو سەروو هەموو یاساکانو بەپێی خواستو بەرژەوەندییەکانیان شیکردنەوەیان بۆ دەستوور ئەنجامداوە.

کینانی، تایبەت بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «زۆربەی سیاسەتمەدارانیش شکستیان هێناوە لە کارەکانیان»

بەڵام هەندێکی دیکە پێیاوایە؛ کە سیاسەتمەداران شکستیان نەهێناوەو بارودۆخی عێراق هۆکاری دواخستنی پێکهێنانی حکومەت بووە، عەلی عەلاق سەرکردەو پەرلەمانتاری دەوڵەتی یاسا پێیوابوو؛ سەرکەوتنو شکستی سیاسەتمەدارەکان، ئەنجامی دیالۆگ لەنێوان لیستە سیاسییەکانی دەریدەخات، بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «سیاسەتمەداران شکستیان نەهێناوە، بەڵکو بارودۆخی سیاسیی عێراق بووەتە هۆی دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت».

هاوکات سەرکردەیەکی لیستی عێراقییەش پێیوایە؛ نەبوونی ڕۆڵی پەرلەمان دەگەڕێتەوە بۆ بێ متمانەیی لەنێوان لایەنە سیاسییەکاندا، عەدنان دەنبوس، سەرکردەی لیستی عێراقییە بە ڕۆژنامەی رایگەیاند: کێشەکان لەنێوان سەرکردەی لیستە سیاسییەکانو نەبوونی متمانە لەنێوانیان کە بووەتە مایەی پێک نەهێنانی حکومەتی عێراقو لەکارکەوتنی پەرلەمان، گەورەترین کێشەش کە دووچاری خودی پەرلەمان دەبێتەوە، کێشەی دەستنیشانکردنی سەرۆکو هەردوو جێگری سەرۆکی پەرلەمانە.

ئەمیر کینانی

عەدنان دەنبوس، وتیشی: هۆکاری لەکارکەوتنی دەستووریش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سەرجەم لایەنەکان شیکردنەوە بۆ ماددە دەستوورییەکان ئەنجامدەدەن بەپێی خواستەکانیان، سەرەڕای ئەوەی ئەو لایەنانە خۆیان بەشداریان کردووە لە نووسینەوەی دەستوور، لەلایەکی تریشەوە، پسپۆڕانی سیاسیی پێیانوایە؛ سیاسەتمەدارانی عێراق شکستیان هێناوە لە بەڕێوەبردنی پرۆسەی سیاسییدا.

د.نەبیل مەحمەد سەلیم، لێکۆڵەری سیاسیی بۆ ڕۆژنامەی روونکردەوە: کە سیاسەتمەداران عێراق لەسەر ئاستی پرۆسەی سیاسیی، یان ئەنجومەنی نوێنەرانو ئەدای حکومەت، شکستیان هێناوەو سەرکەوتوو نەبوون لە کارەکانیاندا، ئەو راستییەش سەرجەم هاوڵاتییانی عێراق دەیزانن.

هاوکات لێکۆڵەرێکی دیکەی سیاسیی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە؛ کە سەرجەم لیستە سیاسییەکان بە بێ جیاوازیی بەرپرسن لە پێکنەهێنانی حکومەتو ماوەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بە کراوەییو دەستنیشان نەکردنی سەرۆکو جێگرەکانی پەرلەمان، د.عامر حەسەن فەیان، لیکۆڵەری سیاسیی رایگەیاند: سەرجەم ئەندام پەرلەمانو لیستەکان بێ جیاوازیی بەرپرسن لە داوکەتنی پێکهێنانی حکومەتو مانەوەی دانیشتنی کراوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو دەستنیشان نەکردنی کەسێک بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان.

ئاشکراشی کرد، سەرۆکی لیستە سیاسییەکانی بە هەمان شێوە بەرپرسن لە پێشیلکردنو لە کارکەوتنی دەستووری عێراق.

با لە پەرلەمانەوە دەست پێبکەین

فۆتۆ: رۆژنامە

بگرێتەوەو لانیکەم (٤٨)سەعات پێش ئەوە دەستەی سەرۆکایەتیی ئاگادار بکرێتەوە.

بانگهێشتی وەزیرەکان

١. هەموو دوارۆژی کۆبوونەوەی هەفتانە، جگە لەو هەفتەیەی سەرۆکی حکومەت بانگهێشت دەکرێت، ئەندامێکی ئەنجومەنی وەزیران بانگهێشتی پەرلەمان دەکرێت.

٢. هەمان میکانیزمەکانی بانگهێشتی سەرۆک وەزیران پیادەدەکرێت.

٣. ئەگەر بانگهێشتی وەزیر بۆ پرسینەوە بێت، ئەوا دەکرێت لەسەر داوای خۆی، یان چواریەکی ئەندامان، متمانەدان بەو وەزیرە بخرێتە بەرنامەی کارەوە. متمانە بە زۆرینەی رەهای ئەندامانی پەرلەمان دەسێنرێتەوە.

فراکسیۆنەکانی پەرلەمان

فراکسیۆنەکان، بەشێکی گرنگی پەرلەمانن‌و نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکەن لە رێگای دەنگدەرانەوە، بۆیە دەبێت لە پەیرەودا ئەرکو مافەکانی بە وردیی دیاری بکرێت‌و بکرێتە بەشێک لە پێکهاتەو پەیکەرەی پەرلەمان.

شێوازی دانانی فراکسیۆنەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، دەگۆڕدرێت‌و تا ئاستێک پەیوەستە بە سیستمی هەڵبژاردنەوە. دەکرێت رێژەیەک دابنرێت بۆ پێکهێنانی فراکسیۆن کە لە (٣)کەمتر نەبێت (بەو حوکمەی پێویستە هەر فراکسیۆنێک سەرۆک‌و جێگرو وتەبێژ، یا بڕیاردەرێکی هەبێت). دەکرێت ئەو ئەندامانەی لە لیستی جیاوازن، پێکەوە فراکسۆنێکی هاوبەش پێکبهێنن‌و سەرۆکایەتیی تێدا بە شێوەی خول بێت.

١. پێویستە فراکسیۆن، سەرۆک‌و جێگر، وتەبێژ، یا بڕیاردەرێکی هەبێت‌و لە لایەن سەرۆکایەتیی‌و فراکسیۆنەکانی ترەوە ناسراو بێت.

٢. پەیڕەوێکی ناوخۆی هەبێت.

٣. سەرۆکی فراکسیۆنەکان لە کاتی کۆبوونەوەکانی پەرلەماندا، دەتوانن داوای پشویەکی کورت بکەن بۆ راوێژکردن لەگەڵ یەکتر، یا لەگەڵ ئەندامانیان بە مەرجێک لە (١٥) دەقە تێنەپەڕێت.

٤. هەموو فراکسیۆنێک بە گوێرەی رێژەکەی، بوجەیەکی بۆ تەرخان دەکرێت لە لایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، هەروەها سکرتێرو راوێژکارێک، یا چەند راوێژکارێک، لەگەڵ شوێنی کۆبوونەوە.

٥. فراکسیۆنەکان، بەبێ جیاوازی‌و بە گوێرەی رێژەیان لە هەموو کەرەستەو کەلوپەل‌و ئیمکانیاتێکی پەرلەمان بەهرەمەند دەبن‌و مامەڵەی یەکسانیان لەگەڵدا دەکرێت لە هەموو بوارەکاندا.

٦. سەرۆکی، یان نوێنەری فراکسیۆن ئەندامی ئەنجومەنی راوێژکارانە کە دەسەڵاتەکانی لە بڕگەی ئەنجومەنی راوێژکاریدا دیاریکراوە.

٧. هەر ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هەیە تەنیا لەیەک فراکسیۆندا ئەندام بێت.

٨. ئەندامانی پەرلەمان ئازادن لە پەیوەستبوون، یان وازهێنان لەهەر فراکسیۆنێک‌و پێویستە لەهەر حاڵەتێکدا سەرۆکایەتیی‌و رای گشتیی لەوبارەوە ئاگاداربکرێتەوە.

٩. بودجەی فراکسیۆنەکان، تەنیا بۆ ئیش‌و کاری فراکسیۆن سەرف دەکرێت لەژێر چاودێریی لیژنەی تایبەت، یا لیژنەی دارایی پەرلەمان‌و دیوانی چاودێریی دارایی‌دا.

لیژنەی کاروباری پەرلەمان

بوونی ئەم لیژنەیە لە پەرلەمانی کوردستاندا زۆر پێویستەو دەتوانێت هۆکارێک بێت بۆ بەشداریکردنی هەموو فراکسیۆنەکان لە بەڕێوەبردنێکی شەفافانەی پەرلەمان‌و دامەزراوەکانیدا.

١.ئەم لیژنەیە لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە سەرۆکایەتیی دەکرێت بە ئەندامێتی هەردوو جێگر، نوێنەری فراکسیۆنەکان، بەرپرسی دیوان‌و دەکرێت دوو راوێژکاری یاساییش ئەندام بن لە دەرەوەی ئەندامانی پەرلەمان.

٢. ئەم لیژنەیە سەرپەرشتی کاروباری کارگێڕیی‌و دارایی‌و ئیدارەدانی پەرلەمان دەکات:

- دامەزراندنی کارمەندان، بە گوێرەی پێویستی‌و شارەزایی‌و پلان.
- سەرپەرشتی کتێبخانەو ئۆفیسی راگەیاندن‌و بانکی زانیاری‌و دەزگاکانی تری پەرلەمان.
- سەرفکردنی پارە، بەخشین‌و مینەحەکان، هاوکارییەکان.
- گۆڕانکاریی لە باڵەخانەی پەرلەمان، چاکسازیی لە بەڕێوەبردن، گۆڕێنی بەشەکان‌و دانانی دەسەڵاتەکانیان.
- ئامادەکردنی بودجەی پەرلەمان.
- رێکخستنی هاتن‌و رۆشتن‌و پێشوازیی میوانان.
- رێکخستنی کاروباری راگەیاندن‌و کارئاسانی بۆ راگەیاندنکاران.

٣. لیژنە ئەم ئەرکانەی خوارەوەشی دەبێت لە بواری رەفتاری ئەندامانداا.

- چاودێریکردنی پابەندبوونی ئەندامان بە رەفتارنامەی پەرلەمانەوە بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ.
- پابەندبوونی ئەندامان بە مەرجەکانی ئەندامێتی.
- زیمەی دارایی ئەندامان.
- چاودێریی هاتن‌و رۆشتنی ئەندامان‌و مۆڵەتەکان.
- رەفتاری ئەندامان لە ناوەو دەرەوەی پەرلەمان.

بنەماکانی رەفتاری ئەندامان (قواعد السلوک)

پێویستە رەفتارنامە بکرێتە مادەیەکی تایبەت لە پەیرەو، یان پاشکۆیەک بێت لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان‌و پیادەکردنی ئیلزامی بێت بۆ هەموو ئەندامان.

لە رەفتارنامەدا پێویستە چەند خاڵێکی گرنگ یاداشت بکرێن، وەک:

١. قەدەغەیە کە ئەندامی پەرلەمان پۆستەکەی بەکاربهێنێت بۆ دەستکەوت، یا کاروباری تایبەتی خۆی.

٢. نابێت پیشەی ئەندامێتی پیشان بدات لەهەر کاروبارێکدا، پەیوەست نەبێت بە کاری پەرلەمانی، یان پرسێکی گشتییەوە.

٣. ئەو ئەندامانەی بەرژەوەندیی تایبەتییان هەیە لەهەر پرۆژە یاسا یا بڕیارێکدا، پێویستە پەرلەمان ئاگادار بکەنەوە.

٤. ئەندام سەرجەم داهات‌و توانای دارایی‌و موڵک‌و مالی خۆی بۆ پەرلەمان رۆشن بکاتەوەو فۆرمی دارایی پڕ بکاتەوەو ساڵانە زیمەی دارایی خۆی رۆشن بکاتەوە.

٥. سەرۆکایەتیی لە هەر دیارییەک کە لە (١٠٠)هەزار دینار زیاتربێت ئاگادار بکاتەوە.

٦. نابێت ئەندام هیچ دیارییەک لە کۆمپانیا حکومیی‌و ئەهلییەکانی ناوەوەو دەرەوەی هەرێم وەربگرێت، نابێت هیچ دیارییەک لە دەسەڵاتی جێبەجێکار وەربگیرێت.

٧. ئەندامان پابەند بن بە رەوشتی بەرزی پەرلەمانتاریی‌و هەیبەت‌و جێگاو رێگای پەرلەمان بپارێزن.

٨. تەرخانبوونی تەواوی ئەندام بۆ کاروباری پەرلەمان‌و بۆی نییە لە هیچ شوێن‌و جێگایەکی تر کاری بەکرێ بکات. کاری بازرگانی، پارێزەریی، کار لە کۆمپانیاکان،... هتد قەدەغەیە بۆ ئەندامان لە ماوەی کاری پەرلەمانیاندا.

خاڵی یاسایی (نقطة نظام)

خاڵی یاسایی، مافێکی یاسایی ئەندامانە کە هەر کات بە پێویست زانرا، دەبێت بەکاربهێنرێت‌و سەرۆکایەتیش پابەند بێت پێیەوە. سەرۆک دوای ئەوەی ئەندامەکە لە قسەکانی دەبێتەوە، بڕیار دەدات کە ئەو خاڵە یاسایی بوو یان نا. مەرجی خاڵی یاسایی کورتی‌و پوختیەتی، نابێت شیکردنەوەو بۆچوون بێت‌و نابێت لە یەک دەقیقە تێپەڕبێت، مەگەر بە رەزامەندیی سەرۆکی دانیشتنەکە نەبێت.

خاڵی یاسایی، تەنیا لەم سێ حاڵەتەدا بەکاردەهێنرێت:

١. بابەتەکە دژ بە دەستوورو یاسا بێت، یا کێشەی یاسایی هەبێت.

٢. دژ بە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بێت.

٣. لەدەرەوەی بەرنامەی کارو بابەتی گفتوگۆ بێت.

مافی ئەندامان

سەرباری ئەو چەند بڕگەیەی لە پەیڕەودا هەیە وەک مافی ئەندامان، پێویستە چەند خاڵێکی تر لە پەیڕەودا بنووسرێتەوە، وەک:

١. مافی ئەندام پارێزراوە لە هەر پرسین‌و لێپرسینەوەیەک لە ئەندامانی حکومەت. پێویستە دەستەی سەرۆکایەتیی کارئاسانی بۆ ئەم مەبەستە بکەن‌و کاتی دیاریکراو بۆ هەر پرۆسەیەک دیاری بکرێت.

٢. دەبێت سەرجەم پرسیاری ئەندامان‌و وەڵامی بەرپرسان چاپبکرێت‌و لە ماڵپەڕی پەرلەمان‌و بڵاوکراوەی ناوخۆییدا بڵاوبکرێتەوە.

٣. ئەندامانی پەرلەمان لە کاتی سەردانەکانیان بۆ دەزگاکانی حکومەت‌و لە رێگاو بان‌و بازگەکانی پشکنیندا دوای خۆناساندنیان، مامەڵەی پرۆتۆکۆلی پایەبڵندیان لەگەڵ دەکرێت. نابێت لە هیچ بازگەو دەزگایەکدا دەست بخرێتە کاریان، یان رێگرییان لێبکرێت، یان خۆی‌و کەلوپەل‌و ئۆتۆمبێلەکەی بپشکنرێت، مەگەر بە بڕیاری دادگا نەبێت.

لەم حاڵەتانەدا ناسنامەی ئەندامێتی بەڵگەی رەسمییەو پێویست بە بەڵگەی تر ناکات.

٤. هەموو ئەندامێکی پەرلەمان بۆی هەیە سەیری کۆنووسی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان‌و لیژنەکان بکات. هەروەها بۆی هەیە سەیری بەڵگەنامەکان بکات.

سکاڵا

هەموو هاوڵاتییەکی کوردستان‌و هەموو دەزگاو کەسایەتییە مەعنەوییەکان، دەتوانن سکاڵای خۆیان بگەیەننە پەرلەمان بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. سکاڵاکان، ناو و ئیمزاو ناونیشان‌و مێژوویان لەسەر دەبێت.

٢. ئۆفیسێک لە پەرلەمان تەرخان دەکرێت بۆ وەرگرتن‌و پۆلێنکردنی ئەو سکاڵایانە.

٣. پاش تۆمارکردن‌و رێکخستنی، لەلایەن سەرۆکایەتییەوە، رەوانەی لیژنەکانی پەرلەمان دەکرێت بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەن.

٤. پاش وەرگرتنی وەڵامی لیژنەو دەزگا پەیوەندیدارەکان، ئۆفیس کەس‌و لایەنی سکاڵاکەر، لە وەڵامەکان ئاگادار دەکاتەوە بە نووسراوی رەسمیی.

٥. هەفتانە، کاتێک دیاری دەکرێت بۆ خستنەڕووی سکاڵاو وەڵامەکانیان کە لە نیو سەعات تێپەڕ نەکات، مەگەر لەسەر بڕیاری سەرۆکایەتیی نەبێت.

دەسەڵاتی لیژنەکان

ئەمە یەکێکە لەو بەشانەی کە پێویستە گۆڕانگاریی ریشەیی بەسەردا بهێنرێت بە شێوەیەک، دەسەڵاتێکی یاسایی‌و ئسولی بە لیژنەکان بدرێت بۆ لێکۆڵینەوە، پرسیارکردن‌و بانگهێشتکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران‌و دەزگا حکومییەکان. بەشێکی زۆر لە دەسەڵاتی لیژنەکان لە ئێستادا بەستراوە بە سەرۆکایەتیی، یان سەرۆکی پەرلەمانەوە. ئەمەش دەبێت بەشێوەیەک بگۆڕدرێت کە دەسەڵات بگەڕێتەوە بۆ لیژنە پەرلەمانییەکان کە نوێنەرایەتیی هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان دەکەن.

ئەوەی کە پێویستە جێگیر بکرێت

١.لیژنەکان، بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانیان دەتوانن، راستەوخۆ بانگهێشتی وەزیرو هەر بەرپرسێکی تری دەزگاکانی وڵات بکەن، وێنەیەکی بانگهێشتکردنەکە رەوانەی دەستەی سەرۆکایەتیی دەکرێت. بانگهێشتکراو، دەبێت لە ماوەی هەفتەیەکدا لە لیژنە ئامادە بێت‌و تەنیا یەک جار دەتوانێت کاتی سەردانەکە بگۆڕێت.

٢. ئەگەر بناگهێشتکراو لە کاتی دیاریکراودا بەبێ هیچ هۆکارێک ئامادە نەبوو، ئەوا لە هۆڵی پەرلەماندا لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت تا ئاستی سەندنەوەی متمانە.

٣. لیژنەکان، بۆیان هەیە راستەوخۆ لە هەموو دامودەزگا حکومی‌و فەرمانگەو دامەزراوەکان داوای دیکۆمێنت‌و زانیاری بکەن بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوەکانیان. سەرجەم داواکاریی لیژنەکان، دەبێت لەماوەیەکدا کە لە دە رۆژ تێنەپەڕێت بگاتە دەست لیژنەو بە پێچەوانەوە هەموو ئیجرائاتێکی ئسولی لەگەڵ بەرپرسی ئەو فەرمانگانە دەکرێت.

٤. لیژنەکان، دەتوانن هەر کات بە پێویستی بزانن‌و بێئاگاداراکردنەوەی پێشوەخت، سەردانی هەر وەزارەت‌و دامەزراوەیەکی حکومیی- گشتی بکەن‌و داوای بەڵگەنامەی پێویست بکەن‌و نابێت هیچ زانیارییەک لە ئەندامانی لیژنە بشاردرێتەوە.

٥. سەرۆکی لیژنەکان، بۆیان نییە ئەندام بن لە هیچ لیژنەیەکی تردا.

٦. لیژنەکان، لە ماوەیەکدا کە لە (١٥)رۆژ تێناپەڕێت راپۆرتی خۆیان لەسەر ئەو پرۆژانە ئامادە دەکەن کە دەگاتە لیژنە.

٧. ئامادەنەبوونی ئەندام لە کۆبوونەوەکانی لیژنە بە بێ هۆکارێکی بڕواپێکراو، دەبێتە هۆی بڕینی بەشێک لە مووچەی مانگانەی ئەندام. سەرۆکی لیژنە، دەستەی سەرۆکایەتیی‌و ژمێریاریی لە ئامادەنەبوونی ئەندام ئاگادار دەکاتەوە.

٨. لە دانانی سەرۆکی لیژنەکاندا، رێژەی کورسییەکانی فراکسیۆن رەچاودەکرێت. ئەگەر رێککەوتن لەسەر سەرۆکایەتیی لیژنەکان نەکرا، ئەوا بەسەرپەرشتی ئەنجومەنی راوێژکاران، تیروپشک دەکرێت بۆ وەرگرتنی سەرۆکایەتیی لیژنەکان.

٩. سەرۆکی لیژنەکان، بە راپۆرتێک سەرۆکایەتیی لە ئاکامی سەردان‌و بینین‌و لێکۆڵینەوەکان‌و دانیشتنەکان ئاگادار دەکاتەوە.

پرسیارو لێپرسینەوە

ئەم بەشە بە شێوەیەکی قوڵ پەیوەستە بە چاودێریکردنی حکومەتەوە لە لایەن پەرلەمانەوە. بۆیە دەبێت بە شێوەیەکی رۆشن‌و ورد بنووسرێتەوەو مافی ئەندامان لە لێپێچینەوەولێپرسینەوەدیاریبکرێت‌ودەستەی سەرۆکایەتیی نەبێتە رێگر لەبەردەم پرۆسەی لێپرسینەوە لە بەرپرسە حکومییەکان.

کاتێک وەڵامی پرسیارەکان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا تێپەڕدەبێت، یان پرسیارکەر بە وەڵامەکان رەزامەند نابێت، ئەو کات پرۆسەی لێپرسینەوە دەستپێدەکات.

هەروەها لێپرسینەوە لە حاڵەتی هەستکردنی ئەندام بەوەی ئەندامێکی ئەنجومەنی وەزیران، یان کابینەکە یاساشکێنی دەکەن، یان کەمتەرخەمن لە بەڕێوەبردنی کارەکانیان، یان بۆ لێپێچینەوە لە مەسەلەیەکی دیاریکراو دەکرێت.

ئەندام، بۆ ماوەی (٥)دەقە پرسیار دەکات‌و وەزیری تایبەتمەند (٥)دەقە وەڵام دەداتەوە. (١٠)ئەندام بۆیان هەیە پرسیاری کورت بکەن‌و پاشان ئەندام دوا قسەی دەکات‌و پاشان وەزیر.

ئەگەر ئەندام وەڵامەکانی بەدڵ نەبوو، ئەوا داوا دەکات بکرێتە لێپرسینەوە.

پرسیارو وەڵامەکان چاپ دەکرێن‌و لە ماڵپەڕی پەرلەمان بڵاو دەکرێنەوە.

بۆ لێپرسینەوە پێویستە:

١. لێپرسینەوە بۆ مەسەلەیەکی دیاریکراوەو نابێت لەو چوارچێوەیە بترازێت.

٢. کات بۆ لێپرسینەوە دیاری بکرێت کە لە هەفتەیەک کەمتر نەبێت‌و لە (٢)هەفتە تێنەپەڕێت.

٣. مەرج نییە لێپرسینەوە بە خستنەڕووی متمانە بە وەزیر، یا کابینە کۆتایی بێت.

٤. پاش خوێندنەوەی بابەتی لێپرسینەوەکە لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە، بوار بە ئەندام دەدرێت بۆ ماوەی (١٠)دەقە بابەتەکە شی بکاتەوە. بە هەمان شێوە بوار بە وەزیر دەدرێت، (١٠) دەقە وەڵام بداتەوە.

٥. ئەندام، (٥)دەقە وەڵامی وەزیر دەداتەوەو پاشان وەزیریش (٥)دەقە وەڵام دەداتەوە.

٦. پاشان بوار بە (١٠)ئەندامی لایەنگرو دژ دەدرێت کە قسە بکەن بە مەرجێک لە (٢)دەقە تێنەپەڕێت بۆ هەر یەکێکیان.

٧. پاشان دوا بوار بە ئەندامو وەزیر دەدرێت کە هەریەکە (٥)دەقە قسەی خۆیان بکەن.

٨. ئەگەر ئەندام بە وەڵامەکانی وەزیر رازی نەبوو، بۆی هەیە داوای سەندنەوەی متمانە بکات لەو وەزیرەو بخرێتە دەنگدانەوە.

بە کورتی

لەم باسەداو لە پەیڕەوی داهاتووی پەرلەماندا، بۆ ئەوەی مەوداکانی ئازادیی ئەندامانی پەرلەمان زیاتر بکرێت‌و پەرلەمان توانای چاودێریی بەهێز بێت‌و کارای بکەینەوە، پێویستە ئەم هەنگاوانە بنرێت:

١. ئۆپۆزسیۆن، لە دەستەی سەرۆکایەتیی ئامادەیی هەبێت.

٢. دەستەی سەرۆکایەتیی، دەسەڵاتی تەواوی هەبێت، نەک تەنیا سەرۆکی پەرلەمان.

٣. ئەنجومەنی راوێژکاران، سەرپەرشتی ئیش‌و کارەکانی پەرلەمان بکات بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی سەرۆکایەتیی.

٤. فراکسیۆنەکان، بەهۆی ئەنجومەنی راوێژکاران‌و لیژنەکانەوە ئامادەیی زیاتریان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی پەرلەمان هەبێت.

٥. لیژنەی کاروباری ناوخۆ، بە ئیش‌و کارەکانی دەزگاکانی پەرلەمان هەستێت.

٦. هەفتانە، کاتێک بۆ بانگهێشتکردنی وەزیرەکان دابنرێت.

٧. مانگانە، سەرۆکی حکومەت بانگهێشت بکرێت.

٨. رۆژانە، کاتێک بۆ قسەو باس لەسەر مەسەلەیەکی گشتیی کتوپڕ بکرێت.

٩. ئۆفیسێک بۆ سکاڵای هاوڵاتییان دابنرێت.

١٠. مافی ئەندامان لەسەردان‌و پرسیارو لێپرسینەوەو داوای دیکۆمێنت‌و زانیاری پارێزراو بێت.

١١. ئەو دەسەڵاتەی بەدەست سەرۆکایەتییە، بدرێتەوە بە لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان.

*** سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان.**

هەنگاوێک بەرەو چاکسازیی...

لێکۆڵینەوە: عەدنان عوسمان *

زۆر بە کورتی

زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین، پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان،دووەم بەڵگەنامەی ڕەسمیی وڵاتە لە ڕووی گرنگیو هەستیارییەوە لە پاش دەستوور. پەیڕەو، میکانیزمەکانی کارکردنو بەڕێوەچوونی ئیشو کارەکانی پەرلەمان دیاری دەکاتو هێڵەکانی پەیوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکار ڕۆشن دەکاتەوە. هەروەها سنووری دەسەڵاتەکانی پەرلەمانو ئەندامەکانی، سەرۆکایەتییەکەی، لیژنەکانی، تواناکانی،...هتد بە وردیی دیاری دەکات.

بۆیە پێویستە کە باس لە چاکسازیی دەکەین لە وڵاتێکدا کە بڕوای بە سیستمی پەرلەمانی هەیەو پەرلەمان وەک تاکە مەرجەعی بڕیاردانو چاودێریی دادەنێت، دەبێت لە پەرلەمانەوە دەست پێبکەین، لە پەرلەمانیشدا پێویستە لە پەیڕەوەکەیەوە خاڵی وەرچەرخان بە ئاراستەی چاکسازیی دەست پێبکات.

بەبێ پەیڕەوێکی ڕۆشنو دیموکراتییانە کە مافەکانی ئەندامان، دەسەڵاتەکانیان، مافی زۆرینەو کەمینە، ئۆپۆزسیۆن، فراکسیۆنەکان، سەرۆکایەتیی بە وردیی دیاری کرابێت، ناتوانین قسە لەسەر پەرلەمانێکی چالاکو خاوەن دەسەڵاتو هەیبەت بکەین. چونکە پەیڕەوە کە تواناکان دەردەخات، یان کپی دەکات، دەستەکان والا دەکات، یان توند توند شەتەکیان دەدات.

بەبێ پەرلەمانێکی چالاکو خاوەن ئیرادەو دەسەڵاتیش، مەسخەرەیە باس لە دیموکراتییەتو مەدەنییەت بکرێت.

بۆیە هەنگاوی یەکەمی هەموو ریفۆرمخوازان لە هەر حیزبو ڕێکخراوێک بن، بەهێزکردنی پەرلەمانو گەڕاندنەوەی ئیرادەیە بۆی، ئەویش لە ڕێگای پیادەکردنی پەیڕەوێکی نوێو کاریگەرو ڕۆشنەوە.

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، تەنانەت لە وڵاتە دیموکراتییەکانیشدا، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازی هەیە. ئەرکو دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتیی، پێکهاتەی لیژنەکان، شێوەی بەڕێوەبردنو ئیشو کاری ئیداریی، دەسەڵاتی فراکسیۆنەکان، کەمینەو زۆرینە، ئەمانە هەمووی گۆڕانی بەسەردا دێتو زۆربەی کات بە گوێرەی گەشەسەندنی سیستمی سیاسییو دامەزراوەیی دەسەڵاتی تەشریعی دیاری دەکرێن. دیارە دەستوورو عورفی سیاسییو دابەشیو جیایی دەسەڵاتەکان لەیەکتر، کاریگەریی زۆریان بەسەر دارشتنی بەندەکانی پەیڕەوەوە هەیە.

بەڵام بە گشتیی شێوەی دارشتنی بەندەکانی پەیڕەو ڕەنگدانەوەی جێگەو ڕێگەی پەرلەمانو سیستمی پەرلەمانییە لەو وڵاتانە. پەیڕەوێکی لاوازی نارۆشن، ڕەنگدانەوەی بوونی سیستمێکی سیاسیی مەرکەزییو نادیموکراتە، بە پێچەوانەوە بوونی پەیڕەوێکی بەهێز، نیشانەی ئامادەیی پەرلەمانە لە ژیانی سیاسیدا وەک تاکە مەرجەعی یاسادانانو چاودێریکردن.

مەبەستی سەرەکی ئەم باسەمان، گۆڕانکاریکردن نییە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئەم پەیڕەوە ئەوەندە کۆنو لاوازو نەزۆکە، لە توانادا نییە کە چاکسازیی تێدا بکرێتو پێویست بەو هەنگاوەش ناکات، بەڵکو دەبێت هەوڵی هەموومان لە هێنانە ئارای پەیڕەوێکی نوێدا بێت کە هەم ڕەنگدانەوەی واقیعی نوێی نێو پەرلەمان بێتو هەمیش هەنگاوێک بێت بە ئاراستەی چاکسازیی ڕاستەقینە لە کۆمەڵگای کوردستاندا.

لەوانەیە بەهانەی ڕاستەقینە هەبێت بۆ لاوازیی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە ساڵی ١٩٩٢و لەسەرو بەندی پێکهێنانی یەکەم پەرلەمان لە مێژوی کوردیدا لە هەرێمێکی داڕووخاوی گەمارۆدراودا، بەڵام لە ئێستاداو دوای (١٨)ساڵ لە بوونی (لاوەکی، شکڵی، ڕاستەقینە، یاهەر ناوێک)ی ئەم دامەزراوەیەو داننان بە هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵیی خاوەن دەسەڵات لە عێراقدا، ئیتر هیچ بیانوو و بەهانەیەک نامێنێتەوە بۆ لە ڕیشەوە نەگۆڕینی ئەم پەیڕەوەو دانەڕشتنی پەیڕەوێکی نوێ کە تەعبیر لە ئێستامان بکات.

بۆیە، لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەم کە بە گوێرەی واقیعی سیاسیی ئێستای کوردستان، قسەلەسەر پەیڕەو بکەم کە لەوانەیە هێشتا بە بەراورد لەگەڵ سیستمە دێرینەکانی کاری پەرلەمانتاری، لە دواوە بێتو هێشتا زۆر هەنگاو و چاکسازیی تر مابێت کە پێویستە قۆناغ بە قۆناغ لە پەیڕەودا ئەنجامی بدەین.

یەکێک لە خاڵە گرنگەکان بۆ دانانی پەیڕەو، ئەوەیە کە نابێت جێگیر بێت، بەڵکو لەگەڵ گۆڕینی واقیعی سیاسییو حیزبییو پێکهاتەی نوێی پەرلەمانی دەبێتو دەکرێت نەک هەموار، بەڵکو پەیڕەوێکی نوێ بنووسرێتەوە. هەندێک پەرلەمان لە دوای هەڵبژاردنەکانو دەرکەوتنی پێکهاتەی نوێی سیاسیی، پەیڕەوێکی نوێ ئامادە دەکەن بۆ بەڕێوەبردنی ئیشو کارەکانی پەرلەمان.

بە کورتی لەسەر ئەم پەیڕەوە

وەک باسمکرد، مافی سادەی پەرلەمانتارانی ئەم خولەیە کە ئەم پەیڕەوە وەلا نێنو پەیڕەوێکی نوێ پەسەند بکەن، وەک چۆن مافی ئەندامانی خولی داهاتووە بەهەمانشێوە، پەیڕەوێکی نوێ بۆخۆیان بنووسنەوە. ئەوە سەرەتاکانی کاری پەرلەمانە لە سەرەتای دەستپێکردنی کارەکانی دوای هەڵبژاردن، بۆیە لێرەدا ئەگەر هەندێک لابەلا قسەیەک لەسەر ئەم پەیڕەوە پیادەکراوە بکەین، ئەوا هەر تەنیا بۆ بەراوردکرنە، نەک بۆ چاککردنی.

کە دەڵێم، پەیڕەوی پیادەکراویش، دەبێت ئەوە بە بیردا بهێنمەوە کە لە ڕاستیدا زۆر بەندی ئەم پەیڕەوە هەیە بەبێ هیچ پاساوێکو ڕوونکردنەوەیەک فەرامۆشکراوە کە نزیک بە (١٥)ماددە دەبێت!

(بۆ نموونە: ماددەکانی ١٩، ٢٠، ٢٤، ٢٨، ٣٧، ٣٩، ٤١، ٥٤، ٥٦، ٦٦، ٦٧، ٧٩)

لە کوێوە دەست پێبکەین؟
یەکەم: دەسەڵاتەکانی پەرلەمان

پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، دەبێت لە سەرەتادا ئەرکو دەسەڵاتەکانی کە لە یاسای هەڵبژاردنو دەستووردا (عێراقو هەرێم) دیاریکراون، بە ڕوونی دارێژێت.

دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی پەرلەمان ئەو چوارچێوەیەیە کە پەرلەمانتاران دەتوانن تیایدا کار بکەنو سنوورەکانی کارکردنی خۆیان بزانن و ئەم مادەیە وەک مادەیەکی جێگیر دەمێنێتەوە، مەگەر لە حاڵەتی گۆڕینی دەستووردا نەبێت.

پێویستە لەم پەیڕەوەدا سەرباری کارە سەرەکییەکانی پەرلەمان، لە دارشتنو دەرکردنی یاساو بڕیارەکانو چاودێریی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، ئاماژە بە ڕۆڵی پەرلەمان لە پەسەندکردنی ڕێککەوتننامەکانو چاودێریی کونسلگەرییەکانو نوێنەرەکانی هەرێم لەدەرەوەی وڵات، هێزە چەکدارەکان، ئاسایش، دیوانی چاودێریی دارایییو دەستە پەیوەندیدارەکانی تر بدرێت.

دووەم: هەڵبژاردنی دەستەی سەرۆکایەتیی

دەستەی سەرۆکایەتیی پێویستە پێک بێت لە: سەرۆکو (٢)جێگر. ئەم دەستەیە پێش یەکەم کۆبوونەوە لەلایەن بەرپرس، یان نوێنەری لیستە براوەکانەوە دیاری دەکرێن. سەرۆکو جێگری یەکەم لە لیستی زۆرینە دەبنو جێگری دووەم لە لیستی ئۆپۆزسیۆن دەبێت کە بەم شێوەیەش ئۆپۆزسیۆن نوێنەری لە دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان دەبێتو ئاگاداری کارەکانو بڕیارەکانو کۆبوونەوەکانی دەستەی سەرۆکایەتیی دەبێتو لە دانانی بەرنامەی کارو بەدواداچوونی پرۆژەکان ڕۆڵی دەبێت.

جێگرەکانی سەرۆک، نوێنەرایەتیی لیستەکانیان دەکەن لە دەستەی سەرۆکایەتیدا، گەر بەهەر بیانوویەکەوە لە لیستەکانیاندا نەمێنن، ئەوا جێگەکەیان لە دەستەی سەرۆکایەتیی لەدەستدەدەنو لیستەکە بۆی هەیە کەسێکی تر بۆ ئەو جێگەیە پێشنیاز بکات.

ئەم دەستەیە بە لیستێک لەیەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمان لەلایەن سەرۆکایەتیی کاتی پەرلەمان (کە لە بەتەمەنترینو دوو هاوکار پێک دێت) پێشکەش بە پەرلەمان دەکرێتو بە زۆرینەی ڕەهای دەنگی ئەندامان پەسەند دەکرێت. ئەندامان بۆیان هەیە لیستی تر، یا کاندیدی تریان هەبێتو لەم حاڵەتەدا پرۆسەی دەنگدانی نهێنی دەست پێدەکات. بەڵام وەک بڕگەیەک دەبێت لە هەموو حاڵەتێکدا نوێنەرێکی ئۆپۆزسیۆن لە دەستەی سەرۆکایەتیی هەبێت بەبێ ژماردنی ڕێژەی دەنگەکانیان.

(وەک دەزانین لە پەرلەمانی کوردستاندا، وەک بەشێک لە دابەشکردنی دەسەڵات لە نێوان دوو حیزبی براوەی هەڵبژاردنی ١٩٩٢دا، هەردوو دەسەڵاتی سەرۆکو جێگر لە نێوان دوو حیزبدا دابەشکراوە بە گوێرەی پێکهاتەی حکومەت، بەڵام دوای هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥و بوونی ئۆپۆزسیۆن بە ڕێژەیەکی بەرفراوان لە پەرلەماندا، ئیتر پێویست دەکات نوێنەری ئۆپۆزسیۆن لە دەستەی سەرۆکایەتیدا ئامادەبێتو لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی پەرلەماندا چیتر ئۆپۆزسیۆن پەراوێزو پشتگوێ نەخرێت).

سێیەم: دەسەڵاتەکانی دەستەی سەرۆکایەتیی

پێویستە زۆربەی دەسەڵاتەکان بدرێتە دەستەی سەرۆکایەتیی، نەوەک سەرۆکی پەرلەمان.

سەرۆکی پەرلەمان، سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دەکات، سەرۆکایەتیی دانیشتنەکان دەکاتو گفتوگۆکان بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ بەڕێوە دەبات، نوێنەرایەتیی پەرلەمان دەکات لە بۆنە ڕەسمییەکانو ئاهەنگەکاندا، هەروەها سەرۆکایەتیی لیژنەی تایبەتی کاروباری پەرلەمان دەکات (دواتر باس لە پێکهاتەو ئەرکەکانی ئەم لیژنەیە دەکەین).

دەستەی سەرۆکایەتیی پێکەوە ئەم ئەرکانە ڕادەپەڕێنن

١. بڕیاردان لەسەر بەرنامەی کاری هەفتە.
٢. کردنەوەی دانیشتنەکان، بڕیاردان لەسەر کاتی کۆبوونەوەکان (بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ) دواخستنی کاتی گفتوگۆکانو دانیشتنەکان.
٣. ئیمزاکردنی مەحزەرو هەموو دیکۆمێنتە ڕەسمییەکانی پەرلەمانو یاساکانو بڕیارەکان.
٤. سەرپەرشتیکردنی کاروباری لیژنەکانو ئەندامانو کاروباری ناوخۆی پەرلەمان بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی تایبەتی کاروباری پەرلەمان.
٥. دیاریکردنی بوجەی پەرلەمان لەگەڵ لیژنەی کاروباری پەرلەمان.
٦. سەرپەرشتیکردنی دیوانی پەرلەمان.
٨. پیادەکردنو جێبەجێکردنی هەموو بەندەکانی پەیڕەوی ناوخۆ، کارکردن بۆ پیادەکردنی پەیڕەو لە هەموو ئیشو کارەکانی پەرلەماندا.
٩. هەر دەسەڵاتێکی تر کە لە پەیڕەودا دیاریکرابێت.

کۆبوونەوەی پەرلەمان
یەکەم: ئەنجومەنی ڕاوێژکاران

پەرلەمان لەکاتی خولی گرێدانیدا (کە چوار مانگە) هەفتانە بە بەردەوامیو ڕێکوپێکی کۆدەبێتەوە. میکانیزمی کۆبوونەوەکانو شێوەی دیاریکردنی بەرنامەی کار، بەم شێوەیە دەبێت:

١. ئەنجومەنێکی ڕاوێژکاران پێکدێت لە: دەستەی سەرۆکایەتیی، سەرۆک، یان جێگری سەرۆکی حکومەت (کە تەنیا بۆ دانانی بەرنامەی کار بانگهێشت دەکرێن، یان بۆ کارێکی پێویست)، سەرۆکی فراکسیۆنەکان.

٢. ئەم ئەنجومەنە لە پێش دەستپێکردنی دانیشتنەکانی خولی گرێدانەوە، بە لانیکەم هەفتەیەک، بە ئامادەبوونی سەرۆکی لیژنە هەمیشەییەکان کۆبوونەوەیەک دەکات بۆ دانانی بەرنامەی کاری پەرلەمان لە ماوەی ئەو چوار مانگەدا. هەفتانە دەستەی سەرۆکایەتیی بە گوێرەی ئەو ڕیزبەندییەی لە ئەنجومەندا کراوە، بەرنامەی کار بەسەر ئەندامانداا دابەش دەکات.

٣. لە بەرنامەی کاردا، گرنگی بەو پرۆژانە دەدرێت کە زۆر گرنگنو ئیشو کاری هاوڵاتییانیان لەسەر بەندە، چ ئەوانەی لەلایەن حکومەتەوە ڕەوانە دەکرێن، یان لەلایەن پەرلەمانتارانەوە پێشکەش دەکرێن، پاشان ڕیزبەندی گەیشتنی ئەو پرۆژانە بە دەستەی سەرۆکایەتیی.

٤. ڕیزبەندییو مێژووی گەیشتنی پرۆژەکان لە بڵاوکراوەی ناوخۆی پەرلەماندا بە بەردەوامی بڵاودەکرێتەوە.

٥. پرۆژەکان بە گوێرەی ڕیزبەندییەکانی ئەنجومەن، ڕەوانەی لیژنەی یاسایی دەکرێن بۆ ئامادەکردنی بۆ خوێندنەوەی یەکەمو هەر بەو ڕیزبەندییەش خوێندنەوەی دووەمیان بۆ دەکرێت.

٦. ئەنجومەنی ڕاوێژکاران دوابڕیار لەسەر پێکهاتەی لیژنەکانو سەرۆکایەتییەکانیان دەداتو دەیخاتە بەردەمی پەرلەمان.

٧. ئەو بەیاننامە ڕەسمییانەی لە لایەن پەرلەمانەوە دەردەکرێن سەبارەت بە مەسەلە نەتەوەییو نیشتمانییو گرنگەکان، دەبێت لەلایەن ئەنجومەنەوە پەسەند بکرێن پێش بڵاو کردنەوەیان.

٨. دیاریکردنی ئەندامانی وەفدە ڕەسمییەکانی پەرلەمان.

٩. بەشداریکردن لە دانیشتنە ڕەسمییەکانی سەرۆکایەتیی پەرلەمان لەگەڵ میوانانو وەفدە ڕەسمییەکانی دەرەوە.

١٠. هاوکاریکردنی دەستەی سەرۆکایەتیی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەو گرفتانەی دێنە پێشەوە لە نێو هۆڵی پەرلەمان، یان لە لیژنەکاندا.

١١. پاراستنی گیانی هاوکارییو هاوپیشەییو دیالۆگی ئازادو هێمنانە لەنێو پەرلەماندا.

دووەم: دانیشتنەکانی پەرلەمان

١. لە ماوەی خولی گرێداندا، پێویستە پەرلەمان هەفتانە لانیکەم یەک جارو لانی زۆر سێ جار دانیشتنی ئاسایی خۆی بکات.

٢. ئەگەر لە هەفتەیەکدا پەرلەمان نەیتوانی کۆبوونەوە بکات، دەبێت دەستەی سەرۆکایەتیی هۆکارەکەی بۆ ئەندامان ڕوونبکاتەوە.

٣. دەستەی سەرۆکایەتیی، دەتوانێت تەنیا یەک هەفتە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان دوا بخات.

٤. پازدە دەقەی یەکەمی هەموو کۆبوونەوەکان تەرخان دەکرێت بۆ قسەکردن لەسەر مەسەلەیەکی گشتیی پەیوەندیدار بە هەرێمو کاروباری هاوڵاتییان. ئەو فراکسیۆنو ئەندامانەی دەیانەوێت قسە بکەن، دەبێت پێش (٢٤)سەعات کورتەی بابەتو داواکارییو کاتی داواکراو بدەنە دەستەی سەرۆکایەتیی.

٥. پێش دەستپێکردنی دانیشتنەکان، پێویستە دەستەی سەرۆکایەتیی لایەنی داواکەر لە بڕیاری خۆی ئاگادار بکاتەوە لەگەڵ هۆکارەکانیدا، ئەگەر وەڵامەکە ڕەتکردنەوە بوو.

٦. دەستەی سەرۆکایەتیی تەنیا یەک جار دەتوانێت داواکە ڕەت بکاتەوە.

بانگهێشتی سەرۆکی حکومەت

١. دوارۆژی هەموو هەفتەیەکی کۆتایی مانگ تەرخان دەکرێت بۆ بانگهێشتکردنی سەرۆکی حکومەت.

٢. سەرجەم پرسیارە نووسراوەکانی ئەندامانو فراکسیۆنەکان، پێش هەفتەیەک لە کاتی کۆبوونەوەکە ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران دەکرێن.

٣. ئەو ئەندامانەی دەیانەوێت بە زارەکی پرسیار لە سەرۆکی حکومەت بکەن، لانیکەم هەفتەیەک پێش دانیشتنەکە دەستەی سەرۆکایەتیی ئاگادار دەکەنەوە.

٤. بە گوێرەی پرسیارە زارەکییو نووسراوەکان، یان لەسەر داوای لانیکەم دە ئەندامی پەرلەمان، دەستەی سەرۆکایەتیی بابەتەکانی ئەو کۆبوونەوەیە دیاریدەکاتو نابێت ئەندامان لەو بەرنامەیە دەربچن.

٥. لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا، بوار بە (١٠)پرسیاری زارەکی دەدرێت بە گوێرەی ڕیزبەندیی ناونووسینی پێشوەخت، بە مەرجێک کاتی پرسیارکردنەکە لە (٢)دەقە تێپەڕنەکات.

٦. لەسەر داوای دەستەی سەرۆکایەتیی، یان سەرۆکی حکومەت، یان چواریەکی ئەندامانو ڕەزامەندیی دوو لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان، دەکرێت هەموو، یان بەشێک لە کۆبوونەوەکە بە نهێنی بێت.

٧. سەرجەم پرسیارو وەڵامەکان چاپ دەکرێنو دەخرێنە بەردەستی ئەندامان، لانی زۆر هەفتەیەک پاش کۆبوونەوەکە.

٨. لە حاڵەتی نەتوانینی سەرۆکی حکومەت بەهەر هۆیەکی پەسەندەوە بۆ ئامادەبوون، تەنیا جێگری سەرۆک دەتوانێت جێگای

یەکێک لە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان

راڤەی بودجە

پێوەنان لە مووچەدا

عەلی حەمەساڵح

ئـــەو پـــارەیـــەی کـــە لە کوردستـانـدا بـۆ مووچەی فەرمانبەران‌و خانەنشین‌و کادیرە حیزبییەکان دەڕوات، رەنـگـە لـە جیهاندا شتێکی کەمونە بـێـت، ئـەمـەش لە روانگە ئابووریيەکەیەوە وەک لایەنێکی خراپ وێنا دەکرێت، تەنانەت ئەگەر ئەو پارەیەی کە لە هەرێمی کوردستاندا بە مووچەی فەرمانبەران دەدرێت، کە دیارە بەشێکیان کادیری حیزبن بەراوردی بکەین بە حکومەتی ناوەندیی عێراق، ئەوجا بۆمان روونەدەبێتەوە کە لە کوێداین، بودجە لە دووبەش پێکدێت، بودجەی بەکاربردن‌و بودجەی وەبەرهێنان، ساڵی (٢٠٠٨) ئەو پارەیەی کە لە بودجەی بەکاربردندا لە عێراقدا بـۆ مووچە تەرخانکراوە (٣٨,٦٪)ی بودجەی بەکاربردن بووە، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا ئەم ڕێژەیە زۆر زیاتر بووەو (٥٨,١٥٪) بودجەی بەکاربردن بۆ مووچە بووە.

کاتێک دەڵێین ئەو پارەیەی لە کوردستاندا بە مووچەخۆر دەدرێت، پارەیەکی زۆرە، مانای وا نییە پارە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان نەمابێتەوە.

دەسـەڵاتـی کـوردی بۆ خـۆدەربـازکـردن لەو گازندانەی هاوڵاتییان کە لەبارەی نەبوونی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانەوە دەیانکردو دەیکەن، وەڵامێکی هەیە «زۆرینەی هەرە زۆری بودجە بۆ مووچەی فەرمانبەران دەڕوات»، زۆرجـار ئەم رستەیەش تێدەپەڕێنن‌و ڕێژەو ژمارەی هەڵەیان بە هاوڵاتییان گەیاندووە، چۆن؟

گوێمان لێبووەو خوێندوومانەتەوە، وتوویانە (٦٣٪) یان (٦٥٪)ی بودجە بۆ مووچە دەڕوات، ئەمە تەنیا بۆ چەواشەکاریی بووە، چونکە ئەم ڕێژانە هی بودجەی بەکاربردن بووە، نەک کۆی گشتیی بودجە، ئەو پارەیەی کە بۆ مووچە تەرخانکراوە زۆر لەم ڕێژانە کەمتر بووە، چۆن؟

بۆ مووچەی فەرمانبەرانی حکومەت‌و خانەنشین‌و کادیرە حیزبییەکانیش، ساڵی رابردوو (٣) ترلیۆن‌و (٤١٩) ملیار دینار لەلایەن حکومەتەوە پێشنیاز کراوە پەرلەمانیش هەمان ژمارەی پەسەند کرد، واتە حکومەت وتی من پێویستم بە (٣) ترلیۆن‌و (٤١٩) ملیار دینار هەیە بۆ مووچە، بەڵام حکومەت جگە لە خەرجکردنی پارەی تەرخانکراو (٤٦٧) ملیار دینار، کە (٣٨٢) ملیۆن دۆلار دەکات بەشێوەی زیادەڕەویی خەرجی کردووە، دەکرێت زیادەڕەویی لە مووچەدا بکرێت، بەڵام بە ژمارەیەک لەگەڵ لۆجیکدا بگونجێت، ئایا دەکرێت حکومەتێک (٣٨) هەزارو (٢٠٠) دەفتەر دۆلار زیاتر خەرج بکات لـەوەی کە خۆی داوای کردووەو بۆی تەرخانکراوە؟

ئەگەر بڵێین ئەم پارە بە وەزارەتی پێشمەرگەش دراوە راست نییە، چونکە ئەم زیادەڕەویکردنە هیچ پەیوەندییەکی بە وەزارەتـی پێشمەرگەوە نییەو ئەوەی بە وەزارەتی پێشمەرگە دراوە (٩٧١) ملیارو (٦٦٦) ملیۆن دینارەو لە خانەیەکی جیاوازتردا ئەژمار کراوە، حکومەتێک لەسەر بنەمای وەزارەتەکانی‌و ژمارەی فەرمانبەرەکانی، کە (٦١٦) هەزارو (٣٠٢) فەرمانبەر بووە، تەنانەت پلەی فەرمانبەرەکانیشی دیاریکردبێت، بۆ نموونە وتوویەتی (٤٨) فەرمانبەری پلە یەکو (٨١٦) فەرمانبەری پلە دوو، بەوشێوەیە هەر (١٠) پلە وەزیفییەکەی دیارکردووەو ئەوجا داوای پارەی تەرخانکراوی کردبێت بۆ مووچە، ئایا دەکرێت (٣٨٢) ملیۆن دۆلار زیاتر خەرج بکات لەوەی کە بۆی تەرخانکراوە؟!، ئەمە جێگای لەسەر وەستانەو دەبێت فراکسیۆنەکانی ناو پەرلەمان‌و بەتایبەت ئۆپۆزسیۆن بەدواداچوونی بۆ بکەن‌و ئاشکرای بکەن کە ئەم (٣٨٢) ملیۆن دۆلارە بەچی دراوە، بەو پارەی کە بەشێوەی زیادەڕەویی خەرجکراوە لە مووچەدا، پارەی دروستکردنی (٢٨٥) قوتابخانەی (١٨) پۆلی هاوچەرخە، چونکە تێچوونی دروستکردنی قوتابخانەیەکی لەو شێوەیە ئێستا ملیارێک‌و (٦٠٠) ملیۆن دینارە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بە مووچەی فەرمانبەران‌و خانەنشین‌و کادیری حیزب‌و ئەو زیادەڕەوییە زۆرەشەوە کە کراوە، لە (٩) ترلیۆن‌و (٩٥٢) ملیار دیناری خەرجکراو لەساڵی رابردوودا، (٤) ترلیۆن‌و (١٦٩) ملیار دینار بۆ مووچە بووە، کە (٤١,٨٪) بودجە دەکات، بۆ ئەمساڵیش لە (١١) ترلیۆن‌و (٤٣٢) ملیار دیناری پەسەندکراو، (٤) ترلیۆن‌و (٩٩٩) ملیار دینار بۆ مووچە بووە، کە (٤٣٪)ی بودجە دەکات، نـــەک (٦٣٪)ی بودجە، وەک ئەوەی کە گوێبیستی دەبووین، واتە پاش خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەران‌و خانەنشین‌و کادیری حیزبیش، (٦) ترلیۆن‌و (٤٣٣) ملیار دیناری بودجە ماوەتەوە، ئایا ئەم پارەیەی ماوەتەوە لە بودجە بۆ پرۆژە تەرخانکراوە؟

بەدڵنیاییەوە نەخێر، دەکرێت لە ژمارەکانی ئایندەدا بە درشتیی ئەو بوارانە بخەینەڕوو کە پارەی تێدا خەرجکراوە.

حکومەت هیچ بودجەیەکی بۆ (تەملیک)کردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان تەرخاننەکردووە

هەنگاو هاشم- هەولێر

تـەمـلـیـکـکـردنـی زەویـیـە کشتوکاڵییەکان کە لە خولی رابردووی پەرلەمان یاسای بۆ دەرچـووە، تائێستا جێبەجێنەکراوەو لە بودجەی ئەمساڵیشدا حکومەت هیچ بڕە پارەیەکی بۆ تەرخاننەکردووە.

بەڕێوەبەری گشتیی زەویـوزار لـە وەزارەتـی کشتوکاڵ، ئاماژە بەوە دەکات: تەملیککردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان کاتی زۆری دەوێت‌و کێشەیان زۆرە، لەوانە کێشەی دارایی، ئەندامێکی لیژنەی کشتوکاڵیش ئاشکرای دەکـات: «حکومەت هیچ بودجەیەکی بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە تەرخاننەکردووە».

گەلاوێژ محێدین، بەڕێوەبەری گشتیی زەویـوزار لـە وەزارەتـی کشتوکاڵ‌و سەرچاوەکانی ئاو، بە ڕۆژنـامـەی راگەیاند: تاپۆکردنی زەویـیـە کشتوکاڵییەکان کێشەی زۆری تێدایەو کاتی زۆری دەوێت، چونکە دەبێت بزانین هەر پارێزگایەک چەند گوندو پارچە زەوی هەیە، هەروەها لیژنەمان هەیە دەچن بۆ ئـەوەی بزانن زەوییەکان تاچەند مەرجەکانی تاپۆکردنی تێدایە، یەکێکی تر لە کێشەکانمان ئەوەیە دوو یاسا پێکەوە جێبەجێدەکەین، کە یاساکانی تەسوییەو تەملیکە، کە ئەو زەوییانەی کـاتـی خـۆی تەسوییە نـەکـراوە، ئێستا تەسوییە دەکرێت، کە ناوچە سنوورییەکان دەگرێتەوە، هەروەها لـە یـاسـای تەملیکیش مافەکانی جوتیار دەدرێت‌و زەوییەکەی بەناو دەکرێتەوە.

سەبارەت بە کێشەکانی تاپۆکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان، وتی: «لە تاپۆکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان کێشەمان زۆرە، کێشەی شارەوانی‌و داراییمان هەیە، لە رووی کێشەی شارەوانییەوە هەندێک زەوی هەیە کـەوتـوونـەتـە نـاوشـار، کـە ئەمە کێشەمان بۆ دروسـتـدەکـات، یان خـاوەن زەوی هەیە عەقدی نییە، هەروەها زۆربەی ئەو زەوییانەی لە پارێزگاکانی سلێمانی‌و دهۆک هەن، زەوییەکانیان لە (٢٥) دۆنم کەمترە، بەمجۆرەش بەپێی یاسا ناتوانرێت زەوییەکانیان تاپۆبکرێت، لە رووی کێشەی دارایـیـەوە، لیژنەکانمان دەردەچـــن‌و زۆرجـــار شەوانیش دەمێننەوە بە زەحمەت پارەکەیان بۆ سەرف دەکرێتەوە».

بەپێی یـاسـای تەملیککردن، مـەرجـەکـانـی تـاپـۆکـردنـی زەوی کشتوکاڵیی دەبـێـت ئـەو کەسە جوتیاربێت‌و خەڵکی ئەو ناوچەیە بێت کە زەوییەکەی هەیە، زەوییەکەی لەبەردەستبێت‌و کشتوکاڵی تێدا بکات‌و هیچ کێشەیەکی نەبێت، هەروەها نابێت زەوییەکە لە (٢٥) دۆنم کەمتر بێت.

گـەلاوێـژ مـحـێـدیـن ئـەوەشـی خستەڕوو، کە نازانن چەند دۆنم زەوی لـە هـەرێـمـی کـوردسـتـان تاپۆدەکرێت، بەڵام (٣٠) کیلۆمەتر لە زەوییە کشتوکاڵییەکان کەوتووەتە ماستەرپلانی هەولێرو ئەوەش کێشەی بۆ دروستکردوون.

لـەبـەرامـبـەردا، جـەلال عەلی عەبدوڵڵا، سەرۆکی لیژنەی کشتوکاڵ‌و ئاودێریی لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ڕۆژنامە روونیکردەوە: تائێستا تەسوییەی زەوییەکان لە هەرێمی کوردستان تەواونەبوون، تاوەکو تەسوییەکردنەکەش تەواونەبێت‌و پارەی بۆ دابیننەکرێت، تاپۆکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان زەحمەتە.

ئـامـاژەی بـەوەشـکـرد: هـەر زەویـیـەک ئەگەر تەملیک بکرێت، پێویستە لیژنەیەکی حەوت کەسی بۆ پێکبهێنرێت‌و دادوەرو رووپێویش تێیدا بەشدار بن، هەروەها دەبێت بانگەواز بکرێت لەو ناوچەیەی کە زەوییەکانیان تاپۆدەکرێت‌و سەرجەم پارچە زەوییەکانی ئـەو ناوچەیە بخرێتە سـەر نەخشەو تەسوییە بکرێت، دواتر تەملیک بکرێت.

سـەرۆکـی لیژنەی کشتوکاڵ‌و ئاودێریی لە پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بەوەش دەکات: لە بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی حکومەتی هەرێمی کـوردسـتـان هیچ بـودجـەیـەک بۆ بەڕێوەچوونی تاپۆکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان تەرخاننەکراوە، بەڵام وەکو نموونە چەند ناوچەیەک ئەم یاسایەی لەسەر جێبەجێدەکرێت.

لەئێستادا هەنگاوە بەراییەکانی تەملیککردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان لـەچـەنـد نـاوچـەیـەکـی هـەرێـمـدا دەستپێکردووەو کارەکان لەژێر تاووتوێکردن‌و تاقیکردنەوەدان.

لەبەرامبەردا، پێشەوا تۆفیق، ئەندامی لیژنەی کشتوکاڵ‌و ئاودێریی، بۆ ڕۆژنامە وتی: یاسای تاپۆکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە خولی دووەمـــی پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، لە راپۆرتی لیژنەکەشمان لەم خولەدا ئاماژەمان بۆ ئەوە کردووە، کە پێویستە حکومەتی هەرێم بودجە دابین بکات بۆ ئەم یاسایە، بۆئەوەی ڕێوشوێنی جێبەجێکردنەکەی بکەوێتە کارەوە.

وتیشی: هەندێک پارچە زەوی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان تەملیککردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان دەستپێکردووە وەکـو نموونە، هەروەها جێبەجێکردنی ئەم یاسایەش پێویستی بە بودجەیەکی تایبەت هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ بودجەیەکی تەرخاننەکردووە بۆ ئەم مەبەستە، ئـەمـەش وادەکـــات ئـــەم یاسایە جێبەجێنەکرێت.

کەرتی کشتوکاڵ پێویستی بە بوژاندنەوەیە

فۆتۆ: AFP

بزنسمانانی کوردستان داوادەکەن نوێنەریان لە ئەنجومەنی ئابووریدا هەبێت

ڕۆژنامە

یەکێتیی خاوەنکارانی هەرێمی کوردستان داوا دەکـات نوێنەری هەبێت لە ئەنجومەنی ئابووریی هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە سەرۆکایەتی دەکرێت‌و بەتەنیا ژووری بازرگانی لەو ئەنجومەنەدا نوێنەرایەتی کەرتی تایبەت دەکات.

سەر لە بەیانی دوێنێ ٢٠١٠/١٠/٢ دەسـتـەی کـارگـێـڕیـی یەکێتیی خاوەنکارانی هەرێمی کوردستان لە شاری سلێمانی کۆبوونەوەیەکیان ڕێکخست‌و تیایدا ڕەخنەیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان گـرت، کـە لـە هـــەردوو کابینەی پێنجەم‌و شەشەمدا داوایانکردووە یەکێتییەکەیان نوێنەری هەبێت لە ئەنجومەنی ئابووریی هەرێمی کوردستان، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ئـەو داواکارییەیانی جێبەجێنەکردووە.

کامیل حەمە شەریف، بەرپرسی راگەیاندن‌و پەیوەندییەکانی یەکێتیی خاوەنکارانی هەرێمی کوردستان- لقی سلێمانی، لەم بارەیەوە رایگەیاند: «ئێمە پێمانوایە ئەنجومەنی ئابووریی هەرێمی کوردستان کەموکورتی هـەیـە، چونکە بەتەنیا ژووری بازرگانی نوێنەرایەتی کەرتی تایبەت دەکـات، ئەوانیش بە یەک نوێنەر، بۆیە هەوڵدەدەین ئێمەش نوێنەرمان هەبێت لەو ئەنجومەنەدا».

بـەرپـرسـی راگـەیـانـدن‌و پەیوەندییەکانی یەکێتیی خاوەنکاران، وتیشی: «ئەم کێشەیەمان لەکاتێکدایە کە ئێمە وەک یەکێتیی خاوەنکارانی عێراق نوێنەرمان هەیە لە ئەنجومەنی ئابووریی عێراق، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان داواکەی ئێمەی قبووڵ نەکردووە بۆ بە ئەندامبوونمان لە ئەنجومەنی ئابووریی هەرێمی کوردستان».

هەر لەو کۆبوونەوەیەی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی خاوەنکارانی هەرێمی کوردستان، گفتوگۆ کرا لـەبـارەی داوایـەکـی پێشووتری یەکێتییەکە، کە داوایان لە حکومەتی هـەرێـم کـردبـوو هەڵسەنگاندنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان بسپێرێت بە یەکێتیی خاوەنکارانی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم داواکارییەشیان جێبەجێنەکراوە لەلایەن حکومەتەوە.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی خاوەنکارانی هـەرێـمـی کـوردسـتـان بـڕیـاریـدا لـە مـاوەیـەکـی نزیکدا دیـراسـەی دامـەزراندنـی (**شـركـة المساهمة**) کۆمپانیایەکی پشکدار بکات، کە سەرجەم خاوەنکاران بتوانن پشک بکڕن تیایدا، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەک پێکهێنرا.

میدیاو پەرلەمان

لەتیف فاتیح فەرەج

داخستنی دەرگای پەرلەمان لە میدیاکاران عەیبێکی مەزنە، نزیکەی (١٥٠) ساڵ لەمەوبەر (بروک) پەرلەمانتاری بەریتانی روودەکاتە رۆژنامەنووسانی نێو هۆڵی پەرلەمانو پێیان دەڵێت ئێوە دەسەڵاتی چوارەمن، پەرلەمانی کوردستان دوای (١٥٠) ساڵ لەم مێژووە بەبێ هۆ دەرگا بەڕووی دەسەڵاتی چوارەمدا دادەخات، یەمەن دواکەوتووترین وڵاتی عەرەبییە لەم سنوورە، کەناڵی ئاسمانی یەمەن دانیشتنەکانی پەرلەمان بە شەڕو هەراشەوە بۆ هەموو عەرەب دەگوازێتەوە نەک هەر بۆ یەمەنییەکان. بەغدا کە ئێمە دەمانەوێت چاومان لێ بکەن، کە ئێمە دەمانەوێت لەئێمەوە فێری دیموکراسی بن، ڕێگە لەهیچ میدیاکارێک ناگرن، پەرلەمانەکانی دنیا لەڕێگەی میدیاکارانەوە شەڕە کورسیو شەڕە جنێوەکانیشیان دەگوازرێتەوە، میدیای تورکی سوێندخواردنە کوردییەکەی لەیلا زانایان لەساڵی (١٩٩٢) لە کەس نەشاردەوە نەک ئەوە هەڵچوونەکەی دەمیریلیشیان نیشاندا کاتێک نەڕاندی!!

پەرلەمانی بەریتانی نەک هەر میدیاکاران هاوڵاتییانیش رووی تێدەکەنو گوێ دەگرن، لەوێ منداڵانیش دەتوانن گوێ بگرن.

وڵاتە دیکتاتۆرو گشتگیرەکانی دنیاش بۆ ئەوەی خۆیان دیموکراسی نیشانبدەن، هەندێک لە گفتوگۆکان دەگوازرێتەوەو کەس دەرگا لە میدیاکاران داناخات، بڕوانە میسرو کوباو چینو..هتد.

پایەدارێک دەبێژێ لەهەموو دنیادا وایە، میدیاکاران بۆیان نییە بچنە نێو هۆڵی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانەوە ئەمە شەرمێکی گەورەیە بکرێتە ئینگلیزی، چونکە داوای بەڵگە دەکرێت.

داخستنی دەرگا لە میدیاکاران واتە کوشتنو بێ بایەخکردنی پەرلەمان، پەرلەمانتاران نوێنەری خەڵکن، خەڵک چاوەڕێی ئەوەیان لێ دەکات، نوێنەرایەتیان بکەن، کەچی ڕێگری لەوە دەکرێت کە خەڵک بزانن پەرلەمان باسی چی دەکەن.

داخستنی دەرگا بەڕووی میدیاکاراندا جۆرێکە لە شاردنەوەی زانیاری لە رای گشتیو خەڵک، شاردنەوەی زانیاری لە خەڵک سەرەتایەکە بۆ زەبروزەنگ، زەبروزەنگ کە لەتیف هەڵمەتی شاعیر لەبارەیەوە دەڵێت بەرد دێنێتە دەنگ، یەکەمین هەنگاوە بەرەو دیکتاتۆریەت...

بڕواناکەم پەرلەمانەکەی ئێمە زابن..

ڕێگەگرتن لە میدیاکاران، زەمینەسازییە بۆ کارێکی نەشیاو کە دزەکردنی زانیارییە بەرێگەی دیکە تەنانەت جوانیش نییە ناوی بڵێین، ئەمە رامدەکێشێت بۆ قسەکردن لەسەر گەندەڵی بەربڵاو کە هۆیەکەی لەسەوە دابەزیە خوارەوەو بوو بەنەریت، کاتی زۆری دەوێ تا ئەم نەریتە ببێتە عەیبە!!

دزەکردنی هەواڵو زانیاری بەشێوەی نایاسایی لەئێندەدا کاتی زۆری دەوێت بۆ چارەسەرکردن، بەڵام ئێستا بە کردنەوەی دەرگاکە کۆتایی دێت، ئەودەم کۆبوونەوە نهێنییەکانیشی کەس نایانگوازێتەوە.

لە پەرلەمانی بەریتانیدا پەرلەمانتاران سەرۆک وەزیرانو وەزیرەکان دەکەنە پڕ چنگێ بە پرسیارکردنو بەدواداچوون میدیاکاران ئەمە دەگوازنەوە، بەوەش رووی دیموکراتییانەی بەریتانیا نیشاندەدەن ئەدی ئێمە!!.

پەرلەمان ئابڵوقەی زانیاریی دەسەپێنێت

راپۆرتی: دلێر عەبدولخالق

پرسی بەشداریکردنی راگەیاندنەکان لە دانیشتنەکانی پەرلەمانو کاردانەوەی نەرێنیی سەرۆکی پەرلەمان، ئەنجامەکەی بایکۆتی فراکسیۆنی گۆڕان بۆ یەکێک لە دانیشتنەکانو سەپاندنی ئابلۆقەی زانیاریی لە پەرلەمانەوە بۆ هاوڵاتییان درێژ دەکاتەوە.

لەگەڵ ئەوەی بڕیارە ئەندامانی هۆڵە بچووکەکەی پەرلەمانی کوردستان، نوێنەری دانیشتووانی رووبەرە فراوانەکەی هەرێمی کوردستان بن، بەڵام دەردەکەوێت دوای زیاتر لە شەش مانگ بە کۆمدانی دەرگاکانی پەرلەمان بە رووی ڕۆژنامەنووساندا، زۆرینەیان بێدەنگییان هەڵبژاردووە. بڕوای چاودێرانیش وایە؛ ئەو بێدەنگییە دەنگی (بەڵێ)یە بۆ چەوساندنەوەی هاوڵاتییانو بێبەشکردنیان لە مافی دەستراگەیشتن بە زانیارییەکان لە ڕێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە.

نموونەیەکی دەگمەن

بێ وەڵامی سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەرامبەر ئەو یاداشتانەی لە ٢٠١٠/٩/١٩ فراکسیۆنەکانی (گۆڕان، یەکگرتوو و کۆمەڵی ئیسلامیی) بەرزیان کردووەتەوەو سەبارەت بە پرسی راگەیاندنو پەخشکردنی راستەوخۆی دانیشتنەکان، ئەنجامەکەی کاردانەوەی توندی سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ جێگری فراکسیۆنی گۆڕانو دواتریش بۆ یەکەمجار لە مێژووی پەرلەمانی کوردستاندا خستنە دەنگدانی کردنەدەرەوەی ئەندامێکی هەمان فراکسیۆنو بەدوایشیدا بایکۆتی تەواوی فراکسیۆنەکەی لێکەوتەوە.

بەپێی وەرگرتنی زانیارییەکان لە ژمارەیەک پەرلەمانتار، کاتێک دەنگدانی کردنە دەرەوەی پەرلەمانتار عەبدوڵلا مەلا نوری خراوەتە دەنگدانەوە، ناوبراو پێشتر بە پاساوی زیادەڕۆییکردن لە دەسەڵاتە یاساییەکانی سەرۆکی پەرلەمان، لەو دانیشتنە چووەتە دەرەوە.

پەیمان عیزەدین، ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «سەرۆکی پەرلەمان، دەیەوێت پەرلەمان بکاتە قوتابخانەیەک، کە خۆی بەڕێوەبەری بێتو ئەندامەکانیشی قوتابی بن، بایکۆتی دانیشتنی رابردووی پەرلەمانیش بۆ کاردانەوەی توندی ئەو بەرامبەر ئەندامانی پەرلەمانو وەڵامنەدانەوەی یاداشتەکانمان، ڕێگەنەدان بە دەربڕینی پەرلەمانتاران دەگەڕێتەوە».

ئەندامەکەی گۆڕان ئاماژە بەوە دەکات؛ ئەوان دەستبەرداری پرسی راگەیاندن نابن، چونکە وەک ئەو دەڵێت: ئەو خەڵکەی دەنگی بە ئەوان داوە ببنە ئەندامی پەرلەمان، هەر ئەو خەڵکانەش مافی ئەوەیان هەیە لە ڕێگەی کەناڵەکانی راگەیاندنەوە ئاگاداری کارەکانی پەرلەمانو نوێنەرەکانیان بن.

قۆناغی ئاشکرای سانسۆری راگەیاندنەکان

سانسۆرکردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان بە رووی ڕۆژنامەنووساندا، دوای چەند مانگێک لە تەمەنی خولی سێیەمی پەرلەمان بە ئاشکرا دەستی پێکرد، ئەوەتا لە چاوپێکەوتنی «ڕۆژنامە»دا لەگەڵ د.کەمال کەرکوکی سەرۆکی پەرلەمان، کە لە مانگی ئایاری ئەمساڵ سازکراوە، رایدەگەیەنێت: «راگەیاندنەکان بە یەکجاریی لە دانیشتەکان قەدەغە دەکەین».

لە دەقی چاوپێکەوتنەکەدا، کە لە ژمارە (٥٧٦)ی ڕۆژی ٢٠١٠/٤/٦ بڵاوکراوەتەوە سەرۆکی پەرلەمان راگەیاندووە؛ ئەوەی پێشتر لە پەرلەمان هەبووە، کە راگەیاندنەکان لەناو هۆڵەکەبوون هەڵە بووە! ئێستا دەمانەوێت شوێنی تایبەت بۆ ڕۆژنامەوان دروستبکەینو دوای پەسەندکردنی بودجە، کەناڵی ئاسمانیو رادیۆی هەرێمی پەرلەمان بکەینەوە، واتە راگەیاندن کارا دەکەینو لە ڕێگەی ئەوانەوە دانیشتنەکان تۆمار دەکرێتو دەدرێتە هەموو کەناڵەکان.

درێژبوونەوەی ئەو دۆخەو لێدوانە یەکلەدواییەکەکانی پەرلەمانتاران دەری دەخات زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان بە پێچەوانەی سەرۆکایەتی پەرلەمان، لەگەڵ قەدەغەکردنی دانیشتنەکاندا نین بە رووی ڕۆژنامەنووساندا.

د.سەروەر عەبدولڕەحمان، ئەندامی یەکێتی لە فراکسیۆنی کوردستانیی، پێشتر بە ڕۆژنامەی راگەیاند: «من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدانیم ڕێگە لە راگەیاندنەکان بگیرێت بێنە هۆڵی پەرلەمانەوە، هەقە ڕێگە بە خۆیانو کامێراو ڕێکۆردەکانیان بدرێت رووماڵی دانیشتنەکانی پەرلەمان بکەن».

لای خۆشیەوە، د.ئەحمەد وەرتی، ئەندامی لیژنەی ڕۆشبیریی و راگەیاندن، هاوکات سەرۆکی فراکسیۆنی بزووتنەوەی ئیسلامیی ئاماژەی بەوە کرد؛ لە خولی دووەمی پەرلەمان راگەیاندنەکان لەناو هۆڵی پەرلەمان بوون، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆش کە تێیدا هاتووە: دانیشتنەکان بەشێوەیەکی کراوەبێت، واتە ڕێگە بە راگەیاندنەکان دەدرێت، لەبەر ئەوە باشتر وایە ڕێگە بدرێت بە راگەیاندنەکان ئازادانە کارەکانیان لە پەرلەمان جێبەجێ بکەن.

دوای کاردانەوەکەی فراکسیۆنی گۆڕان لەسەر ئەو پرسە، بڕیارە بۆ ئەم هەفتەیە بەشێک لە ئەندامانی پەرلەمان داوای دانیشتنێکی تایبەت بە پرسی راگەیاندنەکان بکەن.

ئەحمەد وەرتی، وتی: «بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان (¼) ئەندامان بۆیان هەیە پێشنیازی دانیشتنێکی تایبەت بکەن، لەو چوارچێوەیەدا خەریکی کۆکردنەوەی ئیمزاین، بە ئامانجی بەڕێوەچوونی دانیشتنێکی تایبەت بە راگەیاندنەکان لە پەرلەماندا».

ئەو نهێنییەی پەرلەمان دەیشارێتەوە!

هەلوێستی سەرۆکایەتی پەرلەمان بەرامبەر کەناڵەکانی راگەیاندن، دروستکەری چەندین پرسیارە لە ئاوەزی ناوەندی ڕۆشنبیریی و میدیای کوردی، هەروەک چۆن زۆرجار ڕۆژنامەنووسان دەپرسن: «تۆ بڵێیت چ نهێنییەکی تەواو شاراوە هەبێت، کە پەرلەمان دەیەوێت لە هۆڵە بچووکەکەی خۆی پاریزگاریی لێبکاتو چاوی راگەیاندنو رای گشتیی لە ئاست دابخات؟!».

نیاز عەبدوڵلا، ڕۆژنامەنووس لە هەولێر، وتی: «ئەم بابەتە پەیوەندیدارە بە مافی گەیاندنی زانیاریی بە هاوڵاتییان، ئەو کارەی پەرلەمان جگەلەوەی پێشێلکردنی ئەو بڕگە یاسایەیە، کە ڕێگە دەدات راگەیاندنەکان بچنە ناو پەرلەمانەوە، پێشێلکردنی جارنامەی مافەکانی مرۆڤو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانو بێبەشکردنی خەڵکە لە سەرەتاییترین مافی خۆی، کە دەستگەیشتنە بە زانیارییەکان».

بە بڕوای ئەو ڕۆژنامەنووسەی هەولێر، نەک زانیاریی بە ڕۆژنامەنووسان نادرێت، بەڵکو ڕێگریشیان لێدەکرێت، ئەوەتا بەڵکو سەرۆکایەتی پەرلەمانو هەندێ لیست پشتیوانیی دەکەن لە سانسۆرکردنی دەزگا راگەیاندنەکان، واتە دەیانەوێت هاوڵاتییان بێئاگا بکەن لەوەی چی لەناو پەرلەمان رووودەدات!

نیاز عەبدوڵلا، وتیشی: « ئەو هەوڵانە دژایەتیکردنی میدیاو چەوساندنەوەی هاوڵاتییانە لە ڕێگەی دیموکراسییەتی زۆرینەوە، لە هەموو دونیا پەرلەمانتاران لە یەک دەدەن، کەچی شەڕ ناگوازنەوە بۆ ناو هاوڵاتییان، لای ئێمە بە پێچەوانەوە دەیانەوێت پەرلەمانتاران هەمیشە بە جلوبەرگی رەسمییەوە ببینرێنو دوو وشەی گرژ بە یەک نەڵێن، هەرچی شەرەکانیشە راستەوخۆ دەیگوازێتەوە بۆ ئاستی جەماوەرو کۆمەڵگە».

لەبەردەم وەرگرتنی بۆچوونی ڕۆژنامەنووسان، مستەفا ساڵح کەریم، جێگری نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، بە سیفەتی جێگری سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئیتیحادی یەکێتیی نیشتمانیی بە ڕۆژنامەی وت: «پێویستە ڕۆژنامەنووس ئازادییەکی بەرفراوانی لە سنووری یاسادا هەبێت، ڕۆژنامەنووس ئازادە ئەو زانیارییانەی دەیەوێت لە پەرلەمان، یان لە هەر شوێنێکی تر بەدەستی بخات، واتە نابێت هیچ دەزگایەک دەست بنێت بە رووی ڕۆژنامەنووسەوە، چونکە مافی ئاسایی ئەوانە بەئاگابن لە دانیشتەکانی پەرلەمانو رای گشتیی لێ ئاگادار بکەنەوە».

شەڕ بۆ راگەیاندنەکان درێژە دەکێشێت

لەبارەی ئەو پرسیارەی بایکۆتی فراکسیۆنی گۆڕان بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمان درێژە دەکێشێت، ئەندامەکەی فراکسیۆنی گۆڕان پەیمان عیزەدین، ئاماژەی بەوەکرد؛ ئەو بایکۆتە تەنیا بۆ یەک دانیشتن بوو، بەڵام هەڵوێستی ئەوان درێژەی دەبێت، تا ئەوەی سەرەتایترین مافی دەنگدەر کە ئاگاداربوونە لە دانیشتنەکانی پەرلەمان، بۆ خەڵک دەگێڕینەوە.

لە پەرەگرافی کۆتایی ئەم راپۆرتە، نیاز عەبدوڵلا، لە هەولێرەوە قسەکانی ئاراستەی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەکاتو ئاماژە بە راستکردنەوەی ئەو هەڵەیە دەکات، کە ماوەیەکە پەرلەمان لە سەری دەڕوات. دەڵێت: «قەدەغەکردنی راگەیاندنەکان هەڵەیەکی گەورەو سانسۆرێکی گەورەی سەرۆکی پەرلەمانە، چونکە ئەو پرسە ئەوەندەی پەیوەندیی بە میزاجی کەسیی ئەوەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندیی بە میزاجی ئەندامەکانی دەسەڵاتەوە نییە، ئەم حاڵەتەی پەرلەمان پاساو دەداتە چاودێرانی نێودەوڵەتییو ڕێکخراوەکان کە توندوتیژیی دژی ئازادیی رادەربڕینو ڕۆژنامەوانیی لە پەرەسەندندایە».

مستەفا ساڵح کەریم: ڕۆژنامەنووس ئازادە ئەو زانیارییانەی دەیەوێت لە پەرلەمان، یان لە هەر شوێنێکی تر، بەدەستی بخات

نیاز عەبدوڵلا: ئەو کارەی پەرلەمان، بێبەشکردنی خەڵکە لە سەرەتایترین مافی خۆی، کە دەستگەیشتنە بە زانیارییەکان

پەیمان عیزەدین: ئەو خەڵکەی دەنگی بە ئێمە داوە، مافی ئەوەی هەیە ئاگاداری کارەکانی ئێمەو پەرلەمان بێت

سێ پەرلەمانتار لە (٨) خاڵدا کێشەکانی قەڵادزێ دەخەنەڕوو

قەڵادزێ چاوەڕێی خزمەتکردنە

فۆتۆ: ئەرشیف

رۆژنامە

سێ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بە نوێنەرایەتی فراکسیۆنی گۆڕان لە راپۆرتێکی مەیدانیی هەشت خاڵیدا کێشەو گرفتەکانی قەڵادزێ دەخەنەڕوو، هەروەها راپۆرتەکەیان پێشکەش بە سەرۆکی پەرلەمان کردووە.

پەرلەمانتارەکان کە هەریەک لە د.جەعفەر عەلی رەسوڵ، پێشەوا تۆفیق مەغدید، د.شاهۆ سەعید بوون رۆژی ٢٠١٠/٩/٢٦ بە مەبەستی ئاگاداربوون لە کاروباری هاوڵاتیان لە ناوچە کەناریی‌و سنووریەکانی کوردستان‌و گوێگرتن لە داواکاریی‌و رەخنەو پێشنیازەکانیان، سەردانی شاری «قەڵادزێ»یان کرد.

لە راپۆرتەکەیاندا هاتووە: «لەو سەردانەدا لە سەعات (٣:٣٠)ی پاش نیوەڕۆ هاوڵاتیان‌و کاسبکاران‌و پیشەوەرانی چەند گەڕەکو ناوچەیەکی جیاوازمان بەسەرکردەوەو لە نزیکەوە گوێمان لە رەخنەو سەرنجو داواکارییەکانیان گرت، لە سەعات (٤-٦)ی ئێوارەی هەمان رۆژ لەگەڵ کەرتێکی بەرفراوانی چین‌و توێژە جیاوازەکانی هاوڵاتیياندا لە باخی گشتیی شاردا کۆبووینەوەو گفتوگۆیەکی کراوەمان لەگەڵیان سازدا».

لەبەرئەوەی تائێستا مەرزی «کێڵێ» بە رەسمیی نەناسراوە قەیرانی بێکاریی‌و نەبوونی دەرفەتی کار بەشێوەیەکی مەترسیدار پەرەیسەندووە

لە ئاکامی سەردانەکەدا چەند سەرنجو بیرۆکەو پێشنیازێکیان لا گەڵاڵە بوو، کە لە هەشت خاڵدا پوختیان کردووەتەوەو لە پێشەکی راپۆرتەکەدا نووسیویانە: «هیوادارین بەڕێزتان (سەرۆکی پەرلەمان) لە رێگەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان‌و ئاگادارکردنەوەی وەزارەت‌و دامودەزگا حکومییە پەیوەندیدارەکانەوە کار بۆ چارەسەرکردنی بکەن».

سەرنج و پێشنیازەکان

١. کەرتێکی گەورەی دانیشتووانی ئەو شارە بەدەست قەیرانی کەمئاوییەوە دەناڵێنن، تۆڕەکانی گەیاندنی ئاوی خواردنەوە بە گەڕەکو ناوچە جیاوازەکان لەو ئاستەدا نییە کە پێداویستی دانیشتووان لە ئاوی پاک دابین بکات، هەروەها سستیی لە جێبەجێکردنی پرۆژەکانی ئاودا کێشەی زۆری بۆ هاوڵاتیيان دروستکردووە.

٢. بەوپێیەی شاری قەڵادزێ‌و قەزای پشدەر بەگشتیی دەکەونە ناوچەیەکی سنوورییەوە، بژێویی بەشێکی زۆری هاوڵاتیيان بەندە بە بازرگانیی مەرزەکانەوە، بەڵام لەبەرئەوەی تائێستا مەرزی «کێڵێ» بە رەسمیی نەناسراوە، قەیرانی بێکاریی‌و نەبوونی دەرفەتی کار بەشێوەیەکی مەترسیدار پەرەیسەندووە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە پێشنیاز دەکەین پەرلەمانی کوردستان لە رێگەی دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم‌و وەزارەتی دەرەوەی عێراق‌و حکومەتی فیدراڵەوە کار بکات بۆ بە رەسمیی ناساندنی مەرزی «کێڵێ» وەک مەرزەکانی باشماخ‌و حاجی ئۆمەران‌و پەرویزخان، ئەوەش دەرفەتێکی کاری باش بۆ هاوڵاتیيانی ئەو ناوچەیە دابین دەکات‌و رەنگدانەوەیەکی ئابووریی باشیشی بۆ سەر قەزای رانیە دەبێت، لە رووی کۆمەڵایەتی‌و ئابووریشەوە پەیوەندیی نێوان هەردوو قەزای رانیەو پشدەر پتەوتر دەکات.

٣. لەو سەردانەدا چاومان کەوت بە ژمارەیەک لە گوندنشینەکانی قەزای پشدەر، کە رەخنەیەکی زۆریان لە شێوازی سەرفکردنی ئەو سلفەیە هەبوو کە حکومەت بۆ دروستکردنی خانووبەرەو ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان تەرخانی کردووە، بە وتەی ئەوان رێنماییەکانی حکومەت لەو بارەیەوە چەندین مەرجی تەعجیزی تێدایە، بۆ نموونە دەبێت داواکار خانووەکەی بەگوێرەی نەخشەی (١٩٥٨) بونیاد نابێت‌و کەفیلێک پشتگیریی بکات کە مووچەکەی لە (٣٦٢) هەزار دینار کەمتر نەبێت، واتە تەنیا ژمارەیەکی زۆر کەمی گوندنشینان سوودمەند دەبن لەو سلفەیە.

٤. توندوتیژیی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی توندوتیژیی دژی رەگەزی مێینەو پەرەسەندنی خۆکوشتنی ژنان، کۆمەڵێک دیاردەی ترسناکن کە هەڕەشە لە بونیادی کۆمەڵایەتی‌و ئاسۆ مەدەنییەکانی ئەو ناوچانە دەکەن، هۆکاری بەشێک لەو دیاردانە دەگەڕێتەوە بۆ قەیرانی ئابووریی‌و دیاردەی بێکاریی، بەشێکیشی پەیوەندیی بە سستیی دامودەزگا یاساییەکانی حکومەت‌و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هەیە. پێشنیاز دەکەین لیژنە پەرلەمانییەکانی وەک لیژنەی مافی مرۆڤ، لیژنەی داکۆکیکردن لە ژنان، لیژنەی ناوخۆو لیژنەی کۆمەڵگەی مەدەنی لەو کێشانە بکۆڵنەوەو رێگەچارەی گونجاو بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا دابنێن، هەروەها پێشنیاز دەکەین نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژیی دژی ژنان لەو قەزایەدا پەرەی پێبدرێت‌و دادگاو فەرمانگەکانی پۆلیس رێزی زیاتریان لێبگیرێت تا ئەرکی خۆیان لەو بوارەدا باشتر جێبەجێ بکەن.

٥. گەنجانی قەڵادزێ، کە توێژێکی فراوان‌و زیندووی ئەو شارە پێکدێنن، بێبەشن لە زۆربەی پێداویستییەکانی ژیان‌و وەرزش‌و خۆپێگەیاندنی زەینی‌و جەستەیی، پێشنیاز دەکەین بایەخی زیاتر بە پرۆژەکانی پێگەیاندنی گەنجان‌و کردنەوەی گۆڕەپانی کراوەو داخراوی بوارە جیاوازەکانی وەرزش‌و سەنتەرەکانی رۆشنبیریی‌و شانۆو هونەرە جوانەکان بەگشتیی بدرێت، هەروەها داواکارین وەزارەتی رۆشنبیریی‌و لاوانی حکومەتی هەرێم رابسپێردرێت تا ئاوڕێکی جدیی لە گەنجان‌و هونەرمەندان‌و رۆشنبیرانی ئەو شارە بداتەوە، هەروەک هونەرمەندانی شارەکەش ئاماژەیان پێدا، تەنیا یەک هۆڵی نمایشکردنی چالاکیی هونەریی لە شارەکەدا هەیە، ئەویش لەلایەن کۆمیتەی رێکخستنی قەڵادزێی (ی.ن.ک) ەوە دەستی بەسەردا گیراوە، داواکاربوون هەوڵبدرێت لەڕێی لیژنە پەیوەندیدارەکانی پەرلەمان‌و وەزارەتی رۆشنبیری‌و لاوانی حکومەتی هەرێمەوە ئەم هۆڵە کە موڵکی گشتییە بدرێتەوە بە حکومەت.

٦. کێشەی زەویوزار، موڵکو ماڵ، قەیرانی ساغنەبوونەوەی موڵکداریی‌و تاپۆ، کێشەی مەیدانی کرێکاران‌و شوێنی کاری پیشەوەران... کۆمەڵێک کێشەن کە لە چەندین هاوڵاتییەوە بەر گوێمان کەوتن‌و داواکارین لە رێگەی لیژنە پەیوەندیدارەکانەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ دادگاو ئیدارە خۆجێییەکانی ئەو قەزایە کار بۆ چارەسەرکردن‌و بنبڕکردنی ئەو کێشانە بکرێت، بەجۆرێک کە لە بەرژەوەندیی هەموو هاوڵاتیيانی شارەکەدا بێت بێ جیاوازیی.

تەنیا یەک هۆڵی نمایشکردنی چالاکیی هونەریی لە شارەکەدا هەیە، ئەویش لەلایەن کۆمیتەی رێکخستنی قەڵادزێی (ی.ن.ک)ەوە دەستی بەسەردا گیراوە

٧. ناوچەی پشدەر لە یەک کاتدا ناوچەیەکی کشتوکاڵیی‌و گەشتوگوزاریشە، کەچی هەردوو کەرتی کشتوکاڵ‌و گەشتوگوزار پشتگوێخراون‌و تائێستا حکومەت خاوەنی پرۆژەیەکی کشتوکاڵی‌و گەشتوگوزاریی روون نییە بۆ پەرەپێدانی ئەو ناوچەیە. بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەکرێت حکومەت پلان دابڕێژێت بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی چەند بەنداوێکی بچووک، لەپاڵ گەشەدان بە چەند چەشنێکی دیاریکراوی کشتوکاڵ‌و پیشەسازیی کشتوکاڵیی، کە لەگەڵ سروشت‌و خاکی ناوچەکەدا بگونجێت، هەروەها پلان دابڕێژێت بۆ هاندانی کەرتی تایبەت لە بواری کردنەوەی ئوتێل‌و شوێنی حەوانەوەو گەشتیاریی لە ناوچەکەدا.

٨. لەپاڵ ئەو کێشانەدا، هەستمان بە چەندین کێشەی دیکە کرد، بەشێکیان پەیوەندییان بە بیرۆکراتییەت‌و سیاسەتی مەرکەزیەتی ئیدراییەوە هەیە، کە وایکردووە کاروباری هاوڵاتیيان لەقەزای پشدەر‌و ناوچە سنووریی‌و کەناریيەکانی دیکەی کوردستان بەگشتیی بە سستیی بەڕێوەبچێت‌و مامەڵەی رۆژانەیان لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەتدا بەشێوەیەکی ئاسان بەڕێوەنەچێت، ئەو دۆخە کارێکی وایکردووە، کە گەشەی ئاسۆیی لە کوردستاندا بەگشتیی دووچاری قەیران ببێتەوە، لێرەوە داواکارین چارەسەرکردنی قەیرانی مەرکەزیەتی ئیداریی، کێشەی پەیڕەوکردنی بایەخدانی رەمەکی‌و ستوونی بە پایتەخت‌و مەڵبەندی پارێزگاکان دوور لە ناوچە کەناریيەکان، کێشەی بیرۆکراتییەت‌و دواکەوتنی مامەڵە فەرمییەکانی هاوڵاتیيان لەو ناوچانە، لە کارنامەی حکومەت‌و وەزارەتی پلاندانان‌و پرۆژەی بودجەی ساڵی (٢٠١١)ی هەرێمی کوردستاندا لەبەرچاوبگیرێت‌و کاری پێویستی بۆ بکرێت.

توندوتیژیی کۆمەڵایەتی، بە تایبەتی توندوتیژیی دژی رەگەزی مێینەو پەرەسەندنی خۆکوشتنی ژنان، کۆمەڵێک دیاردەی ترسناکن کە هەڕەشە لە بونیادی کۆمەڵایەتی‌و ئاسۆ مەدەنییەکانی ئەو ناوچانە دەکەن

دەربەندیخان چاوەڕوانی بەڵێنەکەی تاڵەبانییە

شەمزین عەباس- دەربەندیخان

دانیشتووانی دەربەندیخان چـــاوەڕوانـــی کـــردنـــەوەی کۆلێژێکن، کە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥)دا لەلایەن جەلال تاڵەبانییەوە بەو قەزایە درابوو.

لـــەکـــاتـــی بـــانـــگـــەشـــەی هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥)ی ساڵی رابردوو، لە سەردانێکیدا بۆ شارۆچکەی دەربەندیخان جـەلال تاڵەبانی، سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڵێنی کردنەوەی کۆلێژێکی بە خەڵکی ئەو شارە دا.

سەرچاوەیەکی ئیداریی کـــە نـــەیـــویـــست نـــاوەکـــەی بڵاوبکرێتەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «بەرپرسەکان لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا بەڵێنێکی زۆریان بە خەڵکی دەربەندیخان داوە، بەڵام هیچیان نەبردووەتە سەرو بەڵێنی هێنانی کۆلێژێک بۆ دەربەندیخان یەکێکە لەو بەڵێنانەو دوای ساڵێکو سێ مانگ لە پێکهێنانی کابینەی نوێ، هیچکام لەو بەڵێنانە جێبەجێ نەکراون، کە لەکاتی بانگەشەی هـەڵـبـژاردن بە هاوڵاتییانی دەربەندیخان دراوە».

لـــەوبـــارەیـــەوە رۆژنـــامـــە پەیوەندیی کرد بە هەریەکە لە ســـەردار فەقێ محەمەد، قایمقامی قەزای دەربەندیخانو حەسەن شێخانی، سەرۆکی شارەوانیی دەربەندیخان، رایانگەیاند: «ئەو مەسەلەیە پەیوەندیی بە ئێمەوە نییە، پـــەیـــوەنـــدیـــی بـــە وەزارەتـــی خوێندنی باڵاوەیە».

ماوەی چەند ساڵێکە گرفتی نەبوونی بینای قوتابخانەو کـــۆلـــێـــژو پەیمانگەکانو دانەمەزراندنی دەرچووانی زانـــکـــۆو پـــەیـــمـــانـــگـــەکـــانو وەرنەگرتنی خوێندکاران لە ناوەندەکانی خوێندن، گرفتی سەرەکیی ناوچەکەیە.

یاسایەک بۆ بەرزڕاگرتنی کەسایەتی مامۆستا

رۆژنامە

بەرپرسی راگەیاندنی مەکتەبی سکرتاریەتی رێکخراوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان، بوونی یاسایەک بۆ پاراستنو بەرزڕاگرتنی کەسایەتی مامۆستا بە پێویست دەزانێتو داوا لە حکومەتو پەرلەمان دەکـات یاسایەک بۆ ئەو مەبەستە دەربکەن.

هاوکات لەگەڵ دەستپێکردنەوەی ساڵی نوێی خوێندنداو لە چەند هەفتەی رابـــردوودا لـــە چەند ناوچەیەکی کوردستان خوێندکاران دەستیان کردووە بە سووکایەتیو دەستدرێژیی بـــۆ ســـەر مامۆستایانو ئـــەوەش نیگەرانیی مامۆستایانو رێکخراوەکانی داکـــۆکـــیـــکـــار لـــە مامۆستایانی لێکەوتووەتەوەو داوا لە حکومەتی هەرێم دەکرێت بەدواداچوون بۆ ئەو رووداوانە بکات.

یـــەکـــێـــتـــیـــی مـــامـــۆســـتـــایـــانـــی کـــوردســـتـــانـــیـــش، لـــە رێـــگـــەی بەیاننامەیەکەوە هێرشکردنە سەر مامۆستایان لەلایەن خوێندکارانەوە بە دژی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنو ناشرینکردنی کۆمەڵگە وەسف دەکات.

م.عەبدولواحید محەمەد، بەرپرسی راگەیاندنی مەکتەبی سکرتاریەتی رێکخراوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند: کاراکتەری سەرەکیی لە پێشخستنی کۆمەڵگەدا، مامۆستایەو مامۆستاش چەند رێزلێگیراوبێت، ئەوەندە دەتوانێت رۆڵـــی خـــۆی ببینێت، کەسایەتی مامۆستا زۆر گرنگەو ئێمە وەکو یەکێتیی مامۆستایان زۆر بە توندی دژی سووکایەتیو دەستدرێژیی بۆ سەر مامۆستایان دەوەستینەوەو هـەمـوو لقەکانمان راسـپـاردووە پارێزەرێک بۆ خۆیان دابنێنو هەموو رێگەیەک دەگرینەبەر بۆ ئـەوەی کەسایەتی مامۆستا لەکەدار نەکرێت، هەروەها داوامان لە حکومەت کردووە بـەدواداچـوون بۆ ئـەو رووداوانـە بکات، وتیشی: «بوونی یاسایەک بۆ بەرزڕاگرتنی کەسایەتی مامۆستا بەپێویست دەزانینو پێدەچێت لە ماوەی داهاتوودا لەگەڵ حکومەتو پەرلەمانو وەزارەتـــی پـــەروەردە گفتوگۆ بکەین بۆ دەرکردنی یاسایەک.

ســـەبـــارەت بـــەو رەخـــنـــانـــەی لە وەزارەت دەگـــیـــرێـــت، کـــە لەسەر حسابی مامۆستا مافێکی زۆری بە خوێندکار داوە، عەبدولواحید محەمەد، ئاشکرایکرد؛ راستە بەپێی سیستمە نوێیەکە خوێندکار میحوەری سەرەکییە، ئەویش لەپێناو پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروستدا، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی مافی مامۆستا پێشێل بکرێتو خوێندکار بە ویستی خۆی مامەڵە لەگەڵ مامۆستادا بکات، بەپێچەوانەوە رێزگرتنی مامۆستا ئەرکی سەرشانی خوێندکارانە.

سەرجەم خوێندکارانی گوندێک لە خوێندن بێبەشدەکرێن

هۆشەنگ هەرتەلی- باليسان

بەهۆی نەبوونی مامۆستاوە، قوتابخانەی بنەڕەتیی گوندی بیلاوەی سەر بە ناحیەی باليسان، زیاتر لە دوو هەفتەیە داخـــراوەو بەهۆیەوە (٥٠) خوێندکار لە خوێندن بێبەش بوون.

محەمەد تەها، کەسوکاری یەکێک لە خوێندکارەکان، بە رۆژنامەی راگەیاند: دوو هەفتە زیاترە قوتابخانەی گوندەکەمان داخـــراوەو سەرجەم خوێندکاران لە خوێندن بێبەشکراونو رەوانەی ماڵەوە کراونەتەوە.

وتیشی: هەرکاتێک کە مامۆستایەک بۆ گوندەکەمان دادەمەزرێت، بەپێی یاسا دەبێت (٣) ساڵی خۆی تەواو بکات، بەڵام بەهۆی واسیتەوە تەنیا یەک ساڵ لە گوندەکەمان دەمێنێتەوەو دواتر راژەکەی بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگـــوازێـــتـــەوە، ساڵی رابـــردووش هەمان کێشەمان هەبوو، مانگێک لە دەوامی ئاسایی خۆی بەسەرچووبوو دواتر قوتابخانەکەمان کرایەوە.

ساڵح حـــەیـــدەر، بـــەرێـــوەبـــەری ناحیەی باليسان، ســـەبـــارەت بە داخستنی ئـــەو قوتابخانەیە بە رۆژنامەی راگەیاند: (٣) مامۆستا بۆ قوتابخانەکە دامـــەزراوەو یەکێک لە مامۆستاکان سەرقاڵی خولی راهێنانە، مامۆستایەکی دیکەشیان بە هۆکاری ئەوەی کە ئێستا شووی کردووەو راژەکەی بۆ ئەو ناوچەیە گواستووەتەوە کە مێردەکەی لێی نیشتەجێیە، یاساش رێگا بەمە دەدات.

وتیشی: «ئێستا تەنیا یەک مامۆستا لە قوتابخانەی گوندەکە ماوەتەوەو بە تەنیا ناتوانێت قوتابخانەکە بەڕێوەبەرێت، بۆیە هەوڵدەدەین لەچەند رۆژی داهاتوودا ئەم گرفتە چارەسەر بکەین.

گوندی (بیلاوە) سەر بە ناحیەی باليسانەو ئێستا زیاتر لە (٤٥) ماڵ لێی نیشتەجێیەو بەر لە راپەڕینی ساڵی (١٩٩١) خوێندنگەی هەبووەو قوتابخانەکەیان تەنیا قۆنـــاغـــی (١-٦)ی بنەڕەتی تێدایە، بەهۆی نەبوونی مامۆستاوە زیاتر لە (٥٠) خوێندکاری بنەڕەتیی لە خوێندن بێبەشبوون.

زۆربەی خوێندنگەکان بەدەست کێشەی کەمیی کتێبەوە دەناڵێنن

سێیەکی کتێبەکانی خوێندن نەگەیشتوون

رۆژنامە

گەنجینەی یەکێک لە خوێندنگەکان

فۆتۆ: سیروان عەول

سـەرەڕای بەڵێنەکانی بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە بۆ کەمکردنەوەی کێشە پەروەردەییەکان، بەڵام دوای (٢٠) رۆژ لە دەوامکردن تائێستا زۆربەی قوتابخانەو خوێندنگەکان لە هەرێمی کوردستان بەدەست کێشەی کەمیی کتێبەوە دەناڵێنن، ئەوەش کاریگەریی لەسەر پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن دروستکردووە.

رۆژی ٢٠١٠/٩/١٥ زەنـــگـــی دەستپێکردنەوەی دەوامـــی خوێندن لێدراو (١) ملیۆنو (٤٩٧) هەزارو (٨٠٦) قوتابیو خوێندکار لە قۆناغەکانی (باخچەی ساوایان، بنەڕەتیی، ئامادەیی، پیشەیی، پەیمانگەکان، خوێندنی خێرا) رووییـان لە قوتابخانەو خوێندنگەکان کردو بەو بۆنەیەوە لە پەیامێکیدا سەفین دزەیی وەزیـری پـــەروەردەی هەرێمی کوردستان ئـــەوەی ئاشکرا کـــرد، کە کۆسپی هـــەرە گـــەورەی بـــەردەم ئەم سیستمە تازەیە، مەسەلەی ژێرخانو کەمیی بینای قوتابخانەکانە.

پێش دەستپێکردنەوەی دەوامـــی خوێندنی ئەمساڵ وەزارەتی پەروەردە بـــرێـــاری دا ئەمساڵ (١٠٠٪) کتێب دابین دەکرێتو داوای لە قوتابخانەو خوێندگەکان کرد کتێب لە قوتابیو خوێندکاران وەرنەگرنەوە، هەروەک لـــە نـــووســـراوی ژمـــارە (١٨٨١٧)ی بەڕێوەبەری پـــەروەردەی مەڵبەندی سلێمانیدا، کە رۆژی ٢٠١٠/٥/٨ ئاراستەی سەرجەم قوتابخانەو خوێندنگەکانی کراوەو واژۆی کەمال نوری، بەڕێوەبەری پـــەروەردەی سلێمانی لەسەرە، ئاماژە بەوە کـــراوە: «لەبەر ئـــەوەی بۆ ساڵی خوێندنی نوێ کتێب بەڕێژەی (١٠٠٪) دابەش دەکرێت، تکایە کتێب لە قوتابیو خوێندکاران وەرمەگرنەوە».

بە بڕوای ئاری ئەحمەد، بەڕێوەبەری خوێندنگەی ئامادەیی ئەڵڵایی: «وەزارەتی پەروەردە هەڵەی کرد، کە بڕیاریدا کتێب لە خوێندکاران وەرناگیرێتەوەو بەو بڕیارە گەورەترین زیانی بە بودجەی حکومەتو سەرجەم خوێندنگەکان گەیاند، خۆشیان هۆکاری ئەو بڕیارە نازانن، چونکە بەشێک لە بابەتەکان نـــەگـــۆڕدراونو هەمان بابەتی کتێبە کۆنەکانن».

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پەروەردە تەنیا لە سنووری پەروەردەی مەڵبەندی سلێمانیدا (٦١٧) خوێندنگەی تێدایەو (٢٨) هەزار مامۆستاو فەرمانبەری پەروەردەو (٢٠٠) هەزار خوێندکار هەن، هەروەک لە سەرەتای دەوامەوە تائێستا (٧١٢) هەزار کتێب دابەشکراوە، کە دەکاتە (٧٠٪).

لە چەند بەدواداچوونێکی مەیدانیی رۆژنامەشدا لە قوتابخانەو خوێندنگەکانی شـــاری سلێمانیو پـــەروەردەکـــانـــی دەوروبـــەریـــدا ئـــەوە دەرکـــەوتـــووە، کە بەشێکی زۆری کتێبە زانستییەکان (بـــیـــرکـــاری، فیزیا، زانـــســـت، کیمیا، زیندەوەرزانی، کوردی، زمانی ئینگلیزی) لە قۆناغی بنەڕەتیو ئامادەیی دابەش نەکراونو لە هەندێک خوێندنگە کتێبی ساڵانی رابردوو دراوەتە خوێندکارانو بەو هۆیەشەوە لە هەندێک شوێن تائێستا ئەو وانانە نەخوێندراون.

چەند بەڕێوەبەرێک، کە نەیانویست ناویان بڵاوبکرێتەوە بە رۆژنامەیان راگەیاند: کەمیی کتێب یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی خوێندنگەکانیانو ئەو کێشەیە خوێندنی چەند وانەیەکی راگرتووە.

کـــەمـــال نـــوری، بـــەرێـــوەبـــەری پەروەردەی سلێمانیش رایدەگەیەنێت، لە سەرەتای ساڵەوە ئەو کتێبانەی لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە گەیشتوونەتە لای ئێمە، هەموویمان بەسەر قوتابخانەکاندا دابـــەشـــکـــردووەو ئەوانەیشی کـــە لە گەنجینەکانماندا هەبوون، دابەشکراون.

ئاماژەی بەوەشکرد: (٣٠٪) زیاتری کتێبەکان نەگەیشتوونو هۆکارەکەشی بۆ کۆمپانیا (تورکیو لوبنانییەکان) دەگەڕێتەوە، کە کتێبەکان چاپدەکەنو وەزارەتی پەروەردە ماوەی دوو هەفتەی بۆ کۆمپانیاکان داناوە، ئەگەر لەو ماوەیەدا کتێبەکان نەگەن، ئەوا وەزارەت داوای یاساییان لەسەر تۆمار دەکات.

بەڕێوەبەری پـــەروەردەی سلێمانی ئەوەشی نـــەشـــاردەوە: ئەو کتێبانەی کە پێویستیان پێیەتیو لێیان بڕاوە، کتێبەکانی قـــۆنـــاغـــی ئـــامـــادەیـــیـــن، بەتایبەتی بەشی زانستیی وەکو (کیمیا، زیـــنـــدەوەرزانـــی، بیرکاری) ئـــەو سێ مادەیە گۆڕانکارییەکی رێژەیی تێدا کراوە، لەبەر ئەوە ئەو کۆمپانیایانەی کە چاپی کردوون، هێشتا بەپێی پێویست ژمارەی تەواویان نەگەیاندووەتە دەستی وەزارەتی پەروەردەی هەرێم».

بـــەردەوامـــبـــوونـــی کێشەی کتێب نیگەرانیی لای خوێندکارانو مامۆستایان دروستکردووەو وەزارەتی پەوەردە بە کەمتەرخەم دادەنێن لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا.

م.ئـــاری ئەحمەد، بـــە رۆژنـــامـــەی راگەیاند: «وەزارەت بەڵێنی دابـــوو کە لە مانگی ئابدا کتێبەکان دەگاتە خوێندنگەکان، بەڵام نزیکەی مانگێکە دەوام دەکرێت، تائێستا بەشێکی زۆری کتێبەکان دابەش نەکراون، بۆ نموونە ئێمە لە خوێندنگەکەمان تائێستا کتێبی بابەتە زانستییەکانمان بۆ نەهاتووە، هۆکارەکەشی بـــۆ کەمتەرخەمییەو بێ بەرنامەییەو بێ پلانی وەزارەتـــی پەروەردە دەگەڕێتەوە».

بە پێچەوانەوە ئیسماعیل بەرزنجی، بەڕێوەبەری راگەیاندنی وەزارەتـــی پـــەروەردەی هـــەرێـــمـــی کوردستان خوێندکارانو مامۆستایان لە گەیشتنی کتێبەکان دڵنیا دەکـــاتـــەوەو ئـــەوە دەخاتەڕوو: کە وەزارەت گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی لوبنانیدا هەیەو بەپێی گرێبەستەکە پێداویستییەکانی کتێب دابین دەکرێت.

(هەریەک لە پشتیوان سەعدوڵڵا، سیروان عەول، هۆشەنگ هەرتەلی، ئەم راپۆرتەیان ئامادە کردووە).

دوای پێنج ساڵ لە دەستپێکردنی

(٥٥)ملیۆن دۆلاری دیکە، بۆ کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی، تەرخاندەکرێت

راپۆرتی: سیروان عەول

پاش راگرتنی بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێک، کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی، (٥٥)ملیۆن دۆلاری دیکەی بۆ تەرخان دەکرێت، تا دەست بەکارەکانی بکاتەوە، ئەندازیارێکی کۆمپانیای جێبەجێکاری پرۆژەکەش، زیادکردنی ئەو بودجەیە دەبەستێتەوە بە زیادبوونی نرخی کەلوپەلەکانەوە.

پرۆژەی کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی کە لەلایەن کۆمپانیایی (TEPE)ی تورکییەوە کاری جێبەجێکردنی بۆ کراوە، لە ٢٠٠٥/٢/١٩ دەستکراوە بە کارکردن تێیداو (٣٠٥) ملیۆنو (٣٠٥)هەزارو (٩٤٦) دۆلاری بۆ تەرخانکراوەو لە ٢٠٠٨/١٢/٣١ پرۆژەکە راگیراو لە ٢٠١٠/٢/٢٠ دەست بە کارکردن دەکرێتەوە تێیدا بۆ جاری دووەم، پرۆژەکە لەلایەن (TEPE) بەهاوکاریی کۆمپانیای (FDC) لەژێر ناوی (FDC–TEPE) دەست بە کارکردن دەکاتەوەو زیاتر لە (٥٥) ملیۆن دۆلاری دیکەی بۆ تەرخانکراوەتەوە، ئەم پرۆژەیە زیاتر لە (٧٧١)دۆنم زەوییە کە رووبەرەکەی دەکاتە (١,٩٢٨,٧٦٢) مەتردووجاو سەرجەم کۆلێژەکانی زانکۆی سلێمانی لەخۆگرتووە، جگە لە کۆلێژی پزیشکیو ڤیتێرنەریو کشتوکاڵو لە (٥١) بینا پێکهاتووەو رووبەری هەربینایەک لەم پرۆژەیەدا، دەکاتە (٣٢٥,١٦٥)مەتردووجاو درێژیی سیاجی پرۆژەکەش (٥٥٣٠)مەتر دووجایەو وا بڕیارە لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٢دا ئەم پرۆژەیە تەواوبێت.

نزار نەجم عوسمان، ئەندازیاری سەرپەرشتیار لە کۆمپانیای (FDC–TEPE)، ئاماژە بەوەدەکات، کە بیرۆکەی ئەو پرۆژەیەی کەمپی نوێی زانکۆ، لە ساڵی ١٩٧٠دوە هەبووە، بەڵام کاری پراکتیی بۆ نەکراوەو دواتر بە بڕیاری (٩٨٦)ی نەتەوەیەکگرتووەکان، بە هاوکاریی رێکخراوی یونسکۆ ماستەرپلانی بۆدانراو کۆمپانیایەکی تورکیی لە ٢٠٠٥/٢/١٩ دەستی بەکارکردن کردووە تیایداو بە رۆژنامەی راگەیاند: « بەهۆی گۆڕانی نرخی کەلوپەلەکانەوە، لە ٢٠٠٨/١٢/٣١ پرۆژەکە راگیراوە کە دەکاتە ماوەی ساڵێک، ئەمەش زیانی بە کۆمپانیاکەمان گەیاندووەو داوای قەرەبووکردنەوەمان کرد».

ئەندازیارە سەرپەرشتیارەکە، ئاماژەی بەوەدا: بەشی دووەمی ئەم پرۆژەیە کە بڕیاربوو بە جێبەجێکردنی حەقل ئەنجام بدرێت لەلایەن هەردوو کۆمپانیای (FDC–TEPE)ەوە، بڕیاریان لەسەرکارکردنی پرۆژەکە داو بڕی (٥٥)ملیۆنی دیکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە وەک قەرەبوو بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخانکرا، وتیشی: «بڕیارە ئەم پرۆژەیە بە سێ زۆن تەواوبکرێتو لەئێستادا (٥٨٪)پرۆژەکە تەواو بووە لە زۆنی یەکەمداو کۆلێژی هونەرو کۆلێژی ئەندازیاریی تا مانگی (١٢)ی ئەمساڵ تەواودەبن.

هاوکات، شادان مەدحەت موبارەک، سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری پرۆژەکە، ئاشکرای کرد: «لەساڵی (٢٠٠٥)ەوە دەست بەکارکردن کراوە لە پرۆژەی کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانیداو لە (٢٠٠٨)ەوە بەهۆی گرانبوونی کەرەستەوە لەوماوەیەدا ئەم پرۆژەیە راگیراوەو کۆمپانیا جێبەجێکارەکە، داوای زیادکردنی کرد، کە لەپاش لێکۆڵینەوە لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتیارەوە، داواکرا بڕی (٥٥)ملیۆن دۆلار زیاد بکرێت، لە ئێستاشدا کۆمپانیاکە دەستبەکار بووەتەوە».

شادان مەدحەت، وتیشی: مەرجی سەرەکیمان ئەوەیە کە دەبێت پرۆژەکە لە کاتی خۆیدا تەواوبکرێتو ئەگەر دواکەوتنی بەخۆوەبینی غەرامەی ئەو کۆمپانیایە دەکەینو هیوادارم کە ئەمجارە بەبێ هیچ کێشەیەک پرۆژەکە تەواوبێت.

لەلایەکی دیکەوە، وەزیری ئاوەدانکردنەوەی هەرێم، ئاماژە بەوە دەکات: زیادکردنی ئەو بڕەپارەیە بۆ تەواوکردنی پرۆژەی کەمپی نوێی زانکۆ، لە رێگەی چەند لیژنەیەکەوە ئەنجامدراوە، ئەویش پاش ئەوەی هەوڵێکی حکومەتی پێشووی هەرێم بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە دەرەنجامی نەبووە.

کامەران ئەحمەد، وەزیری ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان،ئاماژەی بەوەدا:لەساڵی(٢٠٠٩) وە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانو سەرۆکی هەرێمەوە لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ ئەوەی چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە، بەڵام نەگەشتینە ئەنجامو لەدوای ئەوە لە سەرەتای دروستبوونی کابینەی (٦)ەوە لیژنەیەک پێکهێنرا بەسەرپەرشتیی وەزیری ئاوەدانکردنەوەو بریکاری وەزارەتی دارایی‌و سەرۆکی فەرمانەگی یاسایی ئەنجومەنی وەزیرانو سەرۆکی فەرمانگەی پلاندانانو نوێنەری زانکۆی سلێمانی، بۆ دیراسەکردنی پرۆژەکەو زانینی هۆکاری راگرتنی، هەروەها بۆ دیراسەیەکی تەواوی گرێبەسەتەکە بوو بۆ ئەوەی جاری دووەم بڕیاری لەسەربدرێت.

وەزیری ئاوەدانکردنەوە، بە رۆژنامەی راگەیاند: «لەدوای پێکهێنای لیژنەکان، چەند لیژنەیەکی دیکەی لاوەکی پێکهاتنو هۆکاری وەستانی پرۆژەکە، ئەوەبوو کە نرخی کەرەستە لەو کاتەدا بە رێژەی (٥٠٪)گۆڕانی بەسەردا هات، ئەمەش وایکرد کە کۆمپانیاکە دەست لەکار بکێشێتەوەو بەپێی ئەو گرێبەستەو ئەو مەرجانەی لەو گرێبەستەدا هەن، ئەگەر ئەو پرۆژەیە گەیشتە ئەوەی لەکاتی دیاریکراودا تەواو نەکرێت، ئەوا بەپێی ئەو خالانەی لەناو گرێبەستەکەدا هەن، ئیجراتی یاسایی دەکەین».

کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی

فۆتۆ: سیروان

ئاوەڕۆی دوکان تێکەڵ بە ئاوی خواردنەوەی چەند شارێک دەبێت

شارۆچکەی دوکان

فۆتۆ: فاخیر

فاخیر تەلانی– دوکان

ئاوەڕۆی شارۆچکەی دوکانو چێشتخانەو کابینە گەشتیارییەکان تێکەڵ بە ئاوی زێیەکە دەبێتو مەترسیی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی خراپی لێدەکرێتو قایمقامی قەزاکەش هەواڵەکە پشتڕاست دەکاتەوە.

جگە لە قەزای دوکان، شاری سلێمانیو چەمچەماڵو پیرەمەگروونو چەندین شارۆچکەی دیکە، رۆژانە ئاوی خواردنەوەیان لە زێی دوکانەوە بۆ دەنێردرێت.

قەزای دوکان نزیکەی (٤) هەزار ماڵ دەبێتو ئاوەڕۆی ئەم قەزایە دەڕژێتە زێیەکەوە، سەرجەم پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوەش، کە ئاوی لێوە دەنێردرێت بۆ شارو شارۆچکەکان، دەکەونە خوار ئەو ئاوەڕۆیەوە، بێئەوەی تائێستا چارەسەری بنەڕەتی کێشەکە کرابێت.

هێمن ئیسماعیل، دانیشتووی دوکان، ئەوەی بۆ رۆژنامە ئاشکرا کرد: ئاوەڕۆی دوکانو گوندەکانی سارتکەو قەمچوغەو تۆبزاوەو رکاواو تەواوی چێشتخانەو کابینە گەشتیارییەکانی ئەو سنوورە تێکەڵ بە ئاوی زێی دوکان دەبێت، ئەوەش بەردەوام مەترسییە بۆ سەر دانیشتووانی دوکانو ئەو شارو شارۆچکانەی کە لە دوکانەوە ئاوی خواردنەوەیان بۆ دەنێردرێت، بێئەوەی حکومەت بیر لە چارەسەری کێشەکە بکاتەوە.

هاوڵاتییانی قەزاکەش ئاماژە بەوە دەکەن: بەردەوام حکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکانیان لەو مەترسییە ئاگادارکردووەتەوە، بەڵام تائێستا چارەسەری بۆ نەکراوە.

بە وتەی هێمن ئیسماعیل: «رۆژانە لە کانیاوەکانی دەرەوەی دوکان ئاوی خواردنەوە دەهێنن، یان بە تانکەر دەیکڕن، لەبەر مەترسیی نەخۆشیی گرانەتاو مەلاریا، کە لەساڵی رابردوودا بە رێژەیەکی بەرچاو بڵاوبووەتەوە، شارو شارۆچکەکانی دیکە کە لە دوکانەوە ئاویان بۆ دەچێت، نازانن ئاوەکە ئەوەندە پیسە، ئەگینا لەو ئاوەیان نەدەخواردەوە».

تەنیا لەساڵی (٢٠٠٩)دا لەناو قەزای دوکان بەهۆی ئاوی پیسەوە زیاتر لە(٤٠٠) کەس تووشی نەخۆشیی گرانەتاو مەلاریا بوونو بۆ خۆپاراستن لەو مەترسییەش ئێستا هاوڵاتییانی دوکان بە تانکەر لە کانیاوو سەرچاوەکانی دەرەوەی دوکان ئاوی خواردنەوەی خۆیان دابین دەکەن.

بەرهەم ئەحمەد حەمە رەشید، قایمقامی قەزای دوکان، نەیشاردەوە کە ئاوەڕۆی دوکان تێکەڵ بە ئاوی زێیەکە دەبێتو بۆ رۆژنامە وتی: «لە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەو لە ئێستادا لەلایەن کۆمپانیایەکی ئیتاڵی بەناوی(SGA) دەرخستە بۆ پرۆژەکە دەکرێت بەبڕی (٣٦٧) ملیۆن دینارو لەدوای تەواوبوونی دەرخستەکە، بڕیاری چارەسەرکردنی ئاوەڕۆی دوکان دەدرێت».

سەبارەت بە ئاوی خواردنەوەی قەزای دوکانیش، وتی: «چەند گەڕەکێک لە پرۆژە کۆنەکە ئاویان بۆ دەچێت ئەو کێشەیەیان هەیە، ئێستا بۆریمان بۆدابین کردوون لە پشت ئاوەڕۆکەوە ئاویان بۆدەهێنین بۆ پرۆژە کۆنەکە، تا هاوڵاتییان دڵنیابن لە ئاوی خواردنەوەی خۆیان».

سۆران پێویستیی بە (٩) بنکەی بەرگریی شارستانی دیکە هەیە

ئەحمەد باڵەکی– سۆران

بەشێکی زۆری ناحیەکانی سنووری سۆرانو چۆمانو مێرگەسۆرو رەواندز، بنکەی ئاگرکوژێنەوەیان لێ نییەو قەزای سۆرانیش پێویستی بەکردنەوەی (٩) بنکەی ئاگرکوژێنەوەی دیکە هەیە.

لەدوای کردنیان بە ناحیەو لە سنووری قەزای چۆمان تاوەکو ئێستا هەرسێ ناحیەی سمێلانو قەسرێو گەڵاڵە، بێ بنکەی بەرگریی شارستانینو بەهۆی هەڵکەوتەی شاخاویی ناوچەکەو بوونی لەوەرگەو زەوی کشتوکاڵییو رەزو باخ، مەترسیی ئاگرکەوتنەوەو سووتانی لێدەکرێت.

هاوڵاتییانی ئەو سنوورانەش داواکارن هەوڵی جدیی بدرێتو بنکەی بەرگریی شارستانییان بۆ بکرێتەوە، کە لەماوەی رابردوودا بەهۆی رووداوی ئاگرکەوتنەوەوە رووبەرێکی زۆری رەزو باخو زەوی کشتوکاڵیی ناوچەکە سووتاوەو زیانی گەورەی لێکەوتووەتەوەو لەبەر نەبوونی بنکەی ئاگرکوژێنەوە لە ناوچەکەو دووریی ئەو شوێنانە لە سەنتەری قەزای چۆمانەوە، نەتوانراوە ئاگرەکە کۆنترۆڵ بکرێت.

جگە لە سۆران، تائێستا زۆریک لە ناحیەکانی سنووری هەرچوار قەزای سۆرانو مێرگەسۆرو رەواندزو چۆمان بێ بنکەی بەرگریی شارستانین.

مقەدەم عوسمان محەمەد خدر، بەڕێوەبەری بەرگریی شارستانی سۆران، کردنەوەی بنکەی ئاگرکوژێنەوە لەم شوێنە دوورەدەستانە بەپێویست دەزانێتو دەڵێت: «لە ئێستاشدا لە بەرنامەماندایە کە بنکەی بەرگریی شارستانی لە ناحیەی قەسرێی سەر بە قەزای چۆمانو ناحیەی وەرتێی سەر بە قەزای رەواندز بکەینەوە، بۆ شوێنەکانی دیکەش داوامان کردووە».

سەبارەت بە کەمیی بنکەکانی بەرگریی شارستانی بە رۆژنامەی راگەیاند: «لە سنوورەکەی‌ئێمە(١٤)بنکەی‌بەرگریی‌شارستانی هەنو پێویستیشمان بە (٩) بنکەی دیکە هەیە لە سنووری هەرچوار قەزاکە، کە هەموویان سەر بە بەڕێوەبەرێتییەکەمانن‌و کردنەوەی بنکەکان پێویستی بە هاوکارییە لە سەرووی خۆمانەوە، ئێمەش داوامانکردووە».

تیمێکی بەرگری شارستانی

فۆتۆ: رۆژنامە

کێشەکانی خوێندنی کوردی لە کەرکوک*

بەڕێزان
جەنابی کاک بەرهەم سالح سەرۆکی وەزیران
جەنابی کاک کەمال، سەرۆکی پەرلەمان
کاک سەفین دزەیی، وەزیری پەروەردە
سلاوو ڕێز
پێشنیاز بۆ چارەسەری کێشەی پەروەردە بە زمانی کوردی لە کەرکوک

دابینکردنی کەرەستەکانی خوێندن لە دوای(٩-٤-٢٠٠٣)وە، جێی دەستخۆشیو پێزانینە. لەگەڵ بوونی کەموکوڕیی زۆرو دیاربوونی مۆرکی حیزبی لە بواری پەروەردە، ڕۆلی مامۆستایانی کەرکوکو حیزبەکانو حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو کاتە دیارو بەرچاوە.

بە گشتی تێبینی دەکەم، دوای (٧)ساڵ لە دەستپێکردنی خوێندن بە زمانی کوردی، لە بری ئەوەی پەروەردەی کوردی لە کەرکوک بەرەو پێش بچێتو منالانی کورد ڕوو لە خوێندن بە زمانی دایک بکەن، هەست بە دواکەوتنو دوورکەوتنەوە دەکرێت. وەک نمونە: بەردەوامنەبوونی دەیان خوێندکاری کورد لە خوێندن، یان لەدەستدانی بە لای کەمەوە ساڵێکی خوێندن دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی، یەکێک لەو زیانانەیە بەر خوێندکاران کەوتووە. چەند ساڵێکە سەرپەرشتیارانی قوتابییانی کورد هانی منالەکانیان دەدەن ڕوو لە خوێندن بە زمانی عەرەبیو قوتابخانە ئەهلییەکان بکەن.

بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەروەردە لە کەرکوک، ئەم پێشنیازانە دەخەمە بەردەست بەڕێزتان:

١- ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی بەشی خوێندنی کوردیو پەروەردەی گشتیی کەرکوک. بە پێی دەستوور، پێویستە وەک یەک مامەڵە لەگەڵ بەشی کوردیو عەرەبی بکرێت، بەڵام نا هاوسەنگی زۆر بەدی دەکرێت.

٢- حکومەتی ناوەند، پێویستە ڕەزامەند بێت لەسەر گەڕاندنەوەی هەموو مامۆستا، فەرمانبەرو ئەو کارگوزارە کەرکوکییانەی لە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراون بۆ سەر بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پەروەردەی کەرکوک.

٣- دامەزراندنی یاریدەرێکی کورد بۆ بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی کەرکوک.

٤- ئەگەر حکومەتی ناوەند خاڵەکانی (١، ٢، ٣) جێبەجێ نەکات، پێداگریی لەسەر دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتیی پەروەردەی تایبەت بە خوێندنی کوردی بکرێت.

٥- گۆڕینی بەڕێوەبەری بەشی خوێندنی کوردی بە کەسێکی شیاو.

٦- دەستنیشانکردنی بەڕێوەبەرو یاریدەری قوتابخانەکان تەنها لەسەر بنەمای پسپۆڕیی، لێهاتوییو شارەزایی لەبواری کارگێڕیدا بێت. بۆ ئەم مەبەستەش باشتر وایە، خولی کارگێڕیی بکرێتەوە، ماوەی ئەم خولەش لە (٣)مانگ کەمتر نەبێت. بە هەمان شێوە بایەخ بە کردنەوەی خول بدرێت بۆ مامۆستایان بە مەبەستی ئاشنابوون بە گۆڕانکارییە پەروەردەییەکانو بەهێزکردنی فێربوونی زمانی کوردی.

٧- پێداچوونەوە بکرێت بە دابەشکردنی مامۆستا، فەرمانبەرو کارگوزاران بەسەر قوتابخانەکاندالەشارو لادێو بۆجێبەجێکردنی ئەم ئەرکەش، پێویست بە دانانی لیژنەیەک لە سەرپەرشتیاران دەکات.

٨- دەوامی قوتابخانەو خوێندنگاکان بکرێت بە (٦)ڕۆژ لە هەفتەیەکدا، مۆڵەتدانی مامۆستاش بە پێی یاساو ڕێنماییەکان بێت.

٩- چارەسەرکردنی کەمیی ژمارەی بینای قوتابخانە بە ڕەچاوکردنی مەرجەکانی پەروەردەی هاوچەرخ.

١٠- لە ئێستادا مامەڵەکردنی قوتابییانی ناوچە داباڕاوەکان، بەهەمانشێوەی خوێندکارانی هەرێمی کوردستان بێت لە وەرگرتنیان لە زانکۆکانی هەرێمو خوێندنی باڵا.

١١- پەلە بکرێت لە کردنەوەی زانکۆیەک لە کەرکوک بە هاوشێوەی زانکۆکانی هەرێم. لە هەنگاوی یەکەمدا چەند کۆلێژێک بکرێتەوە سەر بە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بنو تێیدا ڕەچاوی خوێندن بکرێت بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی.

١٢- دابینکردنی دەرماڵە بۆ خوێندکارانی بەشی زمانی کوردی لە کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی کەرکوکو پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان بە هاوشێوەی قوتابییانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان.

١٣- دابینکردنی سولفەی عەقار بۆ ئەو مامۆستایانەی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانن.

١٤-چاوخشاندنەوە بە پەرتوک، پرۆگرامی خوێندنو سیستمی نوێی خوێندندا.

١٥- ئامادەکاریی بکرێت بۆ بەستنی کۆنفرانسی پەروەردەیی لە کەرکوک.

١٦- دانانی لیژنەیەکی ڕاوێژکار بۆ پشتگیریی لە خوێندنی کوردیو چاودێریکردنی.

١٧- پێداچوونەوە بە پرۆگرامی فێربونی زمانی عەرەبی بۆ خوێندکارانی کورد، چونکە شارەزابوون بەو زمانە سود بە دواڕۆژیان دەگەیەنێت لە زانکۆکانو بواری دامەزراندنو کارکردن.

هیوادارم، بەڕێزتان بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی پەیوەندی بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی ناوەندەوە هەیە، بە دواداچوونی بۆ بکەنو ڕێگاچارەی بۆ بدۆزنەوە.

من، وەک شارەزایەک لە بواری پەروەردە ئامادەی هەموو هاوکارییەکمو بە پێویستی دەزانم ئەگەر بەڕێزتان بوارتان هەبێت، لەم بارەوە لە نزیکەوە زیاتر بدوێمو ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەم.

* لە سایتی سبەی، لە بارەی خوێندن بە زمانی کوردی، ئەم بابەتەم خوێندەوە. «شارەزایانی بواری پەروەردە: ڕەوشی خوێندنی زمانی کوردی لەناوچە جێناکۆکەکان، بەرەو لاوازبون دەچێت» . تێیدا چەند پسپۆڕو شارەزایەکی پەروەردە باس لە ڕەوشی خوێندن بە زمانی کوردی دەکەن لە کەرکوک.

ئەم بابەتە سەرنجی ڕاکێشام بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو نامەیەی لە(٢٠١٠/٧/١٦) بۆ پەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستانم ناردووە، بەداخەوە، تا ئێستا هیچ وەڵامیان نەداوەتەوە.

براتان
مەحمود محەمەد ئەحمەد (مەلا فرمان)
مامۆستای بیرکاری، فیزیاو بەرمەجەی کۆمپیوتەر، (٤)ساڵ لە هۆڵەندا مامۆستای ئەو سێ وانەیە بووم‌و چەندین وتارو پرۆژەی پەروەردەییم نوسیوە لەسەر پەروەردەو سیستمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان.

کەرکوک، ٢٠١٠/٧/١٦، تەلەفۆن: ٠٧٧٠١٢٣٤٦٢٦ ؛
siver575@hotmail.com

تێبینی: لەبەر ئەوەی لە سایتی وەزارەتی پەروەردە ناونیشانی ئیلکترۆنی نەبوو، تکایە وێنەیەکی بۆ بەڕێزیان بنێرن.

وەڵامێک بۆ لێپرسراوی پێشووی ڕاگەیاندنی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی

د. هێمن دلێر محەمەد

لە ژمارە (٦٠٠)ی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە لە بەرواری ٢٠١٠/٩/٢١و بە ڕاپۆرتی چاوان عەلی لەژێر ناونیشانی «دەیەوێت چاکسازیی بکات، فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی قەیرانی ئیداریی هەیە» لێپرسراوی پێشووی ڕاگەیاندنی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی لەڕێی چاوپێکەوتنێکی دروستکراوو کارتونییەوە دەیەوێت ڕاستییەکان بشێوێنێت و بۆ مەبەستی خوازراوو نالێپرسراوانە شیکردنەوەی هەڵە بۆ چەند فەرمانێکی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی کە بۆ مەبەستی چاکسازیی لەنێو فەرمانگەدا دەرکراوە، بکاتو زانیارییەکان بەشێوەیەکی ناڕاست بخاتە بەر دەستی خوێنەر.

بە نووسراوێکی وەزارەتی تەندروستی لە ٢٠١٠/٦/١٤ بڕیاردرا بە کردنەوەی هۆبەی ڕۆشنبیریی تەندروستی لەنێو فەرمانگەی تەندروستیو لەبەر بوونی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ڕۆشنبیریی تەندروستیو ڕاگەیاندن، لە لایەن فەرمانگەوە بڕیاردرا بە کردنەوەی هۆبەیەکی هاوبەش بە ناوی هۆبەی ڕۆشنبیریی تەندروستیو ڕاگەیاندنو کردنەوەی سێ یەکە کە یەکێکیان بریتی بوو، لە: یەکەی ڕاگەیاندن بە لێپرسراوێتی بێستون فەتاح. بەڵام لەبەر هەوڵو تەقەلاو فشارێکی زۆری لێپرسراوی ئەو یەکانە و لە سەروو هەمووشیانەوە کاکە بێستون فەتاح، بڕیاردرا بە هێشتنەوەی ئەو یەکانە بە هۆبە بۆ ئەوەی (١٥٪) ی دەرماڵەی پایەکەیان نەبڕدرێت. ئەمە بوو هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو فەرمانە نەک ئەوەی کە کاکە بێستون باسی لێوە دەکات، خۆشی ئەوە زۆر لە من باشتر دەزانێت. ئەو بڕیارە دووەمەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا باسی لێوە کراوە سەبارەت بە کردنی هۆبەکە بە بەش، هەوڵێکی دیکەی کاکە بێستون بوو بۆ ئەوەی لە ڕووی هەیکەلەی ئیدارییەوە ئەوان هۆبە بن و سەر بە بەشی ڕاگەیاندن بن و مەبەستەکەش تەنیا نەبڕینی دەرماڵەی پایە بوو و هیچی تر. بڕیاری سێیەم دەرکرا ئەویش لە پاش ڕاسپاردنی من بە کاری دیکە وەکو چاککردنی ئاماری تەندروستی، ئەویش بەوەی کە ڕاگەیاندنو ڕۆشنبیریی لە یەک جیابکرێنەوەو بێستون فەتاح لێپرسراوی ڕاگەیاندن بێت.

گەر چاوان خان بە وردی سەیری فەرمانی سێیەم بکات بۆی دەردەکەوێت کە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی بۆ کاروباری کارگێڕیی و دارایی کراوە بە سەرپەرشتیاری منو بێستون فەتاح نەک ئەوەی من یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی بۆ کاروباری کارگێڕیی و داراییش بم!

نووسەری ئەم بابەتە سەری لە خۆی و خوێنەریش شێواندووە بەوەی کە هەندێک جار بێستون فەتاح بە بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەت ناو دەبات لە کاتێکدا ناوبراو بەرپرسی ڕاگەیاندنی فەرمانگە بووە، نەک وەزارەت. سەرەڕای ئەمانە کاکە بێستون باس لەوە دەکات کە هۆکاری لابردنەکەی قسەکردنەکانیەتی لەسەر سیستمی تەندروستی، ئەمە لەکاتێکدا ئەو چاوپێکەوتن و لێدوانانەی جەنابی پاش لابردنی بووە لەو پۆستەو ناوبراو لە ماوەی حەوت ساڵی کارکردنی لەو پۆستە (وەکو خۆی باسی لێوە دەکات) لە بەر ڕاکردن بە دوای کاروباری خۆی و سەر ڕاوەشاندن بۆ سەرووی خۆی زیاتر نەیپەرژاوەتە سەر کاری دیکە و کاتی بۆ ڕەخنە گرتن بۆ نەماوەتەوە.

لە بەشێکی دیکەدا باس لەوە دەکات کە پزیشکێک ناتوانێت کار لە ڕاگەیاندن بکات، من دەپرسم ئایا ئەوەی بە یاریدەدەرێکی تاقیگە دەکرێت، بە پزیشکێک ناکرێت؟! گەر مەسەلە پێویستیی بێت بۆ خزمەتکردنی نەخۆش بۆ ئێمە پێویستمان بە یاریدەدەری تاقیگە نییە؟! دەیان مەڵبەندمان هەیە کە پێویستیان بە یاریدەدەری تاقیگە هەیە. لە بەشێکی دیکەدا هاتووە کە ئەم گۆڕانکارییانەی کە پزیشکێک کراوەتە لێپرسراوی ڕاگەیاندن تەنیا لە سلێمانی کراوەو لە شوێنەکانی دیکە نەکراوە. کاکی خۆم کاکە بێستون لە هەولێر و دهۆک و کەرکوک و بە خودی وەزارەتیشەوە ئەو پۆستە پزیشک بەڕێوەی دەبات، گەرگۆڕانکاریی لەو شوێنانەدا بکرێت مەگەر بیانگۆڕن بە یاریدەدەری تاقیگە!!

لە کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە لە کۆنگرەی تەندروستی کە بڕیارە لە ١-٣ی شوباتی ساڵی داهاتوودا ئەنجام بدرێت، من وەکو بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن دانراوم، ئەمەش لە بەر ئەوە بووە کە ئەو کاتەی ئەو نووسراوە لە وەزارەتەوە دەرچووە، من بەرپرسی ئەو هۆبەیە بوومو بەپێی یەکێک لەو فەرمانانەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا بڵاوکراوەتەوە من لە ٢٠١٠/٨/١٥وە بە فەرمی پۆستی ڕاگەیاندنم بەجێهێشتووەو پۆستێکی دیکەم وەرگرتووەو ئێستاکە د.هۆگر وەکو لێپرسراوی هۆبەی ڕۆشنبیریو ڕاگەیاندن کار دەکات.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم بە داخەوە هەندێک کەسی وەک کاکە بێستون کە لێپرسراوێتییەکیان دەدرێتێ ئیتر خۆیان بە خاوەنی ئەو پۆستە دەزانن و وەکو ئەوەی کە لە باو باپیرانەوە بۆیان بەجێ مابێت باوەش بە کورسییەکەیاندا دەکەن، ئەگەرنا کاکە بێستون ئەوەی لەم ماوەیەدا بە تەما بوویت بیکەیت لەو هۆبەیەدا بۆ لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەی باسی لێوە دەکەیت، نەتکرد؟! پاشان جەنابت دەتتوانی پاش لابردنتو دانانی کەسێکی دیکە بۆ بەڕێوەبردنی ئەو پۆستە بە ڕۆحێکی دڵسۆزانەوەو وەکو وەفایەک بۆ هێشتنەوەت لەو پۆستە بۆ ئەو ماوە دوورو درێژە هاوکارو یاریدەدەری لێپرسراوی نوێی هۆبەکە بیت، نەک بەو شێوەیە بە ڕاست و بە چەپدا ئۆقرەت لێببڕێت و بە ناوی خوازراوو سازدانی چاوپێکەوتنو ڕاپۆرتی دروستکراوو کارتۆنییەوە لە کەناڵەکانو بڵاوکراوەکاندا ڕاستییەکان بشێوێنیت.

تێبینی/لەمنووسینەداچەندجارێک ناوی یاریدەدەری تاقیگەم هێناوە مەبەستی من تەنیا کەسی ناوبراو بووەو ڕێزی تایبەتیم بۆ سەرجەم کارمەندانی تەندروستیو بە تایبەت ی.تاقیگەکان هەیە.

تکایە، مەهێڵن زەوییەکەمان داگیر بکرێت

من، هاوڵاتییەکی ناحیەی سێگردکانم کە سەر بە قەزای کۆیەو پارێزگای هەولێرە، لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە کراوە بە ناحیەو هەر لەو کاتەدا نەخشەی جوگرافیو سنووری شارەوانی بۆ کێشراو یانزە گوند خرانە ناو ئەو نەخشەیەوە، نەک لەبەر تموحی ئیمتیازو مادیی، بەڵکو ئینتمام بۆ خاکەکەمو جوگرافیای ناوچەکەم، ڕێم پێ نادات، لایەنێکی سیاسی لەبەر تموحاتی دارایی بەشێوەیەکی نادروست لە سنووری مندا بالادەستیی خۆی بنوێنێتو ئەوەی بیەوێت، بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، دیسان لە مەڵبەندەکەی مندا قاچاخگەیەکی هاوشێوەی ئەوانی تر دروست بکاتو دوور لە بەرژەوەندیی گشتییو میللەت، تەنیا خۆی لێی سوودمەند بێت. بەردەسپی، یەکێکە لەو یانزە گوندەی کە لەڕووی ئیداریو ئەمنییو جوگرافیاو سووتەمەنیو هەموو لایەنەکانی ترەوە، سەر بە ناحیەی سێگردکانەو ئیستاش حکومەتی هەرێم بڕیاری دروستکردنی کێڵگەیەکی نەوتی لەو گونده داوەو هەموو ئەجهیزەیەکی تایبەت بەو پرۆژەیەی هێناوەو لەئێستادا دەستبەکارن، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنج بێت، پارتی دیموکراتی کوردستان، چاوی بڕیوەتە ئەم کێڵگەیەو دەیەوێت بەناوی قوشتەپەوە عەرزبکرێت، کە بەهیچ جۆرێک سەر بە ناحیەی قوشتەپە نییەو هاوڵاتییانی سنوورەکەش بەتەواویی لەمە نیگەرانن، بۆیە داواکارین لە حکومەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستانو لایەنی پەیوەندیدار، بەرلەوەی هەڵوێستمان هەبێت، ئەوان هەڵوێستوەربگرن بۆئەوەی جارێکی تر زوڵم لە مرۆڤایەتیو جوگرافیای خاکەکانو ئیستفزا بە مافی ئینسان نەکرێتو هەوڵبدەن بۆ چاککردنی ئەم دۆسیەیەو بێلایەنانە بڕیاری لەسەربدەنو تاوتوێی بکەن.

لەگەڵ ڕێزدا...

پەشێو حەمەدئەمین

دائیرەی پاسپۆرتو پرسیارێک

یاسین کەریم

بە ناخێری گیانم چووم بۆ دەرهێنانی پاسپۆرت هەر وەکو هەر هاووڵاتییەک وتم منیش پێویستم دەبێت، دڵنیام ئەگەر بۆ گەشتوگوزارو ڕابواردنیش نەبێت، بۆ چارەسەری دەردو ئازارەکانمان، چونکە هێندە تەنگژەو دەردو گرفتی ئابووریو سیاسییو کۆمەڵایەتیمان هەیە لەم وڵاتە لە ئەندازە دەرچووە، کورد دەڵێت: «کە جام پڕبوو لێی دەڕژێت» خۆزگە یەک جومگەی ئیداریی ئەم وڵاتەم پێبڵێتو پەتای دەردی ڕۆتینو گەندەڵیی لێی نەدابێت، پاش ئەوەی چووم بۆ دائیرەی پاسپۆرت نووسراوی فەرمیم پێبوو، وتیان باشە دوای ئەوەی چوومە ژوورەوە فایلم پڕکردەوە بە (١٥٠٠) دینار دوای کۆپیکردنی ڕەنگاوڕەنگی ڕەگەزنامەو پێناسو فۆرمی خۆراکم پێبوو، هەموویان پێ کردمەوە بە (٣٠٠٠) دینار، دوایی چوومەوە بۆ هۆڵی چاوەڕوانیو (١) کاتژمێر دانیشتم سەرەم نەهات، دوایی وتم تا سەرەم دێت دەڕۆمو دێمەوە، تا هاتمەوە سەرەکەم چووبوو، سەرەکەم خرایەوە دوای دواوەو ژمارەیەکی تریان پێدام کاتژمێرێکی تر دانیشم تا سەرەم هاتەوە، بۆ بەدبەختی تووشم بوو بە تووشی ئەفسەرێکی ڕووتاڵی مۆنەوە بەگژ دارو دیواردا دەچوو، هەتا ڕقی لە خۆشی دەبووەوە ئازاری زۆری هاوڵاتییانی دەدا لە مامەڵەکاندا دواتر ناردیانم بۆ بانکی کوردستان لە بەرامبەر پەروەردە پسوڵەی (٢٥٠٠٠) هەزاریان پێ بڕیم، بەڵام لەجیاتی (٢٥٠٠٠)، (٣٠١٠٠) دیناریان لێوەرگرتم، وتم بە کارمەندەکە ئەرێ لێت تێکنەچووە، وتی نا هەروایە، وتم لە دنیادا شتی وا نییە پسوڵە جۆرێکو ئەو پارەیەی لێت وەردەگیرێت جیاواز بێت، هەندێک کارمەندی کچیان لێ داناوە بە پارەش جوابی هاوڵاتییان نادەنەوە، واتە بڕی (٥١٠٠) دینارت لێ دەسێنن بەبێ ئەوەی بزانی بۆچی، گوایە دەڵێن ڕسوماتی بانکەکەیە، هەر بانکێکی تر هەیە بڕی (٢٨) هەزارت لێ وەردەگرن، واتە بڕی (٣) هەزارت لێ وەردەگرێت زیادە، پرسیارەکە ئەوەیە پسوڵە بۆ دەبێت لەگەڵ بڕی پارەی داواکراو جیاوازی هەبێت، ئەو پارەیە بۆ کێیە، هەر بۆ حکومەت نییە؟

پاش ئەوەی گەڕامەوە بۆ دائیرەکە لە هۆڵی چاوەڕوانی ژمارەی دروستکردنی پاسپۆرت گەیشتبووە (٧٥٠)کەس لێکی دە بە (٥١٠٠) دەکاتە (٣٧٥٧٥٠٠) ئەو بڕە پارەیە بە مشەخۆریی لە هاوڵاتییان دەسێنن لە یەک ڕۆژدا لێکی بدە بۆ مانگێک ئینجا بۆ ساڵێک دەکاتە بڕی (١٣٥٢٧٠٠٠٠٠) لە ساڵێکدا بە بەلاش لە خەڵکی وەردەگرن بێ هیچ حسابێک. ئەمە لەلایەک چاوەڕوانی هاوڵاتییانی کوشتووە کارەکان بە جۆرێک دەکرێن چەندین کەس نیگەرانو بێزار دەکرێتو ڕۆژانە مامەڵەکانیان جێدەهێڵنو وازی لێ دێنن، دەڵێن پاسپۆرت ئاوا بێت هەر نامانەوێت. دەپرسم بۆ دەبێت ئاوا ڕەفتار لەگەڵ هاوڵاتییان دەکرێت، ئەو گەلەی خاوەنی دەریایەک خوێنو خەباتە لەکاتێکدا ئەم جۆرە کارانە لە وڵاتانی دنیا لە ڕێگای حکومەتی ئەلیکترۆنییەوە دەکرێت بە ئینتەرنێتو پۆستەوە نەک بە ئازاری گیانیو بە باجی زۆر پێچو پەناو بێنەو بەردە بۆ خەڵکی تیکۆشەری کوردستان.

دیموکراتییەتی بێ دیموکراتی

مەجید ساڵح

(١)

لەوەتەی بیرم بێت «دیموکراسی» بەشێکی دانەبڕاو بووە لە ئەدەبیاتی سیاسیی زۆربـــەی هـــەرە زۆری حیزبەکانی باشووری کوردستان، بە چەپو راستیانەوە، بگرە بەشێوەیەکی پتەو چارەسەرکردنی کێشەی کوردیان بەستووەتەوە بە بوونی دیموکراسی لە مەرکەزو پێیانوابووە تا دیموکراتییەتێکی راستەقینە لە بەغدا نەبێت، چـاوەڕێ ناکرێت کوردئۆتۆنۆمیی یان فیدراڵییەتێکی حەقیقی بەچاوی خۆی ببینێت.

زەمـــەن هـــاتو زەمـــەن چـــوو، تا وایلێهات رووداوە سیاسییەکانی ناوچەکە بەشێوەیەک خولی خواردەوە، کورد کە خەونیشی پێوە نەدەبینی بەبێ ئەوەی دیموکراسی لە مەرکەز بەرقەرار بێت، بوو بە خاوەنی ناوچەیەکی پارێزراوی نـێـودەوڵـەتـیو هەلی دامـەزراندنـی دیموکراسی بۆ رەخسا، بە واتایەکی دیکە حیزبە دیموکراسیخوازەکانی ئێمە بە پێچەوانەی دروشمەکەی خۆیان (دیموکراسی بۆ عێراقو حوکمی زاتیی بۆ کوردستان) توانییان لەپاڵ دیکتاتۆرێکی خـوێـنـرێـژدا بـۆ مـــاوەی (١١) ساڵ حکومەتێکی (دیموکراسی)ی بەڕێوەببەن.

خەڵکی کوردستان لەبەرئەوەی چێژی دەسەڵاتی بەعسیان کردبوو، سەرەڕای ئەوەی حیزبە دیموکراتەکانی کوردستان هەرێمەکەیان بەش بەشو لەت لەت کردو خەڵکەکەشیان لەنێو رەنگەکاندا پەرتەوازە پێکردو دایـان بە گژ یەکدا، سەرباری ئەوەی ئەوان سەروەتو سامانی گەلیان بە تـاڵان بـردو حکومەتو پەرلەمانو دادگاو زانکۆو مزگەوتو دارو دیواری ئەم هەرێمەیان کرد بە موڵکی خۆیانو نوزەیان لەبەر ئابووریەکی ئازاد بڕی، بەڵام هەر پێیانوابوو دیکتاتۆرییەتێکی کوردی باشترە لە دیموکراسیەتێکی عەرەبیو بەرگەی هەموو نەهامەتییەکانیان گرت.

(٢)

٢٠٠٣/٤/٩ خولی دووەمی رووداوە دراماتیکەکانی عێراق دەستیپێکردو تەختو تاراجی دیکتاتۆرییەت بەتاڵان برا، سەرکردەکانی ئێمەش بە پەلەپرۆزە کەوتنە خۆیان بۆئەوەی دیموکراسییە هەرێمیەکەیان ببەن بۆ بەغدا، چیتر ئەو دروشمەی پێشوو لە ئەدەبیاتی سیاسییاندا بەرچاونەدەکەوت، ئـەوەی دەبینراو دەبیسترا بریتیبوو لە (گواستنەوەی ئـەزمـوونـی هەرێمی کـوردسـتـان بۆ بەغدا). دیموکراسیخوازەکانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا موزایەدەیەکی زۆریان لەسەر پابەندبوون بە ئازادیی رۆژنامەگەریی‌و مافی هاوڵاتییانو حکومەتێکی شـەفـافو دادگـایـەکـی سـەربـەخـۆو... بە سـەر سـەرکـردەی حیزبە عەرەبییەکانی عێراقدا کرد، خوا هەڵناگرێت ئەوانیش کڕو کپ بوونو بەپەلە رازی بوون لەسەر دەستووری هەمیشەیی عێراق، دەستوورێک ئەگەر جێبەجێبکرێت، پێموایە دوای زیاتر لە (٨٥) ساڵ لە نەهامەتیو شەڕوشۆڕو کودەتاو قەتڵوعام، هەموو عێراقییەکان لە سایەیدا دەحەسێنەوە.

(٣)

ئاراستەی رووداوەکانی عێراق بەرەو ئەوە دەچێت عێراقییە عەرەبەکان (بە سوننەو شیعە)یانەوە مەیلیان بەرەو ئەوە ناچێت لە بەغدا دیموکراسی هەبێت، لەوەش دەچێت سەرکردەکانی ئێمەش وەک ئەمریکا بێهودەییو هیلاک بووبێتن لـەوەی قەناعەت بـەو هاوڵاتییانەی خۆیان بهێنن حوکمێکی دیموکراسی لە مەرکەز بەرقەرار بکەن، کە تەماشایەکی دەوروبـــەری خۆشیان دەکـەنو هیچ حکومەتێکی دیموکراسی نابینن، بۆیە لە ناخیاندا حەزێکی زۆر بۆ دروستکردنی سیستمێکی هاوشێوە لە سیستمەکانی دەوروبەر دروست دەبێت، نیشانەکانیش وا خەریکن ورده ورده دەردەکەون.

هەرێمە دیموکراسییەکەمان کە شانازیی بە ئازادیی رۆژنامەگەرییەوە دەکـــرد، وا خـەریـکـە تـەنـگ بە رۆژنامەنووسانی ئازاد هەڵدەچنێتو بە کوشتنو یاسا رێگرییان لێدەکات بە کارەکانیان هەستن، پەرلەمانی کوردستان کە شوێنی یەکلاییکردنەوەی ململانێکانە بەشێوەیەکی (دیموکراسی)، لە رێگەی سەرۆکەکەیەوە خەریکە دەبێتە دادگای تەفتیشی دەربڕینەکانو کپکردنی دەنـگـی نوێنەرانی گـەل، ئابووریی کوردستان کە موڵکی گەلە، بە ئاشکراو بێ پەردە دەکرێتە دیلی حیزبە دیموکراسیخوازەکانی هەرێم، مەیلی دکتاتۆریی‌و بوون بە حیزبی قاعید رۆژ لـەدوای رۆژ لە هەرێمەکەدا تەشەنە دەسێنێت.

(٤)

چـار چییە؟ سەعیدی حەجاریان ئەندازیاری ریفۆرمخوازیی لە ئێران بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە تیۆری (فشار از پاین و چانەزنی از بالا) فشار لە خوارەوەو وتوویژو موزاکەرە لە سەرەوەی داهێنا، واتە گەل فشار بخاتە سەر دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنیش وتوویژو موزاکەرە بکات بۆئەوەی ئاراستەکە بەلای دیکتاتۆریدا نەشکێتەوە، دەبێت خەڵکی ئێمە بێنە سەر شەقامەکانو بەرگریی بکەن لەو دەستکەوتانەی بە خوێنو فرمێسک بەدەستیانهێنانەوە، ئۆپۆزسیۆن بە عەلمانیو ئیسلامییانەوە دەبێت بەرەیەکی دژ بە سەرهەڵدانی دیکتاتۆرییەت لە هەرێم دروست بکەن، ئەو ئەندام پەرلەمانانەی فراکسیۆنی زۆرینە، کە باوەڕیان بە بوونی دیموکراسی هەیەو بەشێکی تەمەنیان لە تێکۆشان دژی دیکتاتۆرییەت بەسەربردووە، دەبێت بێدەنگیی بشکێنو چیتر تەسلیمی سەرکردەکانیان نەبن، چارەنووسی هەرێمەکەمان لە مەترسییەکی گەورەدایە، یان ئەوەتا سیستمێکی دیکتاتۆریی دیکە قبووڵ بکەین، یان ئەوەتا دیموکراسی بکەینە ئامانج.



شەڕەکە دەستیپێکرد... شەڕی قەڵەمو دەسەڵات..!!

جەلال دیموکرات

دواجـار ئەو شەڕەی کە چـاوەڕوان دەکـــراو پێشبینیی دەکـــرا، هاتەدیو رووییـــدا..!! کە ئەویش شـــەڕی نێوان رۆشنبیرانو نووسەرانو ئازادیخوازانو رۆژنامەنووسانی ئازادو سەربەخۆیە.. لـەم شـــەڕەدا دەســـەڵات پەنا بۆ ئەو یاسایە دەباتو ئەو یاسا کۆنەی زەمانی بەعس بەکاردەهێنێت، کە دژی ئازادیی رادەربڕینو رای ئازادنو نووسەرانو رۆژنـامـەنـووسـانو بـیـروڕای ئـازادو جیاوازیی دژ بە دەسەڵات رادەگەیاندو گوزارشتی لە رای ئازادو تایبەتی خۆی دەکرد.. لە بەرامبەر ئەمەدا لێپێچینەوەی یاسایی بەرامبەر دەکـرا ئەویش بە بەندکردن، یـان دوورخستنەوە، یان دەرکردن، یان هەتا کوشتنو راوەدوونانو لە باشترین باردا (غەرامە)کردن بوو، واتە سزای دارایی، یان ئابووری.. هەربۆیە ئـەوکـات کـەس نـەیـدەویـرا کە باسی بیروڕای ئـازاد، یان رای جیاواز، یان بیوتایە بە دەسەڵات پشتی چاوت بروێیە.. هەربۆیە ئەو دەسەڵاتە لەنێو خۆداو لە دنیای دەرەوەدا بە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆرو دوور لە ئازادیی رادەربڕینو دیموکراتی دەنـاسـراو دەبینرا.. تا ئەنجامەکەی بەوەگەیشت کە بینیمان..

ئێستاش لە کوردستانی بەناو ئازادییو رزگاربوو و دیموکراسیدا ئیش بە یاسای رۆژنامەوانی ژمارە (٣٥)ی ساڵی (٢٠٠٧) ناکرێتو خراوەتە سەر رەفە بۆ ئەوەی تۆزی لێبنیشێت، هەروەکو (حبر علی ورق) مەرەکەبی سەر کاغەز بمێنێ، هەربۆیە رێـز لەو یاسایە کە لەلایەن خۆمانو ئەزموونەکەمانو پەرلەمانەکەمانو خـودی سەرۆکی هـەرێـم، کە ئیمزای کـردووە ناگیرێو نەگیراوە!! سەیرە ئەمە چەندی بە چەند؟.. خۆت یاسایەک دابڕێژیتو پیاوەتی نەکەیتو نەیخەیتە بواری جێبەجێکردنەوە..!! لە کاتێکدا بچیت یاسایەک زیندوو بکەیتەوە کە سەر بە رژێمێک بووبێو رژێمێک داینابێ، کە گەلەکەمان لە راپەڕینی بەهاری ساڵی (١٩٩١)دا تەختو تاراجی تێکو پێکداو رمان.. ئەمە مەتەڵەو نوکتەیە.. هەربۆیە ئێستا دەســەڵات رووی راستەقینەی خۆی نیشانداو دەرخست، کە لەگەڵ رای ئازادو سەربەخۆدا نییەو لەگەڵ رۆژنامەو گۆڤارو نووسەرانو رۆشنبیرانی بێ لایەنی حیزبی نییەو قبووڵی رای ئازاد ناکات، بۆیە هاتووەتە سەرخەتو چەکی یاسای زەمانی بەعسی رووبـەڕووی ئازادیخوازانو رۆژنامەوانانی ئازادو سەربەخۆ دەرهێناوەو هەڕەشەیان پێ لێدەکات، بەڵێ، ئەمەیە شەڕەکە، شەڕی رۆشنبیرانو قەڵەمی ئـازادو بیروڕای جیاوازو رۆژنامەو گۆڤاری ئازاد..

ئـەو چـەکـەی بـەدەسـت بـەرەی دووەمەوەیە، چەکی مەعریفیەو چەکی دەرخستنی راستییەکانە بۆ جەماوەرو چەکی قـەڵـەمو بیرو هـزری ئـازادەو دەستەمۆ نەبووەکانە.. هەستو سۆزی جەماوەری بەشخوراو و بەشمەینەتو نارازییەکانە لە خـراپ بەکارهێنانی دەســـەڵاتـــی سیاسییو حکومییو نایەکسانییو نادادپەروەرییو نارووونی.. کە بە هـەر هەموو ئەمانە دەوتـرێ (گەندەڵـیی)، خەڵکان وا ناویان لێناوە.. لە بەرامبەر ئەمانەشدا دەسەڵات پەنای بردووە بۆ یاسایەک کە دژی ئازادییەکان دەوەستێتەوەو لەلایەن جەماوەرەوە دەمێکە (رەفز) کـراوە.. ئێستا شەڕەکە دەستی پێکردووە، شەڕی خاوەن قەڵەمو خاوەن فیکرو هزری جیاواز لەلایەکو شـــەڕی دەســـەڵاتو یاســای زەمانی بەعسیش لەلایەکی دیکەوە.

بەڵـێ ئێستا شەڕەکە دەستیپێکرد...

ئازادیی رادەربڕینو دادپەروەریی

هۆشیار عەبدوڵڵا

ئازادییو پرسیار لەسەر ئیشکالو کێشەکانی، بۆ دۆخـی ئێستای هەرێمی کـوردسـتـان خەمێکی لەبەرترەو پێویستە خاڵی سـەرەتـای هەموو شەڕو گریمانەیەک بێت لەسەر ئومێدی گۆڕانو خەونەکانی دیکە.

ئەو ئازادییەی لە هەرێمی کوردستان بووەتە دروشمو بەدەم سیاسییەکانەوە بووەتە مافو پێمان دەبەخشن، جیاوازە لە خودی ئازادیی خۆی وەک ماف، مۆدێلی سیاسیی کوردستان چوارچێوەیەکی بە ئازادیی داوە، کە رێک وەک چوارچێوە ناسیونالیستەکەی پڕ ئیشکالەو عەجایب نییە کە بڵێین: سیاسییەکانی کورد مۆدێلێکیان لە ئازادیی داهێناوە لە هیچ قوژبنێکی ئەم جیهانەدا هاوتایەکی نییە، ئازادیی لای ئەوان تەیرێکی یەک باڵەو پێویستە بە باڵێک بفڕێت، ئەوان بەو تاکە باڵەی ئازادیی، ئازادن لەوەی چی دەکەن بیکەن لە کردەی خراپو بەد، وەلێ میللەت ناتوانێت بڵێت بۆ وا دەکەن، میدیا نابێت بپرسێتەوە، رۆژنامەنووس بۆی نییە بڵێت بۆ؟!

ئەو شەرعییەتەشورشگێڕییەی ئەوان بەباڵای خۆیان پۆشیوەو دایناکەنن، دۆخێکی چەقبەستووی ئەوتۆی دروستکردووە، کە هەموو چەمکەکانیان لا ئاوەژوو بووەتەوە، لـەدوای راپەڕینەوە سەرەتای رزگاری دەستپێدەکاتو هێشتا کورد لە گەڕاندایە بەدوای دۆخێک لە ئازادیدا، کەچی لەم بستە خاکو دەسەڵاتە خۆماڵییە لەرزۆکەدا ئەوان دەبنە هێزی دژی ئازادییو گوتنو گوزارشتکردن، ئەوەندەش مەستی شانازیی مێژووی شاخو خەباتی چەکداریانن، دروست وەک ئەزموونی شۆڕشگێڕەکانی ئەڵمانیاو ئیتاڵیا هەرە لیبراڵەکەیان ئەمڕۆ بووەتە کۆنەپارێز، رۆحی موزایەدەکاریو نەفەسی شۆڕشگێڕانەیان وای لێکردوون خۆیان لێ ببێتە باشترین ئەندازیاری ئازادییو باشترینو عاقڵترین سیاسی، بۆ دیاریکردنی ئایندەو ئەوەی ئەوان بیکەن حیکمەت بێتو ئەوەی نەیارەکانیشیان هەوڵی بۆ دەدەن لای ئەوان نیقمەتو بەدبەختی گەلی پێوەیە، بوونەتە هێزگەلو سەرکردەگەلی هێندە دۆگما ئەوانەی لە شاخ دەیانگوت وشە بە وشە وەڵام دەدەرێتەوە، ئەمڕۆ وشە بە تێکدانو فەوزا ناودەباتو لەبەرامبەر تیرۆرکردنی دەنگەکانیشدا نقەیان لێوە نایەت.

ئەوان شانازیی بە سیستمە سیاسییەکەی هەرێمەوە دەکەنو ناپرسن کام سیستمی سیاسی؟! لە دۆخێکدا ئازادییو یەکسانیی هاوسەنگ نەبنو تەنانەت لەژێر هەڕەشەدا بن، کام سیستمی سیاسی نموونەیی، وەک ئەلێکسی دی تۆکڤێل دەڵێت: باشترین سیستمی سیاسی لە هاوسەنگی راگرتنی نێوان ئازادییو یەکسانی دێتە ئاراوە، ئاشکرایە کێ لەم هەرێمەدا ئازادەو دەتوانێت خاوەن باڵ بێتو کێش توانای فڕینی نییە، کەواتە هەم ئازادییو هەم یەکسانیی لەگەڵیشیاندا کۆی سیستمەکە لەژێر پرسیاری جدییو گەورەدایە.

کێشەی گەورەی ئەم دەسەڵاتە ئەوەیە، نازانێت کە تێڕوانینی ئەو بۆ مافەکانو لەنێویشیاندا ئازادیی تێڕوانینێکی عەجیبو هەڵەیەو رۆژ نییە گوێمان لە واعیزەکانی دەسەڵات نەبێت، کە دەڵێن: ئەو ئازادییەی ئێمە دابینمان کردووە، ئەو ئازادییەی بۆمان هێناون، ئەو ئازادییەی بۆمان کردوون بە خێمەو لەژێریدا خەوتوون، لە دۆخێکدا هێشتا ئازادیی لەبەردەم سەرەتاییترین تێگەیشتندا بێت پێویستە ئازادیی خەمێکی لەبەرترو لە پێشینەتر بێت.

ئێستاو دوای چەندقۆناغێکو چەندهەوڵێکی توندوتیژ بۆ کپکردنی دەنگە ئازادو ئازاکانی کوردستان، یاسا کراوەتە کەڤەری ئیرهابێکی تر دژی ئازادیی رادەربڕینو ئەمجارەیان بە یاسا شەڕی ئازادیی دەکرێت، هەڵبەتە وەک چۆن دەگوترێت بە ناوی ئازادییەوە تاوان دەکرێت، لە مێژووشدا زۆرن ئەو نموونانەی بە ناوی یاساوە گوناەو تاوانی گەورەیان کردووە، واتا بە تەنیا پەنابردنە بەر یاسا مەرج نییە خولقاندنی دادپەروەریی ببێت، خۆ هەر یاسایەکیش یەکسان نەبوو بە دادپەروەریی یاسایەکی نوقسانە، باشە ئەگەر یاسا بۆ دادپەروەریی بێت، پێویستە کێ راپێچی بەردەم دادگا بکرێت؟! ئەوانەی چەندین ساڵە ئەم وڵاتە لە هەموو رووییەکەوە نغرۆی بەدبەختی دەکەن، یان ئەوانەی دەڵێن بێدەنگ نابین لە تیرۆری رۆژنامەنووسان، یان ئەوانەی دەڵێن دەبێت داهاتی نەوت دیار بێت، بۆ یاسا کامیان دادپەروەریی دەخولقێنێت، دادگاییکردنی رۆژنامەنووسێک کە هەموو خەمی ئەوەیە میللەتەکەی زۆرتر بزانێت، یان سیاسیو بەرپرسەکانی کورد، کە هەموو خەمیان بووبێتە ئەوەی زۆرتریان هەبێتو کەسیش نەزانێت؟!.

زەنگـێک بـۆ نـەوشیروان مســـتەفا

(گۆڕان لەبزووتنەوەیەکی جەماوەرییەوە بۆ حیزب)

حسەین لەتیف

مێژوو خۆی دووبـارە ناکاتەوە، ئەوە کارەکتەرەکانن دەگەڕێنەوە بۆ رابـردوو، مەیلی رابردووخوازیی مرۆڤە کە رابردوو نەک کاڵ نابێتەوە، بەڵکو رابردوو لە سبەینێدا تۆختر لە ئەمڕۆ خۆی دەنوێنێت، ئەزموونی ژیانی سیاسیی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دەقاو دەق حەقیقەتی ئەو قسەیە بەیان دەکات، چونکە ساڵانێکی دوورو درێژ لەناو کرمانجی خـــوارووداد مستەفا بـارزانـی رەحمەتیو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی، کە پارتی دیموکراتی کوردستان پێشەنگی بوو سەدان وێنەی ناشیرینیان بە باڵا بڕابوو، لەلایەن ئەو هێزەوە کە پێی دەوترا باڵی مەکتەبی سیاسیی، خوالێخۆش بوو ئیبراهیم ئەحمەد جگەلەوەی پارێزەر بوو، هاوکات ئەدیبو رۆژنامەنووس بوو، جەلال تاڵەبانیش کە ئەوکات پارێزەرو رۆژنـامـەنـووس بـوو، ئێستاش سـەرۆک کۆماری عێراقو سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە رێبەرایەتی کرا، ئەو وێنانەی بە باڵای بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیو پارتیدا دەبڕا، لە رووخساردا بیانووەکەی ململانێی نێوان دەستەبژێرێکی خوێندەوارو دیموکراسی خوازبوو، لەگەڵ دەستەبژێرێکی نەخوێندەوارو پاوان خوازدا، ئەو دەستەبژێرە خوێندەوارە پەنایان بۆ حکومەتی ئەو کاتی عێراقو رژێمی شای ئێران برد، ئەو نوخبەیە کە نەیتوانی بە سروشت ئایندەخوازبێت، بۆیە هەمیشە ژیانیان پڕبووە لە هەڵگەڕانەوە لە بەرامبەرەکەیانو مساوەمەکردن بۆ بەرامبەرەکەیان، ئەو نموونەیە نەیتوانی بناغەی ئۆپۆزسیۆنبوون دابڕێژێت، چونکە بە سروشت گۆڕانخواز نەبووە، لە رواڵەتدا نوێخوازبوو بانگەشەی بۆ هزری ماویزم دەکرد، پاش ساڵی (١٩٧٥) هەمان ئەزموونێک خۆی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا لە شەستەکانی سەدەی رابـردوودا هەیبوو، لەگەڵ نەیارە سیاسییەکانی خۆیدا دەیکات، ئەمە لە بریتی ئەوەی کە دەرەتانی بۆ رەخسا بیر لە جێبەجێکردنی بەڵێنو دروشمەکانی بکاتەوە، کەچی بە پێچەوانەوە، نەشارەزایانە هەنگاوو شوێن پێیەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی هەڵگرتەوە، بەرای من ئەوەی کە وایکرد یەکێتیی نیشتمانیی ئێستاو باڵی مەکتەبی سیاسیی ئەو سەردەمە رۆڵێکی جیاوازتر لە پارتی دیموکراتی کوردستان نەنوێن، لـەوەش واوەتـر بۆ لاوازکـردنـی بـزووتـنـەوەی رزگـاریـخـوازی کـوردیو سەرکردایەتییەکەی هەموو رێگەیەکی شیاو، یان نەشیاویان گرتە بەر، جگە لەوەش ئەوان کێشەی دەسەڵاتی ناو حیزبو شۆڕشیان لەگەڵ مەلا مستەفای بارزانیدا هەبوو، نەک کێشەی فیکرو ئایدیۆلۆژیا، مێژووی ئەو باڵە مێژووی دەرچوونو گەڕانەوەیە لەناو پارتی دیموکراتی کوردستان، کە دواجار ئەو جێهێشتن گەڕانەوەیە خۆی لە رێکەوتنێکدا بینییەوە کە لە راگەیاندنی هەردوو لایەنەکەدا بە رێکەوتنی ستراتیژیی ناو دەبرێت، ئەم رێکەوتنەش لە بەرامبەر دوژمنەکانی کورددا نییە، ئەوەندەی بەرامبەر کۆمەڵگەی مەدەنیو هەر هێزێکە کە مژدەی هەڵهاتنی ئاسۆی دیموکراسی پێبێت، هەر هێزێکە توانای رەنگرێژکردنی سەرەتاکانی ژیانی ئۆپۆزسیۆنی پێ بێت، چونکە ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی مەرجی سەرەکیی دیموکراسیبوونە، دیموکراسیبوون ئەگەر لەلایەک خۆی لە میدیای ئازادو فرەحیزبیدا ببینێتەوە، ئەوا لە کوردستانداو هەتا دەرکەوتنی رۆژنامەی هاوڵاتی ئۆپۆزسیۆنبوون تەنیا سنووری چایخانەو ناو تەکسی تێنەدەپەڕاند، فرەحیزبی هەبوو، بەڵام لە دوکانی سیاسیی دەچوو زیاتر لەوەی هێزێک بێت دەستو پەنجە لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بوون، خەمەکانی هاوڵاتیان نەرم بکات، بەڵکو ئەوانیش دابەش ببوون بەسەر یەکێتیو پارتیدا بەگوێرەی پێگەی جەماوەریی خۆیانو خەمی بودجەکەیان کارنامەی سیاسیی خۆیان دادەڕێژا، نەک بەگوێرەی سەرەتاکانی دیموکراسیەتو ئۆپۆزسیۆن بـوون، ئـەوەی کە لە ساڵانی پاش راپەڕیندا بەردەوام دیموکراسیبوونی کوردستانی خستووەتە ژێر پرسیارەوە، نەبوونی ئۆپۆزسیۆنی سیاسیی کارا بووە، ئەگەرچی چەند پارتێکی سیاسیی کوردستانیی ئامادەبوونیان لەسەر ئاستی رۆژنامەو بارەگا هەبووە، بەڵام بۆ تەنیا پێنج دەقەش نەیانتوانی نەک جەماوەری کوردستان، بەڵکو جەماوەری خۆیان بهێننە سەرجادە، هەر بۆیە دەورانی دوای راپەڕین بۆ هێزەکانی دەرەوەی پارتیو یەکێتی لە رواڵەتی منەوە لە دەورانی متبوونی ئەوان دەچێت، جگە لە حیزبی کۆمۆنیست، کە ئەم هێزە بە ئاشکرا ناکۆکییو جیاوازییە فەرهەنگییو سیاسییەکانی خۆی بەرامبەر بە پارتیو یەکێتی راگەیاندبوو، دەشیەویست دەستکاری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بکات، ئەوەش لە رێگەی گۆڕینو گفتوگۆکردن لە بارەی یاساکانی باری کەسێتییەوە، بەڵام ئەم هێزەهێندە بیرو دیدگایان نامۆبوو بەکۆمەڵگەی کوردیو دژایەتی هێزە فەندەمینتالیستەکانیش وایکرد هەر زوو لە کارو چالاکی بکەوێت، لەسەروو ئەمانەشەوە یەکێتی ئەو هێزەی ناوبەناو بۆ مـاوەی درێژخایەن لە پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵگەڕابووەوە، نەک نەیتوانی سوود لە وزەی حیزبی کۆمۆنیست وەربگرێت لە بەرامبەر حیزبە ئیسلامییەکاندا، بەڵکو بەناوی نەهێشتنی بارەگای حیزبەکان لە شـاری سلێمانیدا هەندێکی کوشتنو بارەگاکانیان پێگواستنەوە بۆ هەولێر.

مەبەستم لە هەموو ئەوانەی سەرەوە

چەمکی جیاوازیی، خاڵی دووەمی کارکردنی بزووتنەوەی گۆڕان بێت، بۆ ئەوەی جیاوازیی ببێت بە نەریتی کۆمەڵایەتیو سیاسیی

ئەوەیە، ئەوەی کە گۆڕان دروست دەکات ویستە بۆ گۆڕانکاریی، چونکە یەکێتیی نیشتمانیی لە رابـردوودا ویستی نەبوو بۆ گۆڕانکاریو جیاوازبوون، توانای هەزمکردنی رەخنەو نارەزایەتییەکانی خەڵکی کوردستانی نەبوو، سەرئەنجام کەوتە ئەو قەیرانەوە، تا ئەو ئاستەی ئۆرگانە هەستیارەکانی یەکێتیی نیشتمانیی لەلایەن کەسایەتییە دیارەکانی خانەوادەی تاڵەبانییەوە بەرێوە دەبرێن، ئەمەش پاش ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی ساڵی (٢٠٠٩) دێت، کە لە (٧/٢٥)و دواتریش لە ٢٠١٠/٣/٧ لەسەر ئاستی کوردستانو عێراقو بەتایبەتتر لە پارێزگای سلێمانیدا، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو سەرکردایەتییەکەی لە سـەردەمـی باڵی مەکتەب سیاسییو کۆبوونەوەکەی ماوەتی ساڵی (١٩٦٤)ی پارتییەوە وەک پێگەی سەرەکیی خۆیان چاویان لێبڕیووە، دوای راپەڕینیش بۆ دروستکردنی وێنایەک لە زهنیەتی خەڵکی سلێمانیدا، گوایە ئەم هێزە بەدیهێنەری مافەکانی کوردو خەونە ناسیونالیستییەکانیانە، یەکێتیی نیشتمانیی سکرتاریەتی خۆی دەباتە قەڵاچوالان، کە بابانییەکان نیشتەجێی بوون، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەم کارەی ستراتیژیی خۆی لە سلێمانیدا قەتیس کردو لە بریتی هەوڵدان بۆ هەرێمێکی سەقامگیرو دیموکراسی، راستەوخۆو ناراستەوخۆ ئەمارەتی بابانی دروستەکردەوەو وێنای ئەمارەتی سۆرانی بە قەڵەمڕەوی پارتی دەبـەخـشـیـی، دروسـتـکـردنـی سەنتەرە عەشایەرییە جیاوازەکانیش ئەو ئاماژەیان رادەگەیاند یەکێتی لە قەیرانێکی قووڵدایە، لە سەر ئاستی حیزبیو لەسەر ئاستی پێگە جەماوەرییەکەشی، هەموو ئەو قەیرانانە دواتر خۆیان لە دەرکەوتنی باڵی ریفۆرمو پاشتریش بزووتنەوەی گۆڕاندا بینییەوە.

کۆمپانیای وشە– ریفۆرم– گۆڕان

لەو روانگەیەوە، کە حیزبەکانی کوردستان بە تایبەتیش پارتیو یەکێتی دوو حیزبی تۆتالیتێربوون، هەر لە سەرەتاکانی راپەڕینەوە کەوتنە قۆرخکردنی دەسکەوتە نەتەوەییو نیشتمانییەکان بۆ خۆیان، کورتکردنەوەی ئامانجەنەتەوەییەکان بۆ ئامانجو بەرژەوەندییە حیزبییەکانی خـۆیـان، هەموو هەوڵێک لەدەرەوەی هەوڵی ئەوان بۆ دیموکراسیکردنی کۆمەڵگە تۆمەتی تابوری پێنجەمی بە باڵا دەبـردرا، رۆژنامەی ئەهلی لە ئارادا نەبوو، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەلایەن حیزبەکانەوە تاپۆکرابوون، کۆمەڵگەی کوردی لەسەر لێواری خۆکوشتندا بوو، تاکە هەوڵ تاکە دەنگێکی مونەزەم، هەوڵو نووسینی برادەرە رۆشنبیرەکانی گۆڤاری ئازادی بوو، کە دواتر خۆی لە گۆڤاری رەهەنددا بینییەوە، سەدان تۆمەتی خراپیان درایەپاڵ، بە حوکمی ئەو سەرمایە رەمزییو رۆشنبیرییەی هەیان بوو، توانییان بەرگەی ئەو تۆمەتو ئاستەنگانە بگرن کە بۆیان دروست دەکرا، ئەو هەوڵانەی برادەرانی گۆڤاری ئـازادیو رەهەند ئا لەو سەردەمانەدا لە بردنی ئاگر دەچوو بۆ ناو ئەشکەوتێک لەدامێنی چیاییەکی سەختدا، هەربۆیە ئەگەر گۆڕان بریتی بێت لە بیرکردنەوە لەدەرەوەی یاساو رێساو ئەو گوتارە باوانەی کە دەستەبژێرێکی نەریتی دایاندەرێژێت، ئەوا ستافی گۆڤاری ئـازادیو رەهەند، ئەو سەرکێشییەیان کـردووە، ئەگەر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی بشوبهێنین بە ئەمارەتی بابان لە سلێمانیدا، ئەوا ستافی ئەو دوو گۆڤارە مەولاناخالیدەکانی سەردەمی حوکمرانی یەکێتین، نووسینو پرۆژەکانی ئەوان _ زمانی _ بۆ هاوڵاتی گێڕایەوە، ئەمە لە سەردەمێکدا کە ماسمێدیای حیزب لە بریتی چەمکی - هاوڵاتی -هاوحیزبیو هاوخێڵی هاوناوچەییان بونیاد دەنا، هەوڵەکانی ستافی ئەو دووگۆڤارە لەسەر ئاستی فیکرو رەخنە بوو، دواتریش لە ساڵی (٢٠٠٠)دا رۆژنامەی -هاوڵاتی -چەمکی هاوڵاتی کـرد بە گوتاری خـۆیو هەوڵی ناساندنیداوەو تائێستاش هەر بەردەوامە، ساڵانێکی دوورو درێـژ ئـەم رۆژنامەیە زۆر جار سنووری کاری رۆژنامەگەریو ئۆپۆزسیۆنبوونی تێکەڵکردووە، ئەمەش بەو حوکمەی هەم ئەزموونی رۆژنامەگەریی ئەهلیمان نـەبـوو، وەکـی تریش حیزبی ئۆپۆزسیۆن بوونی نەبوو، بە تەنیشت ئەرکی رۆژنامەگەرییەوە، ئەرکی فەرهەنگییەوە، رۆشنبیرانو رۆژنامەی هاوڵاتی ئەرکی هێزێکی ئۆپۆزسیۆنیان ئەدا کردووە، گۆڕان بە مانا بەرفراوانەکەی کە دێتە فەرهەنگی سیاسییو رۆشنبیری کوردییەوە لەسەر دەستی ئەو ستافانەدا دێت، لە (کۆمەڵگەی پرسەی) بەختیار عەلییەوە تا (کۆمەڵگەی مەدەنی لەبەردەم هەڕەشەی حیزبدا)ی رێبین هەردیو (دەسەڵاتو جیاوازیی) مەریوان وریا قانیعەوەو چەندین هەوڵی تریان، ئەو کارانە لەکاتێکدا دەمانخوێندنەوە حیزب فابریکەی بەرهەمهێنانی نووسەری هەبوو.

کۆمپانیای وشە کە ئێوە داتانمەزراند، سەرەتا وا دەردەکەوت کۆمپانیایەکی ئازادو ئەهلی بێت، تۆ وەک نووسەرو توێژەرێک بیرت لێکردبێتەوە، کە خۆی لە تەلەفزیۆنو رادیۆو رۆژنامەو سایتی ئەلیکترۆنیدا ببینییەوە، ئەو گومانەش لە جێگەی خۆیدا بوو، چونکە تۆ بەتەنیشت کاری سیاسیتەوە هەمیشە کاری نووسینیشت کردووە، کە بەرای من لەدوای عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی زیندانیکراوی پارتی کرێکارنی کوردستان لە دوورگەی - ئیمرالی - تۆ پڕ بەرهەمترین سیاسەتوانی کوردیت لە بواری نووسیندا، کۆمپانیای وشە بە هەموو ئۆرگانەکانییەوە تا دروستبوونی لیستی گۆڕان، ئۆرگان گەلێکی خەبەری بوون، بەڵام لە دروستبوونی ئەو لیستەدا ئیتر ئەو کۆمپانیایە کەوتە پشت لیستی گۆڕان و ئامانجەکانییەوە، ئەو پشتگیرییەی کۆمپانیای وشە بۆ لیستی گۆڕان لەو سەردەمەدا پێویستییەکی گرنگ بوو، بەڵام ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کۆمپانیای وشە لەژێر هەژموونی بزووتنەوەی گۆڕان بێتە دەرەوە، وەک میدیای ئازاد کار بکاتو بکرێت بە ناوەندێک، دامەزراوەیەک بۆ کاری لێکۆڵینەوە، کەسانی شارەزا لەسەر ئاستە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگە تەنزیراتی بۆ بکەن، چونکە ئـەوەی کە کۆمپانیای وشە دەیکات، شتێک نییە لە رۆژنامەکانی وەک ئاوێنە، هاوڵاتی-دا بڵاونەکرێنەوە، بەمەش تۆ ئەرکی راگەیاندن لە کۆڵی کۆمپانیای وشە دەکەیتەوە، لەبەرامبەریشدا بەو زانیاریەو هەوڵانەی کە هەتە، کۆمەکی ئەو بوارە دەکەیت پێی دەوترێت میدیای ئازاد، یەکێک لە کێشە گەورەکانی میدیای ئازاد، نەبوونی سەرچاوەو زانیارییە، بزووتنەوەی گۆڕان دەتوانێت بەو هەواڵو زانیارییانەی کە لە میدیاکانی خۆیدا بڵاوی دەکاتەوە، بەشداریی لە ئەکتیڤکردنی میدیای ئەهلیدا بکات.

ریفۆرم

هەمیشە یەکێتیی نیشتمانیی شانازیی بەوەوە کردووە، فرەمینبەرو فرە پێکهاتەو ئایدیۆلۆژیا بووە، بەڵام ئەم هەموو دروشمە دانەبەزینە ئاستی کردارەوە، سەرئەنجامیش لە ژیانی خۆیدا، ئاڵای شۆڕش، زەحمەتکێشان، حسک، لێی جیابوونەوە، یەکەمیان وێرای ئـەوەی ژمـارەیـەک پێشمەرگەی شەهید بوون لە پێناوی ئایدیۆلۆژیای عێراقچێتیدا، سەرئەنجام هەندێک لە سەرکردەکانی گەڕانەوە ناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەوانە: (مەلا بەختیارو سالار عەزیزو بابەکر درەیی)، یەکەمیان کارگێری مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەو چەند ساڵێکە پەیوەندی خوێنی لەگەڵ خانەوادەی مام جەلالدا دروستکردووە، دووەمو سێیەمیشیان لە بزووتنەوەی گۆڕاندان، ئاڵای شۆڕش توانای لەسەر پێوەستانی خۆی نەبوو، هەرچی زەحمەتکێشانە لـەدوای راپەڕینی ساڵی (١٩٩١) ژمارەیەک لە سەرکردەکانی رۆشتنەوە بۆ ناو یەکێتی، وەک: (عیماد ئەحمەد)، لە ساڵی (٢٠١٠)یشدا باڵێکی لێ جیابوویەوە، ئەو باڵەش لەژێر هەمان ناودا کار دەکات، حسکیش بەهەمان شێوە زۆرێک لە کادیرە ناوەندییەکانو سەرکردایەتییەکەی گەڕاونەتەوە بۆ ناو یەکێتیی نیشتمانیی، یان پارتی دیموکراتی کوردستان.

دواترین باڵێک تا کاتی ئەم نووسینە کە لە یەکێتیی نیشتمانیی جیابووەتەوە، ئەو باڵەیە کە پاش رووخانی سەدام حسێن لە ریزەکانی یەکێتیدا پێیان دەوتـرا گرووپی ئیمزا، ئەم گروپە دژی دەسەڵاتی بێسنووری سکرتێری گشتییو ئەو مەکتەبە بێشومارانە بوون کە لەناو یەکێتیی نیشتمانیدا هەبوون، دیارترین کەسایەتییەکانی ناو ئەم گرووپە لە ئاستی باڵادا بریتی بوون لە: (عوسمانی حاجی مەحمود، مستەفای سەید قـادر، عومەری سەید عەلی، جەلال جەوهەر...هتد)، دواتر ئەم گرووپە بە باڵی ریفۆرم ناسرا، لەسەر وەختی راگەیاندنی لیستی گۆڕاندا جیابوونەوەی خۆیان راگـەیـانـدو بـوون بە بەشێک لە بزووتنەوەی گۆڕان، هەروەها بە بەیاننامەیەک هەلوەشاندنەوەی باڵی ریفۆرمیان راگەیاند، ئێستا باڵی ریفۆرم ئەگەرچی وەک ناو نەماون، بەڵام تێکڕا یەکێک لە جومگەکانی بزووتنەوەی گۆڕان پێکدەهێنن.

بزووتنەوەی گۆڕان، ئومێدو نائومێدیی

بزووتنەوەی گۆڕان لە سروشتدا بەرهەمی یەکگرتنەوەی کۆمەڵێک جومگەیە لەیەک خاڵدا، ئەو خاڵەش رازینەبوونە بەو دۆخە ژیانییەی کە کوردستان پێوەی گرفتارە، میدیای ئازاد، رۆشنبیرانی سەربەخۆ، باڵی ریفۆرم کە لە خەڵکانێکی نارازیی ناو یەکێتیی نیشتمانیی پێکهاتووە، یەکەمو دووەم رووی رەخنەو نارەزایەتیان بە پلەی یەکەم رووی لە سیستمی حوکمە، بەڵام ئاراستە ریفۆرمەکە کێشەیان لەگەڵ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە، خەڵکی سلێمانیو دەوروبەری ئۆمێدی گەورەی خۆیان بەم بزووتنەوەیە داوە - تا کاتی ئەم نووسینە- باشترین بەڵگەش ئەو ئەنجامانە بوو، کە لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بۆ پەرلەمانی کوردستانو ٢٠١٠/٣/٧ بۆ پەرلەمانی عێراق بە دەستی هێنا، ئەم ئەنجامانە لە وەها کاتێکدا بوون ئینتیمابوون بۆ بزووتنەوەی گۆڕان جۆرێک بوو لە ریسککردن، یان بە ژیانی خۆتەوە، یان بە پـاروویی ماڵو منداڵتەوە، یەکێتیی نیشتمانیی سیاسەتی نانبڕینی پێشمەرگەو پۆلیسو ئاسایشی دەبڕی، ئەگەر بێت بۆنی گۆڕانی لێبکردنایە، مامۆستاو فەرمانبەرانی فەرمانگەخزمەتگوزارییەکانیشی نەقڵ دەکـردو پۆستی لێ دەسەندنەوە، ئا لەو کاتانەدا نائومێدیی خەڵکی کوردستان لە ئەزموونی پارتیو یەکێتی گەشتبووە لووتکە، هەڵسووڕاوەکانی گـۆڕان، بیرم کەوتەوە، هەروەک نووسەری ئەمریکی (تی فۆر گات) لەبارەی رۆڵی هونەرمەندانو رۆشنبیرانەوە دەڵێت: (هەمیشە کەناری ناو کانە خەڵوزن) کرێکارانی ناو کانە خەڵوز بەرلەوەی دەست بکەن بەکار کەنارییەکیان بەرەڵای ناو کانەکە کـردووە، ئەگەر کەنارییەکە نەگەڕایەتەوە، ئەوا ئیشیان نەدەکرد، چونکە کانەکە غازی هەبووە، بەپێچەوانەشەوە ئیشیان کردووە. هەڵسووڕاوەکانی گۆڕان کەناری ناو کانە خەڵووزەکانی پارتیو یەکێتی بوون، ئێستا کە ساڵێک زیاتر بەسەر ئەزموونی پەرلەمانی فراکسیۆنی گۆڕاندا تێدەپەڕێت، ئەو فراکسیۆنە هەندێک نەریتی نوێی هێنایە ناو پەرلەمانی کوردستانەوە، ئاشکراکردنی بودجەو پرۆژە چەندجار بۆ خەرجکراوەکان، بایکۆتکردنی دانیشتنەکان لە کاتی پێویستدا، تەپڵ لێدان لەکاتی پێشێلکردنی مافی قسەکردنیاندا، خەڵکی کوردستان کە دەنگیان بە لیستی گۆڕانداوە ئۆمێدی گەورەتریان بە فراکسیۆنی گۆڕان هەیە، بەڵام ئەم فراکسیۆنە بەشێکە لە بیرکردنەوەو ئیرادەی سیاسییو تێڕوانینی بزووتنەوەی گۆڕان، بزووتنەوەی گۆڕانیش خەریکی خۆرێکخستنو ئامادەسازییە بۆ بەستنی کۆنگرەو راگەیاندنی حیزب، خەڵکی کوردستانیش لە زۆربوونی حیزبو ئەزموونی حیزبایەتی مـانـدووە، بەحیزبکردنی ئەم بزووتنەویە بڕێک دەچێتە گیرفانی یەکێتیو پارتییەوە، ئەمە ئەگەر بێتو گۆڕان مۆدیلێکی تری حیزبایەتیکردنی پێنەبێت، جیاواز لە مۆدیلە ستالینییەکە، کە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیو جومگە سەرەکییەکانی تری ژیانی حیزبییو کۆمەڵایەتی دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، ئەمەش تەنیا بە بونیادنانی چەمک گەلێکی وەک: (هاوڵاتیبوون، جیاوازیی، ئایندەخوازیی) دەکرێت.

چەمکی هاوڵاتی، تێپەڕکردنی هاوخێڵیو هاوحیزبییو هاوناوچەییە، کە پارتیو یەکێتی کاریان لەسەر کردووە، بزووتنەوەی گۆڕان ئەو چەمکە کە رۆشنبیرانی سەربەخۆو میدیای ئازاد لە ساڵانی رابردوودا هێنایانە ئاراوە، کار بکات بۆ ئەوەی لەناو ئەو پرۆژەیاسایانەدا بچەسپێنرێت، کە خۆی دەیانخاتە روو.

چەمکی جیاوازیی، خاڵی دووەمی کارکردنی بزووتنەوەی گۆڕان بێت، بۆ ئەوەی جیاوازیی ببێت بە نەریتی کۆمەڵایەتیو سیاسیی، ئەم چەمکەو چەمکی یەکەم بخرێنە میتۆدی خوێندنی قۆناغەکانی ئامادەییو زانکۆکانەوە، ئەمەش بۆ تێپەڕکردنو دووبارە نەبوونەوەی هەموو ئەو بەریەککەوتنو توندوتیژییانەی لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بە دواوە تائێستا کوردستان پێوەی دەناڵێنێت.

چەمکی ئایندەخوازیی، خاڵی سێیەمی کارکردنی بزووتنەوەی گۆڕان بریتی بێت لە ئایندەخوازیی، چونکە مرۆڤی کورد بە سروشت رابردووخوازە، نوستالیژییە، نە لە ئێستادا دەژیو نە بیر لە ئایندەش دەکاتەوە.

لە رێگەی کارکردنەوە بۆ ئەم سێ چەمکە، بـزووتـنـەوەی گـۆڕان دیدگاو فەلسەفەی سیاسییو کۆمەڵایەتی خۆی دابڕێژێت، چونکە لە هەر هەنگاو هەڵنانەوەیەکدا، پێویستە مرۆڤ لەبەرچاو بگیرێت، هەموو شتێک دەبێت بۆ مرۆڤـو لە پێناوی مرۆڤدا بێت، ئەمەش بە هێزێک دەکرێت لە رووی فیکرو فەلسەفەوە خۆی دامەزراوبێت، لە رێگەی دروستکردنو بونیادنانەوەی مرۆڤێکی تەندروستو دەروون ساغەوە، گـۆڕان لە کۆمەڵگەدا دەکرێت، نەبوونی فەلسەفەو دیدێک بۆ مرۆڤ قەیرانی قووڵی کۆمەڵگەی کوردی بووە، لە باشووری کوردستاندا هیچ حیزبو هێزێکی کوردی نییە تێڕوانینی بۆ مرۆڤـو کێشەکانی لەگەڵ سیستمی سیاسییو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگییو ئابووریدا هەبووبێت، ئەوەتانێ پاش ئەو هەموو ساڵە لە خۆ بەرێوەبردن تەرزێک لە مرۆڤ بەرهەم نەهاتووە، بتوانین بڵێین ئەم جۆرە لە مرۆڤی کـوردی بەرهەمی ئەو سیستمی پەروەردەیە.

بزووتنەوەی گۆڕان خۆ ئەگەر کار بۆ ئەم چەمکانە نەکات، ئەوا بڕێکی زۆر نائومێدیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

Husen_sahand@yahoo.com

له «سەردەشت عوسمان»دا هەموو گرێكوێرەكان!

د. هەژار مەعروف

بـــڵاوكـــردنــــەوەی لـیـژنـــەی لێكۆڵینەوەی تیرۆری سەردەشت عـوسـمـان، كـە گـوایـە (ئەنسار ئیسلام) ئـەوی كوشتووە، وەك درۆیەكی شاخدار كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانی خورپاندو توڕەكرد، **(سكت دهرا، فنطق كفرا)**، ئەمە لە كاتێكدایە نەك هەر رۆژنامەكانی (هاوڵاتی، ئاوێنە، رۆژنامە، گۆڤاری لڤین) لەلایەن پارتی‌و پارتییەكان‌و نزیكپارتییەكان سكاڵای یاساییان لـێـكـراوەو داوای مـلـیـاردەهـا دیناریان لێدەكرێت، بەڵكو سكاڵا لە رۆشنبیران‌و نووسەرانێكی پڕ بەرهەمی هەمیشە نیشتمانپەروەرو سەربەخۆو بێلایەنی واش كراوە، كە بە درێژایی ژیانیان جێی رێزو متمانەی خەڵك بوون‌و هەرگیز بۆ ساتێك هاوكاریی هیچ داگیركەرێكی كوردستانیان نەكردووە! خراپترین جـۆری سانسۆرو بنچاوكردن ئەوەیە، مرۆڤ كاتێك دەیەوێت شتێك بڵاوبكاتەوە كە بەدڵی دەسەڵات نییە، ترس‌و قەلەقی ئەوەی هەبێت دەسەڵات تۆڵەی لێبكاتەوە، تۆڵەكان جۆراوجۆرن: لە كوشتنەوە بیگرە تا ناوزڕاندن. ئامانجی سكاڵاكان ئەوەیە هەموو دەنگە بوێرە جیاوازو موعاریزەكانی كوردستان بە ترس‌و تۆقاندن‌و بە خۆسانسۆركردن كپ بكرێن. سەردەشت عوسمان، لەسەر دەربڕینی بیروباوەڕ بە رۆژی نیوەڕۆ بە بەرچاو پاسەوانانی سەر بە وەزارەتـی ناوخۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ناو (حەرەمی جامعی) لە هەولێر دەفرێنرێ‌و لە جێیەكی تر دەكوژرێت، سەردەشت عوسمان، سۆرانی مامە حەمەو شێخ ستارو....مان دێنێتەوە یاد، خەڵك‌و كەسوكاری قوربانییەكان جگە لەوەی تینووی دۆزینەوەو سزادانی بكەرەكان‌و فەرمان پێدەرەكانیانن، زۆر زۆر نیگەرانن لـەوەی كە ئەگەر نـەدۆزرێـنـەوە زنجیرەی كوشتنی سیاسیی درێژەی دەبێت‌و باری ئاسایشی هەرێم تێكدەچێت‌و هـەڵـۆ گۆشتخۆرەكانی ئەودیو سنوورەكانمان بەردەبنە جەستەو گیانی هەلاهەلامان! بنج‌و بنەوانی كێشەكان لەناو خودی دەسەڵاتی كوردیدایە، كە دوای (١٨) ساڵ نەیتوانیوە كۆمەڵانی بەرین‌و فراوانی خەڵكی كوردستان بە نـاوەڕۆك‌و شێوەی ئیدارەكەی ئـارام‌و رازی بكات، شەڕی تاوانی براكوژیی‌و برینە قـوولـەكـانـی، ناعەدالەتی ئابووریی‌و بێبەشكردنی خەڵكی كوردستان لە نەوتەكەی، ژمارەی ملیۆنەرەكانی كەسانی ناو و نزیك لە دەسەڵاتی كوردی زیاد دەكات‌و بەهۆی ئەمەشەوە سوپای نەداران‌و بەشخوراوان‌و ناڕازییان زیاتر دەكات. بەردەوام‌و بە پلان تەسك‌و تەنگكردنەوەی رووبـەرەكـانـی دیموكراسیی پەرلەمانی‌و دەرەوەی پەرلەمان‌و میدیای ئازاد، لەلایەكەوە بە ترساندن‌و گـەف‌و هەڕەشەو سكاڵای یاسایی، لە لاكەی تریشەوە بـە پـــارەو دەم چـــەوركـــردن‌و دەنــگ كپكردنی رۆشنبیران‌و هونەرمەندان‌و پسپۆڕانی بوارە جیاكانی زانین‌و زانست، شێوەی حوكمی خێڵەكی‌و موخابەراتی كە دەیـەوێـت هەموو دەسەڵاتەكان لە دەستی چەند كەسێكی كەمدا چڕبكاتەوەو بە كەسانێك پیادەی بكات‌و دابەزێنێتە ناو خەڵك، كە وەك رۆبۆتێكی بێ گیان‌و قورمیشكراو هەر ئەوە دەكەن، كە پێیاندەوترێت، بە كوشتنی مرۆڤیشەوە. وێرانیی دێهاتی كوردستان‌و كەموكوڕییە بنچینەییەكانی پرۆژەكانی ئاوەدانی كوردستان،...هتد. ئەم گرێكوێرانەن هۆی سكاڵاو دادو بێدادییەكانی ئیمرۆی خەڵكی كوردستان، ئـۆپـۆزسـیـۆن‌و كـەسـانـی وەك سەردەشت عوسمانی ناو میدیای ئـازاد كـاری لەسەر دەكـەن، بۆ كـردنـەوەی گرێكوێرەی كەیسی سەردەشت عوسمان، من پێشنیاز بۆ پارتی دەكەم:

١. (كـەریـم سـنـجـاری) وەك سزا لە وەزیریی بخات، كە لەژێر سایەی وەزارەتـەكـەی ئـەودا ئەو تاوانە روویداوەو تائێستا بكوژەكە نەدۆزراوەتەوە.

٢. بژاردنی مادیی‌و مەعنەویی بنەماڵەی سەردەشت، بۆ نموونە دانانی پەیكەرێكی سەردەشت، وەك شەهیدی وشە لەو جێیەی لە زانكۆ فرێندرا.

٣. قبوولكردنی لیژنەیەكی كوردی-نێونەتەوەیی بۆ دۆزینەوەی بكوژەكانی سەردەشت عوسمان، من دڵنیام گرێكوێرە درێژخایەنەكانی تری دەسەڵاتی كوردی، كورد خۆی بە دەسەڵات‌و بە ئۆپۆزسیۆن پێكەوە دەتوانن چارەی بۆ بدۆزنەوە، مەگەر حكومەتی هەرێمی كوردستان بەری رەنجی خەباتی هەموومان نییە؟ هی هەموومان نییە؟ بە شمشێری دەســەڵات گرێكوێرە لە گوریسی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات‌و خەڵك ناكرێتەوە، بەڵكو گوریسەكەش دەبچرێت‌و گرێكەش دەبێت بە سەد گرێی تر، بۆ دەســەڵاتـداران ئەو پەندەی (كۆنفیشۆس)ی فەیلەسوفی چینی دەهێنمەوە، كە دەڵێت: «رێگە ئامانجە»، ئاخر بە رێگەو ئسلوبی موخابەراتیی نهێنكاریی نامرۆڤانەو بێرەوشتانەو غـەدرو زوڵـم چۆن دەتوانیت بگەیتە ئامانج‌و ئایدیالە بڵندو نـاوازەو رنـدەكـان، كە بۆ ئێمەی كورد رزگاریمانە لە دەست داگیركەران‌و ئازادیی تاك بە تاكی مرۆڤەكانمان لە هەموو كۆت‌و زنجیرێك؟

حەمەجەزا، ماڵئاوایی كرد، بەڵام...

فەرەیدون حەمەڕەشید

وا بڕیاربوو، ئەم سێشەممەیە (١٠/٥)، وتارێك لەسەر راگەیاندنی كەمپەینی پشتگیریی لە ئازادیی رادەربڕین لە رۆژنامەی رۆژنامە بـنـووسـم كـە كـۆمـپـانـیـای وشـە رێـكـیـخـسـتـووە، بــەڵام مـەرگـی هــونــەرمــەنــد، كــاك حــەمــەجــەزا ئەوهەستەی لای دروستكردم كە وەك وەفایەك بۆ كەسێك كە ئەمرۆ لەژیاندا نەماوەو هیچی بەدەست نییە، تا بچێتە خانەی پیاهەڵدان، تایبەت بكەم بە مەرگی ئەو.

حــەمــەجــەزا، جگە لــەوەی كە لەساڵانی شاخدا بلندگۆیەكی گەورە بوو لە ورەبەخشی بۆ بەرەی گەل، بەڵام لەدوێنێداو لەناو شارەكان‌و بندەستی بەعسیشدا، ئـەو دەنگە بوو كە توانی نەوەیەك پێبگەیەنێت كە ئەگەر نەیانتوانیبێت لەبەرامبەر داگیركاریی‌و سەركوتكردندا بگەن بە خەباتی چەكداریی‌و زەمینەسازیی تێكەڵاوبوونیان بەدنیای سیاسەت بۆ نەخولقابێت، ئەوا لەناخ‌و دڵیاندا تۆوی ئازادیی‌و سەربەستی چێنرا. لەسەردەمانێكدا تا ئەمرۆش هونەری شۆڕشگێڕیی‌و بـەرەنـگـاریـی بۆ نەتەوەیەك كە لە تێكۆشانی ئازادیی‌و رەتكردنەوەی زۆرداریی‌و داگیركاریدا بـێـت، زەروورەتـــی خـۆی هەیەو دەتوانێت ببێتە ناوەندێكی پێگەیاندن بۆ گیانی بەرەنگاریی‌و بیری ئازادیی، بەو مانایەی كە هونەری رەسەن هەڵقوڵاوی ناخ‌و مەینەتییەكانی گەلە، لـەم خوێندنەوەیەوە بۆ هونەری شۆڕشگێڕیی، كـاك حەمەجەزا، ئەستێرەیەكی پڕشنگداری ئەو ئاسمانەیە.

سەردەمانێك لەژێر دڕندەیی‌و سەركوتی بەعسییەكاندا، ماڵێك نـەبـوو لـە كـوردسـتـان كاسێتێك (شریتێك) لەگۆرانییەكانی هونەرمەند حەمەجەزای لەناو باوەڵو ژێرنوێن‌و بێشكەی منداڵدا نەشاردبێتەوە، بەسركە سرك‌و چرپەوە بە سروودو گۆرانییەكانی ئـەم هونەرمەندە فرمێسكیان بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی نەڕشتبێت، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت كـە ئـەو گـۆرانـی‌و سـروودانـەی حەمەجەزا وتوونی، یەكسان بوون بەمەینەتی‌و خەمەكانی خەڵكی كوردستان.

حەمەجەزا، وەك ئەوەی كە كوڕی حاجی عەلی بـەگ بـوو، دەیتوانی بازرگانیی هەڵبژاردایەو ببوایەتە بازرگانێكی دیار، یان بە یەكێك لە بازرگانە چاوچنۆكەكانی ئەمرۆ، بەڵام بێگومان وەك ئەمرۆ هەموو خەڵك ئاشنا نەدەبوو بە ناو و هونەرەكەی‌و وەك كوڕی گەل نەدەناسێنرا.

ئەم هونەرمەندە، دەیتوانی لە رۆژانی شەڕی ناوخۆدا هونەرەكەی ناشیرین‌و قێزەون بكردایە بەوەی بە سروودو گۆرانییەكانی لایەنگیریی خۆی بۆ لایەنێكی شەڕ دەرببڕیایە، بەڵام توانیی خۆی لەبەردەم ئەزموونی شەڕی ناوخۆو رزگاربكات‌و وەك هـونـەری میللەتەكەی بەسەنگ‌و قورسایی خۆی بمێنێتەوە.

ئەگەر ئەمرۆ جەماوەری خەڵكی كوردستان، بەتاسەوە گوێ لە سروودو گۆرانییەكانی ئـەو هونەرمەندە نەگرن، یان وەك رۆژانێكی رابردوو بەعەشقەوە گوێ لە تێكرای سروودی نیشتمانی‌و ئـازادیـی‌و یەكسانی نەگرن، ئەوە دەسەڵاتی ئەم هەرێمەو سەركردەكانی لێی بەرپرسیارن كە ئەم دەسەڵاتە هەموو جوانی‌و خەیاڵەكانی خەڵكی كوردستانیان لەناو تابووتی حیزبدا مراندووەو تەنیا ئازادییەكان لەپێداهەڵدانی حیزب‌و سەركردەو جەنابی سەرۆكدا دەخولێنەوە، تاسەو ئەسپی خەیاڵەكانی ناو سـروودو گۆرانییەكانی ئەم هونەرمەندە كە لە رابـردوودا پێی گۆش دەكراین‌و ئایندەیەكی گەشترو كوردستانێكی باشترو ئاوەدانتر لە ئەمرۆمان پێ دەبینی، لای خەڵكی وڵاتەكە بووەتە درۆی گەورە، چونكە ئەوە دەسەڵاتی سیاسیی‌و كوڕەكانی ناوشۆڕش بوون، بەڵێن‌و پەیڕەوی ناو حیزب‌و شۆڕشیان بۆ خەڵكی كوردستان نەبردەسەرو كردیانە ئامرازێك بۆ قۆرغكردنی دەسەڵات‌و خزمەتكردنی خۆیان، بۆیە دەڵێین، كاك حەمەجەزا، تۆ شیعرو هەڵبەستە جوانەكانی هێمن‌و شێركۆ بێكەس‌و مەحمود دەروێـش‌و..هـتـد، بە سەلیقەیەكی باش هەڵبژاردو پڕ لە حەماس‌و جۆش بۆت دەگوتین، بەڵام ئەوە پیاوەگەورەكان بوون كە راستیان لەگەڵ نەكردین‌و شۆڕش‌و ئازادییان كردە میراتی خۆیان‌و بنەماڵەكانیان.

دەكرێت حەمەجەزا بكرێتە ئەلگۆو نموونەیەك بۆ هونەرمەندانی ئەمرۆ كە هـونـەرو دەنـگ‌و كارەكانیان نەكەنە ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی حـەزە شەخسییەكانیان، چونكە ئەگەر هونەر بـووە پیاهەڵدان‌و هـۆنـیـنـەوە بـە بـــاڵای حـیـزب‌و سەركردەو كاراكتەرە زیندووەكانی ناو كایەكانی سیاسەت‌و دەسەڵات، ئیدی هـونـەر دەبێتە كـاڵایـەك‌و لـێـرەشـەوە ئیستاتیكاو دەورو نەخشی هونەری گـەل دەبێتەوە بە بەشێك لە هونەری فرۆشراو وەك ئـەوەی لـەژێـر دەسـەڵاتـی بەعسییەكان بینیمان كە زۆرێـك لەوانەی گۆرانی‌و سروودی بەناو نیشتمانییان بۆ بەعس‌و بۆ قادسیەی سەدام دەوت، چ عەرەب بووبن، یان كورد، تا ئەمرۆ لەبەرامبەر بەرەی گەلدا ئێسكگران‌و قێزەونن، خوی هونەرفرۆشەكانیش، بۆ هەتاهەتایە لەناو عەزابی ویژداندان.

حـــەمـــەجـــەزا، بـــۆ هەمیشەیی چاوەكانی لێكنا، بـەڵام سـروودو گـۆرانـیـیـەكـانـی لـەمـلـمـلانـێـی بەدەستهێنانی داری ئازادیدان، جا ئەو ئازادییە دەسەڵاتێكی داگیركارو كۆلۆنیالكراوی دەرەكـی زەوتـی كردبێت، یان دەسەڵاتێكی ناوخۆیی‌و كوردی بێت كە ئەمرۆ كار لەسەر ئەوە بكات، ئازادییەكان سنوورداربكات‌و دەستكەوتە پڕلەقوربانییەكان لە خەڵك بسەنێتەوە.

خەڵكی كوردستان، ناكرێت بەقەد پەیامی ناو سروودو گورانییەكانی حەمەجەزا، لە بەرامبەر دەسەڵاتی خۆماڵیدا لەسەر ئازدایی سازش بكەن، لەكاتێكدا لەگەڵ رەشترین دەسەڵاتی ناوچەكەو جیهان كە بەعسییەكان بوو، سازشی نەكرد.

Faraidun_73@hotmail.com

لە پەرلەمانەوە

كاردۆ محەمەد

سەرۆكایەتی پەرلەمان‌و مامەڵەیەكی نەخوازراو

ئۆپۆزسیۆن لەناو هۆڵی پەرلەمان نـاوە نـاوە، رووبــەڕووی كێشەو تەنگژە دەبێتەوە، لەبەرئەوەی تێگەیشتنی ناڕاست لە بەشداریی ئۆپۆزسیۆن لە سیستمی سیاسیی وڵاتدا هەیە، وەك بەشێك لە سیستمی سیاسیی وڵات سەیر ناكرێت، بەڵكو بە چاوی نامۆو میوان مامەڵەی لەگەڵدەكرێت، ئۆپۆزسیۆنیی‌و چاودێریی لە بەرامبەر حكومەتدا ناكاتە رەتكردنەوەی كۆی سیستمە سیاسییەكە، بۆیە لێرەدا خاڵی هاوبەش‌و ئامانجی ناوكۆیی بوونی دەبێت، لە دامەزراوەیەكی وەك پەرلەماندا ئەم روانینە نەگەتیڤە زۆر زەقە، چونكە مامەڵەی سەرۆكایەتی پەرلەمان لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا مامەڵەیەكی توندو نەخوازراوە، كە هۆكاری سستكردنی دامەزراوەیەكی بنەڕەتی دەسەڵاتی سیاسیی‌و یاساییە. ئەگەر ئامانج كاركردنێكی رێكوپێك‌و كاراو هاوچەرخە، دەبێت شێوازی بەڕێوەبردن دوور لە جیاكاریی‌و ویستی سیاسیی بێت، پەرلەمان لە ئێستادا خاوەنی پەیڕەوێكە، دوای چەندین هەمواركردن، كە پێش چەندین ساڵ دەرچـــووە، لەگەڵ گۆڕانكارییە سیاسییەكانی هەرێم‌و دۆخی هەنووكەدا ناتەبایە، بە هیچ شێوەیەكیش ماف بە كەمینە نادات بەشدارییەكی سەنگین لە پرۆسەكانی بڕیاردا بكات، مافێكی زۆری داوە بە سەرۆكایەتی بۆ بەڕێوەبردنی دانیشتنەكان خستنە رووی بەرنامەی كار، لە هەمانكاتدا رۆڵی فراكسیۆنەكانی دیاری نەكردووە. كاتێكیش بەشێكی كاریگەر دەیەوێت بەشداریی بكات‌و لە بەرامبەر بڕیارەكانی زۆرینە، بە خستنە رووی پێشنیازەكانی، رووبەڕووی مامەڵەیەكی توندی سیاسیی دەبێتەوەو زۆرینە دەیەوێت بەرنامەكانی خۆی لەسەر حسابی كەمینە بچەسپێنێت، هەر لە سەرەتاوە زۆرینەی فراكسیۆنەكان لە پێویستی خستنە بەرنامەی پەیڕەوی ناوەخۆو گۆڕینی، نەك هەر لارییان نەبووە، بەڵكو هەوڵێكی زۆریان داوە، بۆ ئەم مەبەستەش پرۆژەیاسای پەیڕەوی ناوخۆیان پێشكەشی سەرۆكایەتی كردووە. سەرۆكایەتیش بۆ چارەسەركردنی گرفتەكە، كە پەیڕەوەكەیە، بەبێ ئەوەی هیچ تەگەرەیەكی دیار هەبێت نایخاتە بەرنامەوە، بۆ ئاماژەدان بەو راستییە هەر پێشنیارو یاداشتێك پەرلەمانتاران بەرزیان كردبێتەوە، سەرۆكایەتی بە نووسراوێكی فەرمیی وەڵامی حازر بەدەستی داونەتەوە، دوایەمین یاداشتی فراكسیۆنەكانی ئۆپۆزسیۆن پرسی راگەیاندن بوو، كە بە هەمان شێوە وەڵام درایەوە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەبێت دانیشتنەكان ئاشكرابن‌و خەڵكی كوردستان ئاگاداری نوێنەرەكانیان بن لە پەرلەمان باسی چی دەكەن، لەم خولەی پەرلەماندا دوای گەرموگوڕبوونی هۆڵی پەرلەمان لە بەدواداچوون‌و ئاشكراگۆیی‌و روونكاریدا راگەیاندن قەدەغەكراو دانیشتنەكان پەخش ناكرێن، رۆژێك بە بیانووی شوێنەكە بچووكە، رۆژێكی تر رێگە نادەین كەناڵەكانی حیزب بێنە ژوورەوە، جارێكی تر خۆتان پەخشی بكەن، لە بەرامبەردا پەرلەمانتاران مافی خۆیانە داوا لە سەرۆكایەتی بكەن، كە ئەم پرسە پێویستی بە گفتوگۆیەكی كراوەی زیاترە بۆ چارەسەرێكی بنەڕەتی، (نوقتە نیزام) وەك نەریتێك لە پیادەكردنی بە بەشێك لە پەیڕەو دادەنرێت، بۆ وەرگرتنی وەڵامی یاسایی پەرلەمانتاران ئەم نەریتە پەیڕەو دەكەن، كاتێك سەرۆكایەتی بـواری هیچ جۆرە گفتوگۆیەك ناهێڵێتەوە بەریەككەوتنێك دروست دەكات، كە دەبێتە مایەی گرژیی‌و زۆر جاران جێهێشتنی هۆڵەكانی پەرلەمان باشترین چارەسەر دەبێت.

بۆ تێپەڕاندنی ئەم تەنگژەیە كـاری هەنووكەیی پەرلەمان خستنە روو و پەسەندكردنی پەیڕەوێكی نوێیە، كە هەموو لایەك پابەندی بین‌و میزاجی كەسیی رۆڵی تیانەبینێت‌و پەرلەمانی كوردستانیش هاوشێوەی پەرلەمانەكانی دونیای پێشكەوتووی دیموكراتی ئەركی خۆی لە پێشخستنی كۆمەڵو چەسپاندنی مافەكانی تاكی كورد جێبەجێ بكات، بۆیە سەرۆكایەتی پەرلەمان لەسەریەتی بە چاوی یەكسانیی تەماشای بەشێكی كاریگەری پەرلەمان بكات‌و نەچێتە ژێر باری پێویستی سیاسیی لایەنی زۆرینە، ئەو كات خاوەنی پەرلەمانێكی كـاراو دامـەزراوەیـەكـی سەركەوتوو دەبین، ئەگەر سەرۆكایەتی بەم شێوازە مامەڵە بكات‌و خەمساردانە بڕوانێتە گرفتەكان‌و چارەسەری بنەڕەتی نەكات، دەبێت چاوەڕێی دووبارەبوونەوەی بەردەوامی گرژییەكان بین لەناو هۆڵی پەرلەماندا، كە نە لەگەڵ رەوتی دیموكراسی دێتەوە، نە ئەزموونە سیاسییەكەشمان قازانجی لێدەكات.

خاوەنی ئیمتیاز: كۆمپانیای وشە
سەرنووسەر: ئازاد چالاك
بەڕێوەبەری نووسین
سیروان رەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
لێپرساوی هونەری
شـــاخـەوان ئەنوەر ٠٧٧٠١٣٦١٨٢٦ shakhawan.shdn@gmail.com
كارگێڕی‌و ریكلام‌و ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com
دابەشكردن:
كۆمپانیای پەیپەر
٠٧٥٠٤٤٨٣٦٣١
٠٧٧٠٨٦٤٩٢١٠
ئۆفیسی سەرەكیی:
سلێمانی - زەرگەتە - گردی زەرگەتە - كۆمپانیای وشە
ئۆفیسی هەولێر:
گەڕەكی زانكۆ - چوارڕێیانی حەمرین - تەنیشت بەڕێوەبەرێتی ژینگە
٠٧٥٠١١٧٧٥٢٤

نەبەز گۆران دەینووسێت
قەڵەمی ژەنەرالێک

زەنگەکان لێدەدەن

هەر حیزبێکی سیاسیی، پەلاماری ئازادیی ئەوانی تری داو هێزەکانی تری ناو ئەو گۆڕەپانە، بێدەنگبوون لەو پەلاماردانە، ئەو هێزانەش بەشێکن لە پەلاماردانەکە. مەترسیی لەسەر ئازادییەکان چووەتە ناو هەموو ماڵەکانەوە، مەترسیی بێدەنگبوونی هێزە سیاسییەکانیش دەرهەق بەو پەلاماردانە، فەزای هەڕەشەکانی زیاترکردووەو دەبینین کە هیچکام لە حیزبە سیاسییەکان، جگە لە ئۆپۆزسیۆن، یان باشتر بڵێین، لیستی گۆڕان، خۆی ناکاتە خاوەنی ئازادییەکانی ئینسانی ئەم وڵاتەو حیزبەکانی دی وەک عادەتی هەمیشەییان، تا پەلامارەکان روونەکەنە بارەگاکانو ئەندامەکانی خۆیان، دەنگێکیان لێوە نایەت. مانای نییە، هەڕەشە لەسەر ئازادیی هەبێتو حیزبەکانی دی بێدەنگ بن لەم هەڕەشەیە، هەرچۆن مانای نییە تا شەڕەکە نەچێتە بەردەرگای ماڵەکەی خۆیان، قسەناکان، ئاواش بێموبالاتییە تەماشای ئەم فەزایە بکەن لەهەڕێمدا رووەدەدات، کە فەزایەکی ترسناکە، چونکە بوونی هەڕەشە لە ئازادیی هەرکەسێک، بوونی هەڕەشەیە لەسەر ئازادیی هەمووان، ئەگەر ئەم هەڕەشەیە چڕکرایەوە بۆ سەر میدیا، واتە کارەکە لەوە مەترسیدارترە کە بەدیاریەوە دانیشی تا کۆتاییەکەی ببینی. چاوەگەورەکەی ئازادیی، میدیایەو ئەگەر ئەم میدیایە کەوتە بەر تیری ستەمکارەوە، ئیدی خانەکانی تری ئازادیی لەبەردەم متبووندانو هەست نەکردن بەم مەترسییەو خەواندنی گوێکان لەبەردەم ئەم زەنگەدا، هەست نەکردنە بە مافی خەڵک.

نابێت ڕێککەوتنو پەیوەندییە حیزبییەکان، ببنە هۆی کوشتنی مافو ئازادییەکانی ئەوانی دی، ئەو ڕێککەوتنانەی لەنێوان هێزەسیاسییەکانی هەرێمدان، لەو جۆرە ڕێککەوتنانە دەچن، هەر هێزێک بۆی هەیە دەستدرێژیی بکاتە سەر هەموو خانەکانی ژیانی ئەوانی دیو هێزەکەی دی لەپێناوی ڕێککەوتنەکەیدا بێدەنگ بێت، ناکرێت هێزێک بێت باس لەرابردووی خۆی بکات کە سەرمەشقی دروستکردنو پاراستنی ئازادیی بووە، کەچی ئەمڕۆ خۆی بەشێک بێت لەو بێدەنگییەی کە بێدەنگبوونی مانای کوشتنی ئازادییە. شەڕکردن لەسەر ئازادیی پەیوەندیی بە مێژووەوە نییە، شەڕکردن لەسەر ئازادیی، ئیمانە، هێزێک دەتوانێت قسە لەسەر ئازادیی بکات کە لەهەر شوێنێکی ئەم هەرێمەدا هەڕەشەیەکی بینی بۆ سەر ئازادیی، دەنگی بەرزبکاتەوە، ئەو مۆدێلە حیزبییەی لەساڵەکانی چلەوە لە بلۆکی سۆڤیەتییەوە گوازرایەوە بۆ هەرێم، لەبنەڕەتدا لەو مۆدێلە حیزبییەیە کە بچووکترین خانەکانی ئازادیی تێیدا گەشە ناکەن، هێشتا مۆدێلێک دروست نەبووە کە خۆی ڕزگار بکات لە شێوە کۆنەکە، بۆیە هەمیشە ترسێک هەیە بۆخولقاندنی ستەم.

موسیبەتی گەورە، تەنیا ئەوە نییە کە حیزبی کوردیی ئـــارەزووی ستەمی بالادەستە لە ئـارەزووی ئازادیی، ترسە گەورەکە ئەوەیە، حیزبی کوردیی بەس چەمۆڵەو ددانی هەیەو گوێی نییە، بۆیە بەرلەوەی گوێ بگرێت، بیر لەوە دەکاتەوە کە نێچیرێک بدۆزێتەوە تا پەلاماری بدات، ئەم خەیالدانە کە ماهیەتی حیزبی لەسەر پەروەردە بووە، دەمانخاتە بەردەم ڕێگەیەک کە هەم سەختەو هەمیش قورس، بەرپرسیارێتیی لە ئازادییەکانی ئەوانی تر، تەنیا کاری ئۆپۆزسیۆن نییەو کاری ئەو حیزبانەی تریشە کە تارادەیەک باوەڕیان بە ئازادیی هەیە، ئەگەر ئازادییەکەش بەکاڵی دەرکەوێت لەناو خودی خۆیان. ئێمە نازانین کە پشتگیریکردنی حیزبێک بۆ ئۆپۆزسیۆن لەسەر مافو ئازادییەکانی خەڵک، چ شەرمی تێدایە؟ بۆچی ئەو حیزبە کوردییانە لەخۆیان ناپرسن، ئەم بێدەنگییەی ئەوان بەرامبەر بەو هێرشانەی دەکرێنە سە میدیاو ئازادیی بیروڕا، هیچ شەهامەتێکی تێدایە؟ گێڕانەوەی چیرۆکەکانی رابردوو کە گوایە حیزبێکی مەدەنی بوونو بەرگرییان لە ئازادیی کردووە، بۆ ئێستە چ کەلکی هەیە؟ ڕێککەوتن لەگەڵ حیزبێک کە هەموو خەونی ئەوەیە بێتە بکوژی ئازادییو رەنگەکانی تر کاڵ بکاتەوە، چ ئومێدێکی تیایە بۆ خەڵک؟ ئەگەر حیزبە کوردییەکان باوەڕیان بە دروستکەری ستەمکارێکی دی نییە، بۆ ئەو هێرشانە قبوڵ دەکەن؟ ئەگەریش لەگەڵ ئـەوەدان، ئازادیی سنووری زۆری بۆ دروست بکرێت، باشترە چیرۆکی پاڵەوانییەتی رابردوو بۆ ئێستەی ئێمە نەگێڕنەوە، چونکە هەموو ڕۆژێک زەنگی هەڕەشەکردن لە ئازادیی لێدەدات.

کە یاسا سەروەر نەبوو دەرفەتی ئازادیی رادەربڕین نامێنێت

ئاراز عەبدولڕەحمان

لەسەردەمی پاشایەتی ئیمپراتۆر (بازیل) لە سەدەکانی ناوەڕاست لە ئیتالیادا، حەفتا کەس دژی ئەو پیلانێکیان ڕێکخست، کاتێک پیلانەکەیان ئاشکرابوو بە تاوانی پیلانگێڕیی شەلاقکارییان کردنو بەرەڵایان کردن، بەڵام هەر لەسەردەمی ئەم ئیمپراتۆرەدا بە ڕێکەوت جارێکیان لەکاتی ڕاوکردندا شاخی کەڵەکێوییەک لە کەمەربەندی پاشا گیربوو، یەکێک لە پاسەوانەکان بە شمشێر کەمەربەندی پاشای هەڵبڕیو ئیمپراتۆری رزگارکرد، بەڵام ئیمپراتۆر فەرمانیدا بەتاوانی ئەوەی ئەو کەسە ڕووبەڕووی پاشا شمشێری هەڵبڕیوە، دەبێت لەسەری بدرێت.

کێ دەتوانێت بڕوا بکات کە ئەو دوو حوکمە سەیرو سەرسوڕهێنەرە هەردووکیان دەرکراونو بەو ڕادەیە نادادپەروەریی و ناهاوسەنگیی لەنێوان تاوانو سزادا بوونی هەبووە، بەمەرجێک بۆ سەردەمی چەند سەدەیەک پێش ئێستاو بۆ ئەو ڕۆژگارەی کە ئەوروپای پێدا تێپەڕی، ئاوها چیرۆکێک تارادەیەک شتێکی ئاساییە بۆ دەرکردنی ئەو فەرمانانەی کە لەلایەن پاشاکانەوە بە میزاجی شەخسی لەکاتی سەرگەرمیو خۆشنودیدا دەریانکردووە، بەڵام ئەگەربێتو لە ڕۆژگارێکی وەک ئەمڕۆو بەتایبەت لە وڵاتێکدا کە سیستمی پەرلەمانیی جێبەجێبکرێتو دروشمی دیموکراتیو ئازادیی رادەربڕین یەکێک بێت لەو دروشمانەی کە تەواوی پارتە سیاسییەکانی وڵاتی لەسەر بونیادنرابێت، کە چەندین جۆر لەو فەرمانە نوکتە ئاساییانەی تێدا دەرکرابێت، بۆیە ئەو کارەساتە دەخولقێت کە ئێستا بوونی هەیە، بەجۆرێک وێنەکان ئاوەژووکراونەتەوە کە جەللاد دەبێت بە زوڵملێکراوو زوڵملێکراو دەبێت بە جەللاد، ئەمە ئەوکاتەیە کە یاسا سەروەر نابێت، لە ڕۆژگارێک کاتێک پاشا هەموو سەروەتو سامانی دەوڵەت قۆرغ دەکات، بەڵام لەسەر دزینی کولێرەیەک سەری کابرای برسی دەپەڕێنێت، هاوشێوەی ئەو سەربوردانەیە کە ئەمڕۆ چیرۆکی ئەو کابرایەی کە لەسەر بردنی مقەلییەکی گۆشت برژاندن چەندین ساڵ زیندانیی دەکرێت، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەشدا بە بەرچاومانەوە هەفتەیەک نابینیت کە مانشێتی ڕۆژنامەکان باس لە دیارنەمانی ملیۆنەها دۆلار نەکەن، کەچی تەنیا یەک کەسیشی لەسەر دادگایی نەکرا، خۆ ئەگەر یاسایەک هەبێت، دەبێت هەمووان لە بەرامبەریدا یەکسان بن!، ئێستا نەهامەتییەکان لێرەوە دەستپێدەکات کاتێک فەرمانڕەوایان بە ویستی خۆیان یاسا لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکاردێنن و ئیتر دەرفەتێک بۆ سەروەریی یاسا نامێنێتو میللەتیش وەک ئامرازێکی ستەمکاریی لەو یاسایە دەڕوانێت.

ئەمڕۆ دەبینین دیاردەی تۆمارکردنی سکاڵا لەسەر ڕۆژنامەو تەنانەت نووسەران لەلایەن پارتییەوە لەبەرامبەر دەربڕینی ڕاکانیان بە ئازادانە، یەکێکە لە پێشهاتەکانی ئێستای گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان، تۆمارکردنی سکاڵا بەپێی یاسا بۆ کەسێک مافی خۆراوە هیچ نەنگییەکی تێدا نییە، بەڵام هەڵوەستەکردن لەم حاڵەتە لێرەدایە، کاتێک یاسایەک بەکاردێنن کە هەموو ڕێچکەکانی دەڕواتەوە سەر کپکردنی ئازادیی رادەربڕین، بۆیە پەنابردن بۆ یاسایەک ڕژێمێک دایرشتبێت کە میللەتەکەمان چەندین ساڵ لە خەباتدا بووە دژ بەو ڕژێمەی ئەو یاسایەی داناوەو لەبەرامبەر ئەمەشدا کار بەو یاسایە ناکرێت، کە لە ئەنجامی خەباتی چەندین ساڵو لە ئەنجامی لەبەر ڕۆیشتنی خوێنی ڕۆڵەکانی بەرهەم هاتووە، بۆیە ئەمە هیچ دەلالەتێکی نییە، تەنیا ئەوە نەبێت کە یاسایەکی بەسەرچوو بەکاردەهێنرێت بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رادەربڕین. بەکارهێنانی یاسا بە هەموو شێوازێک لە بەرژەوەندیی دەسەڵات بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا دیارەو نکۆڵی لێناکرێت، دیارە هەموو ئەمانە بۆ یەخسیرکردنی تاکی کوردە، چونکە دەسەڵاتدارانی ئەم هەرێمە چەندین ساڵە لەپێناو بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیاندا ڕۆڵەی میللەتێکی بەشمەینەت دەکەن بە سووتەمەنی ماشینی پاوانخوازیی دەسەڵاتیان، بەبێ ئەوەی کەسێک پێیانی وتبێت ستۆپ، ئیتر ئێرە سنووری ئێوەیەو لێرەبەدواوە سنووری میللەتێک دەستپێدەکات کە ناکرێت ببەزێنرێت، ئێستا ڕۆژنامەی لیبراڵ دەسەڵاتیانی تەنگاو کردووە بە دەرخستنی بەشێک لەو نادادپەروەرییەی کە ئەوان خولقاندوویانە، بۆیە بەهەموو شێوەیەک ویستراوە ئیرادەی ئەوانیش ببەسرێت بەوانی دیکەوە، چونکە لێرە ئـیرادەی مرۆڤێش پـاوان دەکرێتو دەبەسرێت بە ئیرادەی کەسانی دیکەوە، لە دەرئەنجامدا دەگەینە ئەو بڕوایەی کە یاسا لەم هەرێمەدا جگە لە تەڵاقو مارەبڕینو چەند کارێکی دیکەی ڕۆژانە هیچی دیکە نییە، تەنیا ئەوەنەبێت کە بکرێت بە پەرژینی پاراستنی بنەماڵەکان، بۆیە لێرەوە خەباتێکی تر لە مێژووی خەباتی کوردی دەستپێدەکات، ئەویش خەباتی ئـازادیـی رادەربـڕیـنـە، بەڵام ئەمجارە لەبەرامبەر دەسەڵاتی خۆبەخۆی کوردی.

arazdarbandi@gmail.com

بێدەنگیی هەتاکەی؟

سەیفەدین مەنمی

کـۆتو بەندکردنی بـیـروڕای ئـازادو خنکاندنی میدیا ئازادەکان، پیشەی دەسەڵاتی دیموکراسی نییە، چونکە کەناڵە ئازادەکان، نووسەرە ئازادەکان بە گشتیی بیرە ئازادەکان لە بەرژەوەندیی خواستەکانی کۆمەڵگەیە، ئەوەشی ڕووبەڕووی بیری ئازادو ڕاگەیاندنی ئازاد بێتەوە دژی خواستەکانی گەلەو دەبێتە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی ڕەها بەسەر چینو توێژەکانی کۆمەڵگەوە.

بەداخەوە، ماوەیەکە دەسەڵاتی کوردی بە حکومیی و حیزبییەوە خەریکی هەڵچنینی دیوارێکی بـەرزن لەنێوان خۆیانو میدیا ئازادەکاندا، لەپێناو شاردنەوەی گەندەڵییەکان لە سەرجەم داموودەزگاکانی حکومەتو حیزبدا، چونکە دەزانن کە دەسەڵاتی چوارەم لەهەر وڵاتێکدا دەبێتە ئامێرێکی تیشک بۆ پیشاندانی ئەو نەخۆشیانەی لە جەستەی دەسەڵاتدایە، بیری ئازادو دەنگی ئازاد رابەری پێشکەوتنی کۆمەڵگەن، هەر وڵاتو کۆمەڵگەیەکیش بیروبۆچوونی ئـازادی لـێ قەدەغە بکرێت دەبێتە کۆمەڵگەیەکی مردوو، کۆمەڵگەیەکی بـێ هەست، کۆمەڵگەیەکی کۆتو بەندکراو، لەبەرئەوە پێویستە جەماوەری کوردستان لەم شاڵاوەدا هۆشیارو چاوکراوەبن، یەک ریزو یەکگرتووبن بۆ شکاندنی ئەو تەلبەندەی کە دەسەڵات دەیەوێت ئازادیی ئەم وڵاتەی پـێ بەرتەسک بکاتەوە، بەها جوانەکانی بیرە ئازادەکان بشێوێنێت، دیموکراسیەت بگۆڕێت بە دیکتاتۆرییەتو ڕاستییەکان بە نارەوا ئاوەژوو بکاتەوە، زۆر بەداخەوە دەسەڵاتی کوردی هەڵقووڵاوی سەردەمێک بوو، کە ڕژێمی بەعس کۆیلەی کردبووین، نەتەوەی کوردی ئێمە لە سەردەمی دیکتاتۆریەتی سەدامدا لە هەموو نەتەوەکانی دیکەی ئەم جیهانە بەشی شێری لە زووڵـمو ستەمو چەوساندنەوە بەرکەوتبوو، دەبوایە ئێستا لەهەر نەتەوەیەکی دیکە زیاتر تینووی ئازادییو بیروبۆچوونی ئازادو ڕای سەربەست بوایە، کەچی ئێستا یەک بەدوو ستەممان بۆ دەپێونو دەرگاو پەنجەرە ئازادەکانمان لـێ دادەخەن، ئەمە کام دیموکراسییەتی سەردەمەو کام پیادەکردنی مافەکانی مرۆڤە؟ هەوڵو ماندووبوونی خەڵکی ستەمدیدەی کوردستانو بەخشینی هەزاران شەهیدو هەزاران کەمئەندامو هەزاران زیندانی سیاسیی ئاوها قەرەبوو دەکرێنەوە؟ هەتاکەی ئێمە مێگەڵو ئەوان شوان بن بە خواستی قەفی گۆچانەکانیان هەڵمانسووڕێنن؟ کەمپەینی داکۆکیکردن لە ئازادییو بیری ئازاد تاکە ڕێگەی بەرهەڵستیکردنی ئەم دەسەڵاتەیە، کە دەیەوێت زمانمان قفڵ بکاتو پێنووسەکانمان بشکێنێتو ڕا سەربەستەکانمان سڕبکات.

بۆیە دەبێت هەموو پێکەوە بەرەنگاری ئەم پەتایە ببینەوەو نەهێڵین ژەمە خۆراکەکانی ئازادیمان ژەهراویی بکەنو بە ئـازارەوە بمانکوژن.

لە بێدەنگیی ئێمە دەسەڵات هەموو کارێکی ئەنجام داوە، لە خەمساردیی ئێمە حیزبو حکومەت تەراتێن بەم کۆمەڵگەیە دەکەنو سەروەتو سامانی میللەت بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکاردێنن، کەواتە بـێدەنگییو خەمساردیی ڕۆژنامەنووسانو نووسەرانو بیرە ئازادەکان هەتاکەی؟

بێدەنگیی ئێمەیە دیکتاتۆرییەت چووەتە پۆپەی دەسەڵاتو دیموکراسییەتیش بووەتە تابووتێکی بزمار لێدراو، ئەگەر لەمڕۆ بەدواوە ئێمە هەموو یەکدەنگو یەکڕەنگ بین، ئەگەر بە ئیرادەیەکی پۆڵاییەوە یەک ڕاو یەک هەڵوێست بین، نە دەتوانن کۆتو بەندمان بکەنو نە دەوێـرن وشەکانمان، بۆچوونەکانمان، ڕا سەربەستەکانمان کاڵ بکەنەوە.

ئەوانەی کە دەکرێتو دەیکەن هەمووی بـێدەنگیی شەقامی کوردییە، پێویستە جەماوەر هەیبەتێک بۆخۆی بگێڕێتەوە، کە دەسـەڵاتو حیزبەکانی دەسـەڵات لێـی داماڵیون، بـێدەنگیی شەقامی کوردی لە ئاستی بەرتەسککردنەوەی ئازادییو رادەربڕین، واتە قایلبوون بە ئەمری واقیع، چاو داخستنە لە زوڵـمو زۆرەکـان، لە سنوور بەزاندنەکان، لە مافە خـوراوەکـان، لە کوشتنی قەڵەمە ئازادەکان، واتە شەرعیەتدانە بەم بارودۆخەی کە ڕووبـەڕووی میللەتەکەمان بووەتەوە، ئەگەر لە بەرامبەر پەلامارەکاندا هەڵوێست وەرنەگرینو ئەگەر ڕێگەی مەدەنییانەو خۆپیشاندانی یاسایی نەگرینەبەر، ئەگەر بەر دەرگا بە سەرۆکایەتی هەرێمو سەرۆکایەتی حکومەتو سەرۆکایەتی پەرلەمان نەگرینو داوای مافە زەوتکراوەکانو ئازادیی خۆمان نەکەینو بەرگریی لە بەهاکانی ئازادیمان نەکەین، ئەوە دەبێت بۆ هەمیشە ئەوان شوانو ئێمەش مێگەلەکەی چەندین ساڵەی ڕابردوو بینو بە ئەمری گۆچانەکە مل بنێین بۆ هەر شوێنـێک بیانەوێت.

مالئاواییەکەی سام ئاغا شەش واتاو یەک ئەنجام

کامیل ژیر

بـەدوای نامەی مالئاواییەکەی بەرێز جەلالی سام ئاغادا، ژمارەیەک وتارو نامەو ئیمیلم بەرچاو کەوت، کە تێکڕا گەشبینو یەکڕابوون لەسەر ئەوەی هیشتا لە هەرێمەکەماندا کەسیکی پاک ماوە! ئای کە سەیرە! هێشتا کەسێکی پاک ماوە ! تۆ بڵێی ڕاستبێ !؟

لە ڕۆژگارو ڕۆژگارستانێکدا سەیر ئەوەبوو کەسێکی ناپاک هەڵکەوێ ! ناپلیۆن چەند ساڵێک ئابلووقەی وڵاتێکیدا، دوایی پاشەکشەی کرد. پرسییان بۆ؟ وتی: چونکە زۆر هەوڵمدا ناپاکێکیان لەناودا بدۆزمەوە، دەستمنەکەوت، ئیستا لای ئێمە جێگەی سەرسووڕمان ئەوەیە، پاکێک هەڵکەوێتا ئەوە واتای یەکەم.

واتای دوەم: کاتێ بەرپرسێکی گەندەڵ دەزگاکەی بەجێدێڵێت، کارمەندەکانی حەوت بەرد بەدوویدا هەڵئەدەن، یا هیچ نەبێت لەژێر چاکەتەکانیانەوە چەمۆڵەیەکی لێدەنین، کەچی نەک هەر کارمەندەکانی دیوان، بەڵکو پێنووسە ئازادەکانیش یەکی جامێک ئاویان بەدووی سەرۆکە پاکەکەدا هەڵدا بەهیوای ئەوەی هەر ئەو، یا سوارچاکێکی وەک ئەو بگەڕێتەوەو ئێستا چاوەڕوانن بزانن ئەم نەریتی ئاوهەڵدانە وەک جاران ئەنجامدار دەبێ، یا ئەو تروسکەیەش نامینێت؟

واتای سێیەم: بەرپرسە ڕووتاریکەکان هەوڵی بێهوودە دەدەن بە چراخانی کۆشکو تەلارو پرۆژە گەورە گەورەکانیان ڕووی تاریکی خۆیان ڕووناک بکەنەوە، بەڵام بەرپرسو کارمەندەکانی دیوان بە بنە مۆمێک قاسە دزراوو نارەواکانی ئەوان لە تاریکیدا دەهێننە دەرێ.

واتای چوارەم: سام، بە کردەوە سەلماندی ئاغایەتییەکەی بریتییە لەوەی بەرامبەر مەترسییەکان ریزی پێشەوە بگرێو بۆ خێرو بەرەکەتەکانیش لەدواوە بووەستێ.

واتای پینجەم: لە نامەی مالئاواییەکەیدا دەڵێت: ئەگەر کار بە ڕاپۆرتەکانی چاودێریی بکرایە، ئەوا دنیا بۆ گەندەڵکاران بەمجۆرەی ئێستا تەخت نەدەبوو، ئەوکاتە دەمانتوانی کومەڵگەیەکی مەدەنی بخولقێنین کە یاساو لیپرسینەوە بالادەسبێت تیایدا..

ئەم وتە ترسناکانە لە سەرۆکی دزگاپەکی وەک چاودێرییەوە جیاوازە لە قسەی گشتیی نارەسمیی خەڵکی، وتەکانی ئەم نامەیە گومان لەوەدا ناهێڵێ، کە:

أ- کار بە ڕاپۆرتەکانی دیوان نەکراوە.

ب- ئەشێ هەر لە سەرەتـاوە دیـوان بۆ خۆڵکردنە چاو بووبێت.

ت- زەوی بۆ گەندەڵکاران تەختە.

پ- کۆمەڵگەی شارستانی ناوی بێ ناوەڕۆکە.

ج- یاسا بالادەست نییە.

ح- دەستی لێپرسینەوە کورتە.

واتای شەشەم: لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، هێشتا ورە بەرزەو هیوا بەهێزە بۆ دەستی جەماوەرو چنگی مێژوو.

ئەنجام

کە ئاو لە سەرچاوەوە لێلبوو، بە چاودێریی بێ دەسەڵاتو نەزاهەی ڕووکەشو دادوەریی بێ پشت، ڕووننناکرێتەوە.

مالئاوا دۆستی هەمووان

حەمەجەزا، بۆت نەگریام

هەرگیز ئەو بەیانییە سپییەی هاوینی (١٩٨٣)م لەبیر ناچێت کە بروسکەئاسا، هەواڵی ئەوەیان پێداین کە حەمەجەزا لە شەڕێکدا شەهید بووە، ئەو ڕۆژە، لەبەیانییەوە تا ئێوارە، بۆت گریام، بەڵام خوا خێری شەهید سامان بنووسێت کە لای ئێوارە هاتو پێیوتین: حەمەجەزا، ساغو سەلامەتەو ئەو هەواڵە ڕاست نییە.

کاکە حەمە، هەرچەندە ساڵی (١٩٨٣) بەشە فرمێسکی من بۆ تۆ هەمووی ڕژا، بەڵام ئەمجارەش کاتێک لەم دەمەوبەیانە پایزییەدا، بەڕاستی هەواڵی ئاوابوونی خۆری تەمەنتم بیست، دیسان گریام، بەڵام ئەمجارەیان بۆ تۆ نا، بەڵکو بۆ ئەو (شێرکۆ کەساسو بێباوکانە) گریام کە تۆ ئەتلاواندنەوەو گۆرانیت بۆ دەوتنو لەجیاتی ئەوان خەونت بەو ڕۆژەوە دەدی کە وڵاتەکەیان ڕزگاربێت، تا ئەوانیش هەناسەیەکی شادمانی تێدا هەڵمژن، بەڵام جەخار، وا کوردستانیش ڕزگار بوو، کەچی ئێستاش (شێرکۆکان) هەلوەدای تیکەنانێکی ئاسوودەن.

کاکە حەمە، ئەمجارە بۆ هەموو ئەو (نازەنینە کوردە چارشێوەدارو پەرییانە) گریام کە تۆ تێدەکۆشای ڕۆژێک دابێت، چارشێوەکانیان فڕێ بدەنو وەکو مرۆڤ بژین، کەچی ساڵ هاتو ساڵ ڕۆی، تۆو سەدانی وەک تۆش بەو دەردەوە سەریان نایەوە، کەچی (پەریو نازەنینەکان) لەجاران کۆیلەترن، ئەگەر جاران کۆیلەی دەستی باب و برا بووبن، ئەی ئێستا کۆیلەی دەستی کێن؟

کاکە حەمە، ئەمجارەش کاتێک هەواڵی مالئاوایتم بیست، فرمێسکی زۆرم ڕشت، بۆ ئەو (منداڵانەی بەدوای باوکیاندا دەگریانو دەیانوت: بابە مەڕۆ بۆ جێمان دێلی)، کەچی باوکیان گوێی بە ناڵەو ئازارەکانیان نەدەداو لەپێناو کوردایەتیو گرتنە باوەشی خەمی ئەم وڵاتەدا، ملی ڕێگەی هاتو نەهاتی دەگرتەبەر، بەڵام ئێستاش وڵات خەمەکانی لە جاران گەورەترە.

کاکە حەمە، پڕ بەدڵ بۆ ئەو (پێشمەرگانە) گریام کە ناوە پیروزەکەیان وێردی سەرزمان بوو، بۆ ئەو تێکۆشەرانە گریام کە (پەتی سێدارەیان دەکردە گەردن)، بۆ ئەوانەی لەپێناو ئازادییدا، گەڵای تەمەنی گەنجییان هەڵوەری، ئێستاش دوای (٢٠)ساڵ لە ڕزگاریی، کەچی ئازادیی هەر سەرەتاتکێمان لەگەڵدا دەکات، هەندێکجاریش دەسەڵاتداران بەمنەتەوە پێمانی دەفرۆشنو ئێستاش وەکو بارمتە لای خۆیان گلیان داوەتەوەو مامەڵەی پێوە دەکەن.

کاکە حەمە، ئەو کوردستانەی تۆ خەباتت بۆ دەکرد لە پێناویدا لەسەر شانۆ، لە شاخەکان ڕووبەڕووی بەعس دەبوویتەوە، لێوانلێوە لە چەوساندنەوە، ناعەدالەتیی، لە بەکۆیلەکردنو سەرکوتکاریی.

پڕاوپڕە لە گەندەڵیی، لە لوشدانی خێروبێری سەر زەویو ژێرزەوی، لە واسیتەو بەرتیلخۆریی، لە خزمخزمینەو ماستاوکردنو ئەو کوردستانە نییە، تۆ لە قەندیل دەستو پێیەکانت لەپێناو ڕزگارکردنیدا سەرما دەیتەزاند.

ئەو کوردستانەی بۆ ئازادیی خاکو مرۆڤەکانی، گۆرانیت بۆ دەچڕی، بووەتە بەندیخانەیەکی گەورە، تەنها ئەوانە ئازادن کە سڵاوات لە دەوری سەری دەسەڵات لێدەدەنو پیاوی دەرباری پاشان.

کاکە حەمە، ئەمجارە بۆت نەگریام، بەڵام بەبیانووی تۆوە، بۆ بست بەبستی کوردستان گریام کە لێیان کردووین بە دۆزەخو زۆربەمان بە ئومێدی ئەو ڕۆژەین کە وەکو تۆ سەر بنێینەوەو ئاسوودە بین.

دەزانم، لە مەرگی خۆت ئاسوودەیت، چونکە هەرگیز لە مەرگ نەترساوی، بەڵام دەزانم حەزت نەدەکرد، وا زوو بڕۆی، بە ئومێدی ئەوە بووی، چۆن ڕزگاریی کوردستانت بە چاو بینی، دەتویست ئاواش ئەو ڕۆژە ببینی کە وڵات ئاسوودەو ئاوەدان بێت، بەڵام ئەوە تەنها ئومێدێکەو ڕەنگە زۆری تریش بیبەنە ژێر گڵ.

مەهدی ئەبوبەکر